# پەڕاوی ١

ژنەفتن

# ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری



پەڕاوی یەکەم

# ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری

ئامادەکردنی: ماڵپەڕی ژنەفتن

# ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری

ئامادەکردنی: ماڵپەڕی ژنەفتن

پەڕاوی ژنەفتن
jineftin.krd

ناونیشان: ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری

ئامادەکردنی: ژنەفتن

بابەت: تەوەری ئەدەبی و هونەری

دیزاینی: گەیلان عەبدولڵا

مێژووی بڵاوکردنەوە : هەولێر، شوباتی ٢٠٢١

چاپی یەکەم: ئلیکترۆنی

١٥٠ لاپەڕە

Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.

بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

# پێرست

**دەستپێك**..........................................................٨

**لە (ڕەخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕەخنە چییە)** –

کاروان عومەر کاکەسوور......................................١٠

ڕەخنە، **خوێندەوە، تیۆر** - سمکۆ محەمەد..............................٥٢

**ڕەخنەی ئەدەبی: چەند تێڕامانی خێرا** - هاشم ئەحمەدزادە؛..............٦٦

**ڕەخنەی داهێنەر، ڕەخنەی خەسێنەر** - محەمەد موەفەقی...............٧٦

**داهێنانی تێکست لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا** –
هەرێم عوسمان..........................................................٨٤

**لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە** - محەمەد تاتانی..............................٩٣

**زانستی ڕەخنە** - بەختیار عەلی........................................١٠٢

**تیۆری خوێندنەوە و ئێستاتیکای وەرگر** - دلێر محەمەد...............١١١

**بەسەرکردنەوەیەکی خێرای مێژووی شێوەکاری لە کوردستان لە نێوان ڕەخنە و هونەری شێوەکاریدا** - زامۆئا داراغا.......................١٢٢

**پیاچوونەوە بە پرسیاری ئامادەبوون لە ڕەخنەی شانۆییدا** –
نیهاد جامی........................................................١٤٤

**ڕەخنە لە کوێی موزیکی کوردیدایە؟** - توانا حەمە......................١٤٨

## دەستپێك:

ماڵپەڕی ژنەفتن ئەم پرســیارەی لەگەڵ تێبینییەکدا بۆ چەند نووســەر و هونەرمەند ناردووە (کە تایبەتە بە تەوەری ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری)، کە یانزە نووسـەر و هونەرمەند بە وتار وەڵامیان داوەتەوە و لەم پەڕاوەدا هەر یانزە وتارەکە بڵاوکراوەتەوە:

**پرسیار:** وا دەردەکەوێ کە هەمووان کۆک بن لەسەر ئەوەی کە نەبوونی ڕەخنە (کریتیک)ی ئەدەبی و هونەری دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی دەقی ئەدەبی و بەرهەمی هونەری. بۆیە یەکسەر بپرسین، ئاخۆ ئێمە ڕەخنەمان هەیە؟ ئەگەر هەیە لە چ ئاســتێک دایە؟ ئاخۆ پێ بە پێی دەق و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان چووەتە پێشــەوە؟ ئەگەر لە ئاستێک دایە کە وەک نەبوون بدرێتە قەڵەم، ئەو قەیرانانەی لە نەبوونی ڕەخنەدا هاتوونەتە ئارا چین؟ ئەی ڕەخنەگر (یـان ڕەخنەدۆز)مـان هەن؟ بە چ دەقێـک دەوترێ ڕەخنە و بە کێ دەڵێن ڕەخنەگر (ڕەخنەدۆز)؟
پێتان وانییە کە کێشــەیەکی گەورەترمان هەیە، ئەویش جگە لە نەناســینی تیۆرە ئەدەبییە ڕۆژئاواییەکان، خۆمان هیچ دەستێکیشمان لە بەرهەمهێنانی تیۆری ئەدەبی و هونەریدا نییە؟

ئایا ئەو ڕانان و نووسینانەی لەسەر دەقە ئەدەبی و بەرهەمە هونەرییەکان دەنووســرێن، دەچنە چوارچێوەی ڕەخنەوە؟ پێوەنــدیــان لەگەڵ دەقی ڕەخنەییدا چییە؟ ئەدی پێوەندی ڕاڤەکردنی دەق و ڕەخنە، خوێندنەوەی دەق و ڕەخنە چییە؟

**تێبینی:**

مەرج نییە وەڵامی کۆی پرسـیارەکە بدەنەوە. بەڵکو دەتوانن سـەرنجتان لەسەر ئەو بەشە لە پرسیارەکە قووڵ بکەنەوە، کە لاتان وایە شایەنی قسە لەسەر کردنە.
دەتوانن وەڵامەکەتـان وەک وتـارێکی سـەربەخۆ و بە نـاونیشـانێکی سەربەخۆ بێت، (هەڵبەت پێوەندی بە پرسیارەکەوە هەبێت).
ئەم پرسیارە بۆ چەندین نووسەر و هونەرمەند دەنێردرێت و وەڵامی هەر کەسێک وەک وتارێکی سـەربەخۆ لە بەشـی تەوەری (ئەدەبی)، یان گەر هونەری بوو لە بەشی هونەری بڵاو دەکرێتەوە.
وەڵام یـان وتـارەکەتـان لە ٥٠٠ وشـە کەمتر نەبێت. بەڵام درێژییەکەی دەتوانن تا ئاستی توێژینەوەیەکیش بێت.
*رەخنەدۆزم لە کاروان کاکەسوور وەرگرتووە.

# لە (ڕەخنەگر کێیە)وە بۆ (ڕەخنە چییە)

کاروان عومەر کاکەسوور

رۆماننووس و رەخنەگر



لانی کەم لە ئەدەبی ڕوانگەوە تا ئەمڕۆ، هەر جارێ پرسیار لەبارەی چەمکی ڕەخنەوە دەکرێت، چەند گوتەیەک هەن، خێرا لە دەمی هەندێک نووسەرەوە دەردەچن، کە گەلێجار بەپێی ژمارەیش ڕیزبەند دەکرێن. دەتوانم بڵێم ئەمانەن: نەبوونی هۆشیارییەکی گەورە، هەبوونی هەستی شارچێتی و ناوچەگەری، دابەشبوونی نووسەران بەسەر ئایدیۆلۆجیای جیاوازدا، زاڵبوونی فیکری دۆگماییانەی نووسەر و هیی دیکەی لەم بابەتە. گوتنەوەی ئەو گوتانە لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا پێوەندیی بەو تێگەیشتنەوە هەیە، کە هەر لە سەرەتاوە بە سادەیی سەری هەڵداوە و بەردەوام درێژەی پێ دراوە. بە مانایەکی تر، ئەو پێناسەیەی بۆ چەمکی ڕەخنە کراوە، لە وەسفەوە هاتووە، نەوەک لە قووڵبوونەوەوە. بەوەدا لای ئێمە تا ئەم ساتەیش وەسف شوێنی ڕەخنەی گرتووەتەوە، ئەوە بە ناچاری دەبێت هەردوو چەمکەکە پێکەوە باس بکرێن، بگرە دەڵێم کاتێ چەمکی وەسف بە لاوە دەنێین و وردی ناکەینەوە، دیسان درێژە بە هەمان تێگەیشتن دەدەینەوە. پێشتریش لە بەرهەمەکانمدا کەموزۆر خۆم لە قەرەی ئەو باسە داوە، بەڵام ئێستا پرسیارەکانی ئێوە هەلی ترم بۆ دەڕەخسێنن، تا لە گۆشەی دیکەیشەوە لێی بڕوانم. گرنگە هەر لە سەرەتایشەوە ئەوە بڵێم، کە ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانتان دەداتەوە، نووسەری ئەدەبی گێڕانەوەیە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕەخنەی نەکردووەتە بابەتی سەرەکیی خۆی. هەر جارێ وشەی (ڕەخنەگر)یش بە کار دەهێنم، مەبەستم لەو ڕەخنەگرە میللییەیە، بە پێوەری (چاکە و خراپە) کار

دەکات و بەپێی ڕوانینی خۆی نووسەران دەخاتە یەکێ لەو دوو خانەیەوە، کە لای من لە (ڕەخنەدۆز) جودایە، بەوەی ئەوەی دواییان هەوڵی لێکدانەوەی تێکست دەدات. لە ڕێی دایەلۆگ لەگەڵ فیکری ڕەخنەییی دەرەوەی خۆیدا بووەتە خاوەنی دیدگەی ڕەخنەیی و ئەو هۆشیارییەی بەردەوام بە دەستی دەهێنێت، لە ڕێگەی خوێندنەوەی تێکستەکانەوە دەیسووتێنێت، بەو مەبەستەی شتی نوێیان لێ بەرهەم بهێنێت. ماوەتەوە بڵێم مەبەستم لە چەمکی وەسف ئەوە نییە، کە لە ئەدەب، بە تایبەتی لە ئەدەبی گێڕانەوە لە پاڵ چەمکی (گێڕانەوە)دا بە کار دێت، بەڵکوو مەبەستم ئەو وەسفەیە، کە سەرچاوەکەی پێوەری (چاکە و خراپە)یە. واتە ئەو ڕەخنەگرە هەموو شتێک بەو پێوەرە دەخوێنێتەوە و وەسفی دەکات، چ کاتێک بەرهەمی ئەدەبی دەنووسێت و چ کاتێ لەبارەی بەرهەمی ئەدەبییەوە دەدوێت، تەنانەت لە ئەدەبی نوێدا وەسف ئەو هێزەی جارانی نەماوە، بەوەی وەسف نەجووڵانە و جووڵەی گێڕانەوە ڕادەگرێت. بۆ نموونە وەسف لای (ئالان ڕۆب گریێ) تەواو لە وەسفی (بەلزاک) و (فلۆبێر) جیاوازە.

هەر خودی ئەو دابەشکارییە، واتە ئەوەی کێ خاوەنی هۆشیاریی گەورەیە و کێ لێی بێبەشە؟ کێ شارچێتی دەکات و کێ نایکات؟ کێ دۆگماتیستە و کێ دۆگماتیست نییە؟ پێوەندیی بەو سیستەمی وەسفییەوە هەیە، کە هەمیشە چەمکەکان ئاسان دەکاتەوە و دەیانخاتە ئاستی زمانی میللییەوە، تا ئەنجامێکی ڕوون بە دەست بهێنێت.

لە ئەدەبی ڕوانگەوە تا ئەمڕۆ، (ڕەخنە) کراوەتە هاوواتای (هەڵسەنگاندن). هەڵسەنگاندن بریتییە لە گۆڕینی نووسەر لە

سەبجەیکتەوە بۆ ئۆبجەیکت. واتە نووسەر بە هۆی بەرهەمەکەیەوە دەکرێتە بابەتێک بۆ هەڵسەنگاندن. هەموو تواناکانی لێ دەسەنرێنەوە و لەم ساتەوە خاوەنی زمان نییە. ئەوەی بڕیاری لەسەر دەدات، ڕەخنەگرە. ئەو ڕەخنەگرە ڕەوایەتیی خۆی لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێڵ، حیزب، دامودەستگەی کەلتووری و شتی هاوشێوەی ئەمانە وەردەگرێت. هەتا پایەی کۆمەڵایەتیی ئەو ڕەخنەگرە بەرزتر بێت، زیاتر مافی ئەوە بە خۆی دەدات، بگرە مافی پێ دەدرێت وەک هەڵسەنگێنەر نەک هەر تێکست، بەڵکوو نووسەریش لە شوێنی تێکستەکەی هەڵبسەنگێنێت. بە مانایەکی دیکە، دادگاییی بکات. ئەمە بە دەربڕینی (پیر بۆردیۆ) بووەتە (هەبیتووس) و بەشێکی زۆری نووسەران، لە شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووس وا لایان چەسپیوە، کە ڕەخنە بریتییە لەوەی ئەوان بنووسن و وەک دەفتەری تاقیکردنەوەی قوتابخانە بیاندەنە ڕەخنەگر، تا هەڵیانبسەنگێنێت، ئاخۆ چەندیان پێ دەدات! کاتێ لای ئەو ڕەخنەگرە نمرەی بەرز دەهێنن، خۆیان لێ دەبێتە داهێنەر و پەلاماری هەر نووسەرێکی تر دەدەن، کە هەمان ڕەخنەگر نمرەی نزمی بۆ داناوە. فیلۆسۆفانی ئێکزێستەنشالیزم شەڕی گەورەیان لە دژی ئەو تێگەیشتنەدا کردووە، کە مرۆڤ بۆ بابەت دەگۆڕێت، چونکە هەر کاتێ دەکرێتە بابەت، ئەوە وەک شت، نەک وەک بوون حیسابی لەگەڵدا دەکرێت. لە ماوەی ئەو پەنجا ساڵەدا کۆمەڵێک ڕێبازی ڕەخنەیی هاتوون و بە شێوازی خۆیان چەمکی ڕەخنەیان لێک داوەتەوە، کەچی ئەو تێگەیشتنەی لەگەڵ بەیانی

یانزدەی ئاداری حەفتادا لەلایەن هەندێک ڕەخنەگری سادەوە سەری هەڵداوە، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بگرە لە ڕێگەی وەسفەوە تۆختر کراوەتەوە، کە لە میانەی وەڵامەکەمدا لەسەری دەوەستم. ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم بە گشتی جووڵەی ڕەخنەی حەفتاکان و هەشتاکان لە ڕەخنەی نەوەدەکانەوە بۆ ئەمڕۆ گەورەتر بوو، کە نووسەرانی ئەودەم بە هەموو سادەییی خۆیان نەک دڵی زۆرینەیان ڕازی نەدەکرد، بەڵکوو ئەو زۆرینەیەیان دەتۆراند، پێچەوانەی ڕەخنەی ئەو سی ساڵەی ڕابردوو، کە تا هاتووە زیاتر سیمای کۆمپرۆمایەسانەی بە خۆیەوە گرتووە، بەو مانایەی ڕەخنەگران ویستوویانە بە هەموو ڕێگەیەک سۆزی ئەو زۆرینەیە بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، بۆیە خزاونەتە ناو ئەو دوو بوارەی زۆرینەی تێدان، بواری ئایینیی فەرمی و سیاسەت. هەر کاتێ مایکرۆفۆنی ئۆپۆزیسۆن هێزی لە دەست داوە، بۆ ناو مێدیای حیزبەکانی دەستەڵات گەڕاونەتەوە. من ئەو ڕەخنەگرەم بە جاگلەر چوواندووە، کە جاگلەر کەسێکە لە هونەری هەڵدان و گرتنەوەی شتدا شارەزایە. دەتوانێت بە جارێ چەند شتێک هەڵبدات و بیانگرێتەوە. واتە ئەوەی لێرەدا گرنگە هەڵدانی شتە، نەوەک خودی شتەکە، بۆیە گۆڕینی سێوێک بە بەردێک، یان دانانی کەروێشکێک لە شوێنی تۆپێکدا، هیچ لە پرۆسەسی هەڵدانەکە ناگۆڕێت، تەنانەت بایەخی شوێنیش لەوەدایە، چەند جەماوەری تەماشاکەر لە خۆی دەگرێت. لای جاگلەر گرنگە لە ڕێی جاگلینگەوە خۆی پێشانی زۆرترین کەس بدات. ڕێک دەکەوێت ڕەخنەگرێک لە ماوەی ساڵێکدا مێدیای چوار پێنج حیزب بگۆڕێت و بەپێی دۆخەکە قسەکانی بکات.

هەر لێرەدا پێویستە بزانیت مەبەستم لە ڕەخنە، فیکری ڕەخنەییە. واتە چ ئەوەی لە شێوەی شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و هیی ترەوە دەردەبڕڕێت، چ ئەوەی لە شێوەی خوێندنەوەی تێکستەوە دەنووسرێت. دواتر لەسەر ئەوە دەوەستم، کە ڕەخنەی ئەدەبی لە فیکری ڕەخنەییەوە دەست پێ دەکات، بۆیە شاعیر، چیرۆکنووس، ڕۆماننووس و ئەوانەی تریش وەک ڕەخنەدۆز کاری ڕەخنەیی دەکەن.

بەوەدا ڕەخنە بووەتە هاوواتای هەڵسەنگاندن، پرۆسەی نووسین ئاسان کراوەتەوە، کە هەر یەکێ لەو ڕەخنەگرانە دەتوانێت هەر بابەتێکی بێتە بەر دەم، وەسفی بکات. چاکە، یان خراپ؟ ڕەخنەگر (مەبەستم هەم نووسەری ئەدەبی و هەم هەڵسەنگێنەری تێکستی ئەدەبییە)، بە زیادبوونی ژمارەی بەرهەمەکانی، پایەی کۆمەڵایەتیی بۆ سەرەوە هەڵدەکشێت، کە بە گشتی دامودەستگە چاپەمەنییەکان، چ هیی حیزبی و چ هیی ناحیزبی بایەخی پتری پێ دەدەن. ژۆرنالیستی حیزبی و ناحیزبی بە گشتی لە کەناڵەکاندا دەکەونە پێداهەڵگوتنی، کە ئەو ڕەواجپێدانە بە (بەڵگەی کۆمەڵایەتی: Social Proof) ناسراوە. واتە فیکری ئەو نووسەرە جەماوەرییە دەبرێتە ئاستی مارکێتینگەوە و خەڵک زیاتر ناچار دەکرێت بەرهەمەکانی بکڕن، بگرە گۆرانیی بەسەردا هەڵبڵێن. واتە دەیانەوێت هێزێکی کۆمەڵایەتیی بۆ مسۆگەر بکەن، تا زیاتر ڕەوایەتی پەیدا بکات و بڵێن جەماوەر گەواهیی داوە ئەو بەرهەمە چاکە. لێرەدا مەرجە فیکری ئەو نووسەرەی ڕەواجی پێ دەدرێت، لە هیی جەماوەرەوە نزیک بێت، بگرە هەر هەمان شت

بێت، دەنا ئەو پرۆسەسە سەر ناگرێت. بۆ نموونە ناکرێت ڕۆمانێکی (گوینتەر گراس)، یان یەکێکی (هێرتا میولەر)، یان کتێبێکی تیۆریی (پۆول ڕیکۆر) بخەیتە ناو ئەو پرۆسەسەوە، چونکە ئاستی زمانیان لە ئاستی زمانی جەماوەردا نییە. پێشتر لە بابەتی زۆرینە و کەمینەوە دواین، کە بووەتە پێوەری داهێنان. پێت دەڵێن ئەگەر ئەو نووسەرەی ئێمە گەلێ گەورە نییە، چۆن ئەو هەموو خەڵکە دەیناسن؟ ئایا هەر ئەو هەموو خەڵکە بۆ نموونە نەک هەر فیلۆسۆفێکی وەک (جۆرج باتای) دەناسن، بەڵکوو ناویشیان بیستووە؟ ئایا ئەوە هەڵەیەکی لۆژیکی نییە، کە بە (جەختکردنەوەی لایەنگرانە: Confirmation Bias) ناسراوە؟ واتە هەڵبژاردنی ئەو نووسەرە گەورەیە لەلایەن جەماوەرەوە، پێوەندیی بەوەوە نییە، کە هاوزمان، هاوشار، هاوخوێن، هاوبیر و هاودەردیانە، بگرە لە ئاستی تێگەیشتنی ئەواندا دەنووسێت؟ ئایا هەر بە ڕاستی ئەوانە بە دوای نووسەری داهێنەردا دەگەڕێن؟ هەر ئەوانە نین سیاسەتمەدارەکانیشیان بە هەمان پێوەر وەک ڕزگارکەر هەڵبژاردووە؟

ئەو تێگەیشتنە باوە وای کردووە بەشێکی زۆری نووسەرانمان وا بزانن، بگرە باوەڕیان وا بێت، ڕەخنە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، کە بەرهەمەکەیان بڵاو دەکەنەوە و دەکەوێتە بەر دەستی ڕەخنەگرەوە. ئێمە پێویستە بەم پرسیارە ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە ببینەوە، کە پەنجا مۆمی تەمەنی کوژاندووەتەوە: (ڕەخنە کەی دەست پێ دەکات؟). ئەم پرسیارە لانی کەم پرسیارێکی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت: (ڕەخنە چییە؟)، نەوەک (ڕەخنەگر کێیە؟). ئەو دوو پرسیارە

بەسەرماندا دەسەپێنن پشت لەو تێگەیشتنە بکەین، هەتا ئەگەر ئێستا نەتوانین هیچ شتێکی نوێیش بڵێین. لەگەڵ ئەوەیشدا من خۆم هەوڵ دەدەم لەو بارەیەوە هەندێک شت بۆ تۆ هەر دەرببڕم. لە بەرهەمەکانی پێشوویشمدا هەوڵی وەڵامدانەوەی، دروستتر بڵێم هەوڵی قووڵکردنەوەی ئەو پرسیارانەم داوە، بە تایبەتی لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)دا، بەڵام وەک گوتم ئەمەیش دەرفەتێکی ترە بۆ قووڵکردنەوەی بۆچوونەکانم.

پێم وایە ڕەخنە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، کە جیاواز بیر دەکەینەوە، نەوەک کاتێ دەنووسین، بەوەی ڕەخنە لەناو زماندایە، نەوەک لە دەرەوەیدا. نووسین کاتێ دەتوانێت جیاوازی لە خۆی بگرێت، کە بیرۆکەی جیاوازی بەر دەکەوێت. (ڕۆلان بارت) لە کتێبی (پلەی سفری نووسین)دا وا پێناسەی ئەو نووسینە دەکات، کە لە کۆت و (پێوەند)ی سەرجەم بۆچوون و باوەڕە باوەکان ڕزگاری بووە. بە مانایەکی تر، بووەتە تاک. مرۆڤی تاک بە سروشتی خۆی ڕەخنەدۆزە، ئینجا بنووسێت، یان نەنووسێت، چونکە تەنیا لە ڕێگەی ڕەخنەوە تاک دروست دەبێت، بەوەی لەو ڕێگەیەوە خۆی لە فیکری کۆمەڵگە جودا دەکاتەوە. مرۆڤ کاتێ وەک تاک خۆی دادەمەزرێنێت، لە پرۆسەسێکی ڕەخنەییدایە. ئەو تاکە دەبێتە سەرچاوەیەکی، یان جیهانێکی سەربەخۆ بۆ زمان، کە نووسین یەکێکە لە کەناڵەکانی زمان. گرنگیی نووسین لەوەدایە، کە زمان هەیە و شتی بۆ گوتن پێیە. (هایدیگەر) لە کتێبی (سەرچاوەی کاری هونەری)دا دەڵێت

(بوون بە هۆی زمانەوە لە ڕێگەی مرۆڤەوە دەدوێت. مرۆڤ بە زمان نادوێت، بەڵکوو ئەوە زمانە دەیدوێنێت). ئەو تاکە زمانی خۆی هەیە بەر لەوەی یەک دێڕی نووسیبێت، بەڵام کاتێ ڕوو لە بواری هونەر، یان ئەدەب، یان لە هەر بوارێکی تر دەکات، وەک ڕەخنەدۆز دێتە ناوی، نەوەک بە پێچەوانەوە. زۆرن ئەوانەی دوای نووسینی کۆمەڵێک کتێبی ڕەخنەیی، هێشتا نەبوونەتە ڕەخنەدۆز. لەبەر ئەوەیشە پرسیاری (ڕەخنە چییە؟)، نەوەک (ڕەخنەگر کێیە؟) وامان لێ دەکات گومان لە هەموو ئەو ڕەخنەگرانەی پەنجا ساڵی ڕابردوو بکەین، بگرە خودی چەمکەکە، واتە چەمکی (ڕەخنەگر) بخەینە ژێر گومانی گەورەوە. هەروەها بۆ چەمکی (ڕەخنە) بگەڕێینەوە و بە شێوەی جیاواز لە پێشوو لێکی بدەینەوە. تا ئێستا (ڕەخنەگر) لە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست بووە و بەو گوتانەی چ بە شێوەی زارەکی و چ بە نووسین دەربڕیون، گوتراوە (ڕەخنە). واتە ئەو (ڕەخنەگر)ـە بە پاڵپشتی دامودەستگە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێڵ، حیزب، ئەنجوومەنی پیاوماقووڵانی شار و هیی دیکە بووەتە ناوێک و گوتەکانی وەک (ڕەخنە) وەرگیراون، بەڵام کاتێ ئاڕاستەکە پێچەوانەوە دەکەینەوە و ئەمجارە لە (ڕەخنە)وە هەنگاو دەنێین، ئەوە دەبینین زمانی مرۆڤی تاکە و ئەوەی پێوەی خەریکە، (ڕەخنەدۆز)ـە، کە نەک هەر پشتیوانیی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بە دەست ناهێنێت، بەڵکوو دەکەوێتە بەر شاڵاویشیان، بەوەی ئاڕاستەیە بۆ تێگەیشتنی ئەوان، تا پایەکانیان تێک بشکێنێت و کەناڵی دیکەی جیاواز لەو تێکشکاندنەدا بکاتەوە. دواتر لەسەر ئەوە دەوەستین، کە ڕەخنە دەنگی

(تاک)ـــــــە بۆ ڕووبەڕووبوونەی (کۆ)، پێچەوانەی (ڕەخنەگر)، کە مەبەست (ڕەخنەگری میلـلییە) دەنگی (کۆ)یە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و ســـەرکوتکردنی ئـارەزووی (تـاک). (ڕەخنەگر) هەمیشـــە زۆرینە پەســـەندی کردووە. نووســـەرە دیارەکانمان ڕەخنەگری ناســـراون و ژمـارەیەکی زۆر خوێنەریـان هەن، کتێبەکـانیـان بەر لەوەی چـاپ بکرێن، دەبنە مایەی خۆشـــحاڵیی بۆ زۆرینە، لە کاتێکدا (ڕەخنەدۆز) هەتا ئەگەر بیشـناسـرێت، خاوەنی خوێنەری کەمە. (مێشـێل فۆکۆ) و (ژیـل دولووز: Gilles Deleuze) لەنـاو فرەنســـــادا هێنـدەی نووسـەرێکی سادەنووس خوێنەریان نەبووە. خوێنەری ئێمە بە گشـتی (پاولۆ کۆیلۆ)ی ناسـیوە، بەڵام ئایا شـتێکی ئەوتۆ لەبارەی (ئومبێرتۆ ئیکۆ)وە دەزانێت؟ لە کـاتێکدا هەم ڕۆمـاننووســـێکی داهێنەر و هەم ڕەخنەدۆزێکی قووڵیشـە. ئێسـتا ئەم پرسـیارە خۆی دەسـەپێنێت: ئایا ڕەخنەگرمان دەوێت، یان ڕەخنە؟ ئێمە فۆکەسمان لەسەر ڕەخنەیە، کە گوترا ڕەخنە دەنگی تـاکە. ئەو تـاکە وەک ڕەخنەدۆز هـاتووەتە نـاو بواری نووسینەوە، چونکە تینووی دەربڕینی خۆیەتی، نەوەک بیەوێت لاسـاییی بەرهەمی ئەوانەی تر بکاتەوە. تاک هەر بە سـروشـتی خۆی لاساییکەرەوە نییە، چونکە ئازارەکانی خۆی دەردەبڕێت، نەوەک هیی ئەوانەی تر. بە دەربڕینی (نیتشـــە) دروســـتبوونی ئەو تاکە پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە وەک چۆن منداڵ خۆی لە شـــیری دایک دەبڕێتەوە، ئـاوا خۆی لە شـــیری مژدەدەرەکـان بڕیوەتەوە و متمـانەی بە هیچ هێزێکی دەرەوەی نییە. هیچ دامودەستگەیەکی کۆمەڵایەتی لە چەشـنی

خێزان، قوتابخانە، حیزب، پەرســـتگە و هیی تر هەڵیناســـووڕێنن. دەگەینە ئەوەی بڵێین ڕەخنە ئەو ڕەگەزەیە، کە جوداکردنەوەی لە تاک مەحاڵە، بەوەی ئەو تاکە هەمیشــە لە دڵەڕاوکێدایە، کە وەک (سـۆرێن کیەرکەگۆرد)ی فیلۆسۆف ئەو دڵەڕاوکێیە بە جەوهەری ئازادیی تاک دەزانێت. بۆچی دڵەڕاوکێی هەیە؟ چونکە لە بەردەم هەڵبژاردەکـاندا حەپەســـــاوە. بۆچی حەپەســـــاوە؟ چونکە توانـای هەڵبژاردنی هەیە. دڵەڕاوکێ ئەوی خستووەتە بەردەم ئەوەی چی هەڵببژێرێت. هەر بۆیە (کیەرکەگۆرد) پێی وایە مرۆڤی تــاک خۆیی هەڵبژاردووە. ئەو مرۆڤەی لە ڕووی بیرکردنەوەوە خۆی لە کۆمەڵ جودا نەکردووەتەوە، لە پرۆســـەســـی هەڵبژاردن، واتە لەوەی چی هەڵببژێرێت و چی نا، دوورە، مــادام پێشـــتر بۆی هەڵبژێردراوە. ڕەخنەگر (بێگومــان ڕەخنەگری میلـلیم مەبەستە) لە ڕێگەی وەسفەوە بەرگری لەو بەهایانە دەکـات، کە بۆی مـاونەتەوە. مرۆڤی پـابەنـدی کۆمەڵ دەســـتی بە حەقیقەتی چەســـپاوەوە گرتووە، لە کـاتێکدا مرۆڤی تـاک بە دوای حەقیقەتی تردا دەگەڕێـت. لانی کەم لە (نیتشـــە)وە، کە پێی وایە حەقیقەت وەســـتاو نییە، بەڵکوو بەردەوام پێویســـتمان بە حەقیقەتی تر هەیە، گەڕان بە دوای حەقیقەتی نوێ بووەتە ڕەگەزێکی گرنـگ و خۆی خزاندووەتە ناو دنیای فیکری فەلســـەفییەوە، بە ڕادەیەک ئەمە بووەتە جەوهەری فەلســـەفەکانی پۆســـتمۆدێنیزم، کە ڕەخنەدۆزان بە پلەی یەکەم ڕەخنەیان لە سێنترالیزم گرت، بەوەی هەموو ئەو شتانەی بە لاوە ناوە، گوایە لەگەڵ حەقیقەتی زانست و ڕۆشنگەریدا ناگونجێن. (نیتشــە) بە تایبەت لە کتێبی (لە پشـت چاکە و خراپەدا)دا حەقیقەت بە

بت دەچووێنێت، کە دەبێت بە کوتەک لێی بدرێت. پێی وایە ژیان لە پێش حەقیقەتەوەیە، بۆیە پێویســـتە ژیان فەرمانڕەوای حەقیقەت بێت، بڕیــاری هەموو کردار و فیکرێــک بــدات، نەوەک بە پێچەوانەوە. بنەمای حەقیقەت بۆشــە، بەوەی تا ئەو کاتە درێژەی دەبێت، کە سوود بە ژیان دەگەیەنێت. کاتێ حەقیقەت بە ژیانەوە پێوەست دەکەین، ئەوە ئەو حەقیقەتە لە پێناوی خۆیدا حەقیقەتە، نەوەک لە پێناوی شتی تردا، کە ســـوود خۆی دەخزێنێتە ناویەوە. بەم شـــێوەیە هەر شـــتێک، چ مەتێریــاڵی و چ مۆراڵی، بکەوێتە بەر چــاو و بە زمــان بگوترێــت، دەبێتە حەقیقەت، بەڵام حەقیقەتی تەواو نــا. کاتێ چاو کۆمەڵێک بەرد دەبینێــت، زمــان دەڵێــت ئەو هەموو بەردە جوانە! ئــایــا بەردەکــان هەموویان یەک قەبارە، یەک کێش، یەک ڕەنگ و یەک پێکهاتەیان هەیە؟ ئەو بیرۆکانە چەند وردن! ئایا هەموو بیرۆکەکان وەک یەک وان؟ ئایا هەر لەبارەی بەردەکان و بیرۆکەکانەوە پێویستمان بە بینینی تر و گوتنی تریش نییە؟ ئایا ئەو وەســـفانە دروســـتن؟ ئەرێ کاتێ (پرســیار) شــوێنی ئەو (وەســف)ـــــانە دەگرێتەوە، چی ڕوو دەدات؟ حەقیقەتی دوو گوتەکە وەک خۆیــان دەمێننەوە؟ ئەو تێگەیشـــتنە لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەنگی داوەتەوە، کە خاڵی هاوبەشی ڕێبازە ڕەخنەییەکان دۆزینەوەی حەقیقەتی تری مرۆڤ و شتەکانیشە. لێرەوە فرەشـــێواز، فرەدەنگ، فرەڕەهەند، فرەلۆژیک شـــوێنی تاکشـــێواز، تاکدەنگ، تاکڕەهەند، تاکلۆژیکیان گرتەوە. (ژیل دولووز) وەک یەکێ لە ڕەخنەدۆزانی مۆدێرنیزم لە کتێبی (جیــاوازی و دووبــارە:

Difference and Repetition)دا دەنووسـێت ئەمڕۆ مەحاڵە بتوانین کتێبێکی فەلسـەفی بەو شـێوەیە بنووسین، کە کتێبی فەلسـەفیی پێشووی پێ دەنووسرا، بۆیە هەوڵ دەدات فەلسەفەیەک دابمەزرێنێت، دوور لە کۆت و پێوەندی دەسـتەڵاتی ئۆفیشـەڵ. (مارکیز) لە ڕۆمانی (پـاییزی پەیتریـارک)دا دەڵێـت (هەر حەقیقەتێـک حەقیقەتێکی تر دەشـارێتەوە). لە دنیای فرەڕەنگدا هیچ حەقیقەتێک نە تەواوە و نە دەشتوانێت خۆی بگرێت. پرسیار ئەوەیە شێوازی نوێ، یان شێوازی تر لە کوێوە دێن؟ دیسـان بۆ ڕەخنە دەگەڕێینەوە، کە زمانی تاکە، نەوەک هیی کۆ. دیسـان پێ لەسـەر ئەوە دادەگرینەوە، کە هیچ حەقیقەتێک ناتوانێت بمێنێتەوە، تا فۆرمی کۆتایی وەربگرێت. هەر شـێوازێک بەرهەمی قووڵبوونەوەیە لە پرسـیاردا. کەواتە هێشـتا لە دڵەڕاوکێ دوور نەکەوتووینەتەوە، کە وەک گوترا جەوهەری ئازادیی تاکە. تەنیا تاک مێژوو و زمانی هەن، بۆیە هەر ئەویش خاوەنی بەرهەمی جیاوازە، کە لێرەدا شـێواز لە دایک دەبێت. ڕەخنەگر ناوەناوە دەنووسـێت فلان توانیویەتی شـێوازێکی نوێ بهێنێت، بەڵام پێمان ناڵێت ئەو شـێوازە نوێیە لە کوێوە هات، لە کاتێکدا ئەو نووسەرەی، گوایە شێوازی نوێی هێناوە، هەمان بیرکردنەوە و زمانی ئەوانەی تری هەن. لە گوتار و گفتوگۆکانیدا هەمان ئەو گوتانە دەڵێتەوە، کە لەم پەنجا سـاڵەی ڕابردوودا بەردەوام گوتراون. خەمی یەکەمی ئەوەیە بەرهەمەکانی بگەنە جەماوەر و زۆرترین کەس بیانخوێننەوە، بگرە نەیانخوێننەوە، بەڵکوو بگەنە ماڵەکانیان. دەسـتی بەو حەقیقەتەوە گرتووە و لە دژی هەر دەنگێکی دیکەدا دەوەستێتەوە،

کە دەیەوێت تێکی بشـــکێنێت. ئەو ڕەخنەگرە لە ژیان و حەقیقەت، دووەمیـانی هەڵبژاردووە و پەلامـاری هەر جوانییەک دەدات، کە یەکەمیان لە خۆی دەگرێت. شـتێکی سـەیر نییە ئەو ڕەخنەگرە نەبێتە خاوەنی مێتۆدێکی سـەربەخۆ و تۆکمە، تا تێکسـتی پێ بخوێنێتەوە و ڕاڤەی بکات، بەڵکوو هەر جارێ شـــتێک دەڵێت، لەوەی پێشـــووی جودایە، تەنیا لەوەدا وەک یەک وان، کە وەسفن و چەند بڵێی سـادەن. لە هەشـــتاکاندا لەبارەی ڕەخنەی خۆمانەوە دەمانگوت ڕەخنەگر لە چەرچی دەچێت. کاتێ شتێک لە کەسێک دەکڕێت، دەیشکێنێت، بەڵام کاتێ بە کەسـێکی تری دەفرۆشـێتەوە، پێیدا هەڵدەدات. ئەگەر ئەمڕۆ جووتێ پێڵاوی وەرزش بفرۆشێتەوە، باسی سوودی ڕۆیشتن دەکات. سبەی کاتێ کورسـی دەفرۆشـێت، سـوودەکانی دانیشـتن و زیانەکانی ڕۆیشـــتن دەژمێرێـت، بە مەرجێ ئەودەمەی جووتە پێڵاوەکەی کڕیوەتەوە، بە دانیشتنیدا هەڵداوە و ساتێ کورسییەکەی لە ژێر دەستی کڕیار دەرهێناوە، باســـی چاکیی ڕۆیشـــتنی کردووە. وەســـف لەو ڕەخنەگرە بستێنیتەوە، شتێکی وای بۆ گوتن پێ نامێنێت.

لە ئەدەبی ڕوانگەوە تـا ئەمڕۆ، چەمکی (ڕاســـتگۆیی) بە چەمکی (حەقیقەت)ـــەوە گرێ دراوە. هەر جارێ ڕەخنەگر شتێکی نەبووە بۆ گوتن، خێرا پەلاماری ئەو گوتە بەســـتەزمانەی داوە: (ئەدەب دەبێت ڕاستگۆ بێت). لە نووسینی ساڵی حەفتاوە تا نووسینی ساڵی (2016) ئەو ڕستەیەم دەقاودەق خوێندووەتەوە. هەمان شتە، کاتێ قوتابی ناچار دەکرێت دارشـتن بۆ مامۆسـتا بنووسـێت، کۆمەڵێک گوتەی سـواوی

وەک (هەموو لە پێناوی نیشـتماندا گیانمان فیدا دەکەین)، (ئەگەر گوڵ نییت، دڕکیش مەبە!)، (داری ئازادی بە خوێن ئاو دەدرێت) و هیی دیکە بە دوای یەکدا ڕیز دەکات، تا ژمارەی وشـــەکان بگاتە ئەو ئاستەی، مامۆستا دەیەوێت. لانی کەم من جارێک لە ساڵی (2017)دا داوام لە نووســەرێک کردووە لەبارەی ئەو گوتەیەوە چەند دێڕێکم بۆ بنووســێت، بەڵام نەیتوانیوە، ئەگەرچی خۆم پێشــەکی لەو بارەیەوە بۆچوونمم دەربڕیوە. ناتوانێت، چونکوو کۆنســێپتەکە خۆی هەر لەو ڕستە سادەیە پێک هاتووە، کە بەردەوام گوتراوەتەوە و گوتراوەتەوە. وەســفێکە، لە فۆلکلۆر وەرگیراوە و لانی کەم پەنجا ســاڵە نووسـراوەتەوە، بەڵام وەک خۆی ماوەتەوە. دارەبازەیە و لە مزگەوت دانراوە. لە کاتی ناشـتنی مردوودا، دەیهێنن و دوایی بۆ شـوێنی خۆیی دەگەڕێننەوە، چونکە کەسـانی تریش پێویسـتیان پێی دەبێت. دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم بۆ ئەوەی بە چەمکی ڕەخنەدا بچینەوە، هـاوکـات بەســەرماندا دەســەپێت چاو بە چەمکی (حەقیقەت)دا بخشــێنینەوە. (فۆکۆ) لە (سیستەمی چەمک)دا پێی وایە چەمکەکان بە دەستەڵاتەوە پێوەســتن، بگرە هەر خۆیان دەســتەڵاتن، بۆیە بەرهەمهێنانی هەر چەمکێک ملکەچی یاساکانی چاودێری، هەڵبژاردن (Selection) و ڕێکخســتنە. کەواتە پێوەســتە بە ســەرچاوەکانی ئایین، ســیاســەت، کەلتوور، دابونەریت و شتی لەم بابەتەوە. بەم شێوەیە هەر چەمکێک دەیەوێت ببێتە حەقیقەت و بمێنێتەوە. (فۆکۆ) هەر لەو نووســراوەدا دەڵێت چاک دەزانین بۆمان نییە هەموو شــتێک بڵێین و لەبارەی هەر بابەتێکەوە و لە هەر بۆنەیەکدا قسەی خۆمان بکەین، بەوەی بابەتەکان

پیرۆزن. واتە دەبێت گوێ بدرێتە ئەوەی، ئاخۆ ڕیچوەڵی بۆ ســـاز کراوە. هەروەها مافی گوتن لە بەر چاو گیراوە، کە بەم شـــێوەیە قســـەکەر مافێکی تایبەتی گوتنی هەیە. هەموو بۆیان نییە ببنە خاوەنی ئەو مافە. لەمەوە گوتن قەدەغە دەکرێت، بەوەی دەچێتە ناو سیستەمەوە و دەســـتەڵات بە هەموو جۆرەکانیەوە دەســـتی بەســـەردا دەگرێت. بۆ نموونە بۆمان نییە لەبارەی ســێکســوالێتییەوە قســە بکەین. ڕێگەمان نادرێت لەبارەی سیاسەتەوە بدوێین. پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کاتێ خۆمان لەناو چەمکێکی دیاریکراودا قەتیس دەکەین، ئەو میراتە دابەشــکراوەمان لە بەردەمدا قوت دەبێتەوە، کە لەنێوان ڕاســتگۆیی و درۆدایە. لە ڕوواڵەتدا وا خۆی دەنوێنێت نە ســـتەمگەرانەیە و نە بە شێوەی یاساییشە، بەڵام کاتێ لەبارەی ویستی حەقیقەتەوە دەپرسین، یان بە مانایەکی تر، کاتێ لە ڕێگەی چەمکی خۆمانەوە دەپرســـین نموونەی ئەو میراتە شــــاراوەیەی ڕاســـتگۆیی و درۆ لە شـــێوە گشـــتییەکەیدا چییە، ئەودەم دەکەوینە بەردەم ســـیســـتەمی بەلاوەنان. مەبەســتی (فۆکۆ) ئەوەیە چەمکی ڕاســتگۆیی و درۆ بەو کەلتوورەوە پێوەســـــت کراون، کە هەر لە بنەڕەتەوە ئەو دووانەی لێک جودا کردوونەتەوە، بێ ئەوەی بیەوێت، یان ڕێ بدات قســـــەی تریان لێوە بکرێت. ئینجا بە وردی باس لەوە دەکات بۆ نموونە لای یۆنانییەکان ڕاســـتگۆیی چۆن بۆ حەقیقەت گۆڕاوە. ئەو نووســـــەرەی ئێمە، ئەو ڕەخنەگرە لە حەفتاوە تا ئەمڕۆ دەڵێت نووســـین دەبێت ڕاســـتگۆ بێت. ئایا ئەگەر نووسین بیەوێت ڕاستگۆ بێت، تەنیا ئەو شتانە ناگوێزێتەوە،

کە هەن؟ ئایا مانای وا نییە ئەرکی نووسەر لەناو وەسفدا قەتیس دەکرێت؟ ئەوە جەختکردنەوە نییە لەسەر حەقیقەتی ڕەهای ئەو شتانە؟ کاتێ دەرەبەگێک دەڵێت (پێویستە و کارێکی باشە زەوی بکێڵرێت)، ئەوە ڕاستگۆییە و زۆر پێویستە زەوی بکێڵرێت. کارێکی چاکیشە، بەڵام بێگومان ئەو دەرەبەگە دەیەوێت زەوی بۆ خۆی بکێڵرێت و بەو شێوەیەش بکێڵرێت، کە ئەو دەیەوێت. لێرەدایە وەک (فۆکۆ) دەڵێت و پێشتریش (نیتشە) گوتوویەتی نابێت بەو حەقیقەتە ڕازی ببین. ئەگەر (نیتشە) پێی وایە پێویستە بەردەوام حەقیقەتی نوێ بەرهەم بهێنین، ئەوە (فۆکۆ) پێ لەسەر بەرهەمهێنانی بەردەوامی چەمک دادەگرێت. بە هەمان شێوە (دولووز) لە کتێبی (فەلسەفە چییە؟)دا وا پێناسەی فەلسەفە دەکات، کە بریتییە لە بەرهەمهێنانی چەمکی تازە، بەو مانایەی فەلسەفە هونەری داهێنانی چەمکی نوێیە. مامۆستا کاتێ داوا لە قوتابییەکانی دەکات دارشتن لەبارەی (دڵسۆزی)یەوە بنووسن، ئەوە مەبەستیەتی دەوڵەت، حیزب، ئایین، دابونەریت و هیی دیکە لە بەر چاو بگیرێن. واتە دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئەوانە دووپات بکەنەوە. ئەو نووسەرەی ئێمە، ئەو ڕەخنەگرە دەیەوێت بڵێت پێویستە ئەدەب وەک ئەوەی خۆی دەیەوێت، ڕاستگۆ بێت. واتە خۆی لە ڕێگەی زمانەوە چەمکی (ڕاستگۆیی)ی فڕێ داوە و کردوویەتیە حەقیقەت. بە مانایەکی تر، بووەتە دەستەڵات. ئەو نووسەرەی وەک ئەو نانووسێت، ناڕاستگۆیە و بە لاوە دەنرێت. ڕەخنەدۆز، کە ڕەخنەگر نییە و جودایە بە گژ ئەو حەقیقەتەدا دەچێتەوە. واتە لە هەمان کۆنتێکستدا، نەوەک هەر لە بنەڕەتەوە دژی ڕاستگۆییە. ئینجا پەنا بۆ پرسیار دەبات، تا

هەمان حەقیقەت بەرهەم نەهێنێتەوە. کاتێ دەپرسـیت چۆن دەبێت ئەدەب ڕاسـتگۆ بێت، بەوە تۆمەتبار دەکرێیت، گوایە دەتەوێت ئەدەب درۆ، نەوەک ڕاسـتی لە خۆی بگرێت، لە کاتێکدا شـتەکە پێوەندیی بە ڕاستی و درۆوە نییە، بەڵکوو پرسیار، پێچەوانەی وەسف ڕێ نادات هیچ چەمکێـک وەک حەقیقەتی ئەزەلی خۆی دەربخـات و ئەدەبیش تەنیا بە لۆژیکی ناوەوەی، نەک هیی دەرەوەی، دەخوێنرێتەوە. ئەدەب نە درۆزنە و نە ڕاسـتگۆیشـە، بەڵکوو ئەدەبە. ئەدەب خۆیەتی و هیچ بوونێکی تر نییە. ئەدەب ئەو ڕووبەرە سـیحرییەیە، کە هەر شـتێکی بخرێتە سـەر، ماناکەی لێ دەسـتێنێت و بێژمار مانای تری دەداتێ. لەوێدا نە درۆ دەناسیتەوە و نە ڕاستییش. ئەدەب شتی دەخرێتە سەر، بەڵام ناخرێتە سـەر شـت، چونکە دنیایەکی دامەزراوی تەواو و بێسـنوورە. وەک پێشـتر گوترا تێکسـت زەوییە. دیارە مەبەسـتم لەو ئەدەبە نییە، کە لەسـەر داخوازیی جەماوەر نووسـراوە. لەو ئەدەبەدا دەتوانیت ئاسـان شـتەکان بناسیتەوە، مادام بە پرۆسـەسـی گۆڕاندا تێ ناپەڕن.

مێژووی فەلسەفە مێژووی ڕەخنەیە، چونکە پرسیار هەر لە سەرەتاوە بزووێنەری فەلسـەفە بووە، لە کاتێکدا وەسـف بەلاوەنانی خودی پرسـیارە. بە مانایەکی تر، ڕەخنە لەگەڵ فەلسـەفەدا سـەری هەڵداوە. هەر لە ڕێی ڕەخنەوە ئاڕاسـتە فیکرییە جیاوازەکان دروسـت بوون. (پلاتۆن) لە ڕێگەی ڕەخنەوە پێوەندیی لەنێوان فەلسـەفە و هونەردا دۆزییەوە. (ئەریسـتۆ) لە ڕێگەی ڕەخنەوە (پلاتون) تێ دەپەڕێنێت.

ڕەخنەدۆزان بەرهەمەکانی (ئەریستۆ) بە قۆناغی دامەزراندنی ڕەخنە دادەنێن، کە لە کۆمەڵێک چەمکی وەک هونەری شـــیعر، ڕێتۆریک، مێتـافۆر و هیی دیکەی کۆڵیوەتەوە. (دێکـارت) لە ســـەدەی حەڤدەدا ڕەخنە لە میراتی (ئەریستۆ) و تیکڕای ڕێبازە فەلسـەفییەکانی پێشـوو دەگرێت، تا مێتۆدێکی دیکەی جیاواز لەســەر گومان دادەمەزرێنێت و هەموو شـــتێک لە خەونەوە بۆ هەســـت، لە یادەوەرییەوە بۆ خەیاڵ، بگرە ســەرتاپێی جیهانی دەرەوە دەخاتە ناو ئەو گومانەوە. لە ســەدەی هەژدەدا (کانت) بە شـــێوەیەک بایەخ بە ڕەخنە دەدات، دەگاتە ئەوەی سـەردەمەکەی بە سـەردەمی ڕەخنە بناسرێتەوە و کتێبە گرنگەکەی ناو بنێـت (ڕەخنە لە عەقڵی پەتی)، لە کـاتێکـدا ئەو ڕەخنەیە بۆ نـاوەوە ئاڕاستەیە، بەو مانایەی ڕووبەڕووی خودی عەقڵی فەلسەفی دەبێتەوە. (هیگڵ) شـــێوازێکی تری ڕەخنە دەهێنێت و بە گژ میراتی (کانت)دا دەچێتەوە، بەڵام لەگەڵ (نیتشــە)دا ڕەخنە دەچێتە ئاسـتێکی تری تەواو جیاوازەوە. سەدەی نۆزدەم، کە بە (هیگڵ) دەست پێ دەکات، سەدەی ڕەخنەیە. بە خۆڕایی نییە (فۆکۆ) لەو پێشـەکییەی لە ژێر ناونیشـانی (نیتشـــە، فرۆید و مـارکس)دا بۆ کتێبی (فەلســـەفە لە ســـەردەمی تراجیدیای گریکیدا)ی (نیتشــە)ی نووســیوە، ئەو ســێ ڕەخنەدۆزەی کردووەتە نـاونیشـــان، کە هەتـا ئەمڕۆیش بە هێزەوە لەنـاو فیکری ڕەخنەییدا ئـامـادەن. قوتـابخـانەی فرانکفۆرت وەک قوتـابخـانەیەکی ڕەخنەیی لە کۆتاییی دەیەکانی ســەدەی بیسـتەم دادەمەزرێت. (تیۆریی ڕەخنەیی) دەبێتە هاوواتای ئەو قوتابخانەیە، کە لە ســـەرەتاوە بۆ ئەوە هـاتووە ڕەخنە لە میراتی (کـانت)، ئـایدیـالیزمی (هیگڵ)، دیـالەکتیکی

(مـارکس) بـگرێـت، بەو ئـامـانجەی تیۆرییەکی کۆمەڵایەتیی فرەسـەرچاوە لە خۆیدا بەرجەسـتە بکات، کە لەم ڕووەوە قوتابییانی ئەو قوتابخانەیە پەنایان بۆ مارکسـیزم، تیۆریی دەروونشـیکاری و لێکۆڵینەوەی ئیمپریکەڵ بردووە. (هۆرکایمەر)، وەک قوتابییەکی ئەم قوتابخانەیە بەر لە شـەڕی دووەمی گێتی کتێبی (تیۆریی ترادیشـناڵ و تیۆریی ڕەخنەیی) دەنووسـێت، کە دەیەوێت دوو جۆر ڕەخنە لە یەک جودا بکاتەوە: ئەو ڕەخنەیەی بە مێتۆدی پۆزیتیڤیزمەوە پێوەسـتە، لە ژێر کاریگەریی مێتۆدی زانسـتیی سـروشـتیدایە، لە کاتێکدا تیۆریی ڕەخنەیی پێ لەسـەر ڕەخنە دادەگرێت، بە مەبەسـتی ڕزگارکردنی لە کۆت و پێوەندەکـان. لەبەر ئەوەیە فۆکەس لەسـەر مـارکسـیزم و فرۆیدیزم دەکات، تا بە شـێوەی تر بیانخوێنێتەوە و لە ژێر دەسـتەڵاتی ئایدیۆلۆجیایان ڕزگار بکات.

کاتێ ئەم چەند نموونەیە بە شـێوەی کرۆنۆلۆجی دەهێنمەوە، مەبەسـتم نییە بـاس لە مێژووی گەشـەکردنی ڕەخنە بکەم، لە کـاتێکدا خودی مێژووەکە لەوە قووڵتر و هەمەلایەنەترە، کە هەر بۆ نموونە لەنـاو جیهـانی ئیسـلامیدا مێژوویەکی تری ڕەخنەمـان هەیە، بە ڕادەیەک کۆمەڵێـک ڕەخنەدۆز بە هۆی ڕەخنەوە گیـانیـان لە دەسـت داوە و کتێبەکـانیـان سـووتێنراون. بۆ نموونە بەرهەمە ڕەخنەییەکانی (ئیبن خەلدوون) لە بواری مێژوو و سـۆسـیۆلۆجیادا تا ئەمڕۆیش هێزی خۆیان پاراسـتووە. ئەوەی مەبەسـتمە لەم شـوێنەوە پێی بگەم، ئەوەیە، ئایا ئێمە ڕەخنەمـان هەیە؟ پێم وایە ئەو پرسـیارە ئەگەر بە ڕووالەت

ئاســـــان بێتە بەر چاو، ئەوە لە جەوهەردا پرۆبلەماتیکەڵ و ئاڵۆزە، بەوەی دەبێت بپرســم ئایا تەنیا ئەوانە بە ڕەخنەی من دادەنرێن، کە بە زمانەکەم دەنووســـرێن؟ ئایا بەرهەمەکانی (بارت) بۆ نموونە هیی منیش نین؟ ئایا ئەوانەی (عەلی حەرب) پێوەندییان بە منەوە نییە؟ هەتا ئەگەر مەبەســـــت لەو تێکســـــتە ڕەخنەییيـانە بن، کە بە کوردی دەنووسرێن، دیسان وەڵامدانەوەی سـەختە، بەوەی ناکرێت بە شێوەی ڕەها بڵێم ڕەخنەمان نییە، وەک چۆن ناتوانم بە شـــێوەی ڕەها بڵێم هەمانە. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم ئەگەر هەندێک هەوڵی کەمی لێ دەربکەین، کە ئەو هەوڵانە هەنـدێکیـان لەنـاو زانکۆ و هەندێکیان لە دەرەوەیدان، ئەوە ئێمە تا ئەم ســـاتەیش نەک هەر لە ئاستی بەرهەمهێنانی فیکری ڕەخنەییدا نیین، بەڵکوو نەگەیشتووینەتە ئەو ئاســـتەی بمانەوێت لە فیکری ڕەخنەیی دەرەوەی خۆیشـــمان بگەین، بۆیە پێم وایە قســـەکردن لەبارەی ڕەخنەی خۆمانەوە (ئەو ڕەخنەیەی کوردزمان نووسیویەتی) بۆ ئێستا سەختە، بەڵام وەک گوتم دەکرێت ئەو ڕوانینە دەربخەین، کە بە گشـــتی نووســـەرانی ئێمە بۆ چەمکی ڕەخنەیان هەیە، کە ئەمە بۆ ئەوەمان دەباتەوە چۆن لە چەمکی وەسف بدوێین، بەوەی وەک گوترا وەسف دەستەڵاتی گەورەی بەسەر بیرکردنەوەی ئێمەدا هەیە.

ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕەخنەی فەلسەفی جودا ناکرێتەوە، بەوەی هەمیشە فەلســـەفە چوارچێوەی ئەدەب بووە، وەک چۆن ئەدەب بەردەوام پەناگەی فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانە. بەگشتی فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانی ئەم شەست حەفتا ساڵەی ڕابردوو هەوڵی زۆریان داوە دیواری نێوان

ژانرەکان بڕووخێنن، کە مۆدێرنیتی هەڵیچنیبوون، بەو مەبەستەی دوای ڕووخانیان، ئەو کرانەوەییە بێتە دی و ڕەگەزەکان بتوانن کۆمەکی یەکتر بکەن. ڕۆمان لە شێوەی شیعر، شیعر لە شێوەی چیرۆک، چیرۆک لە شێوەی فەلسەفە، فەلسەفە لە شێوەی ئەدەبی گێڕانەوە و هیی دیکە پەرەیان پێ درا. ئەمە باسێکی سەربەخۆیە و پێشتریش لەسەری وەستاوم، کە ئێستا لەوە زیاتری پێویست نییە. ئەگەر تەنیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە دەست پێ بکەین، کە چۆن ڕەخنەی ئەدەبی گەشەی کردووە و چەند قوتابخانەی ڕەخنەییی لێ کەوتووەتەوە، لە ئیمپرێشینیزمەوە هەنگاو دەنێین تا دەگەینە سترەکچرالیزم، پۆستسترەکچرالیزم، گێنەتیکسترەکچرالیزم، تیۆریی خوێنەر، یان وەرگر (Reader Response Theory) و کۆمەڵێکی دیکە. هاوکات چەند ناوی وەک (ئەناتۆل فرانس)، (ئەندرێ جید)، (جۆرج لۆکاچ)، (لۆسیان گۆڵدمان)، (باختین)، (جاکۆبسۆن)، (ڕۆلان بارت)، (تودۆرۆڤ)، (ئۆمبیرتۆ ئیکۆ)، (ولفگانگ ئایزەر) و زۆری ترمان دەکەونە بەر چاو. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانە ڕەخنەیە لەوەی تا ئێستا بەرهەم هاتووە. واتە پرسیار، نەوەک وەسف، بۆیە کۆمەڵێک چەمکی وەک ڕاڤە، هەڵوەشاندنەوە، ئیستاتیکای وەرگر، کۆنتێکست، شیعریەت، سێمیۆتیکا، خوێندنەوە، خوێنەری ناواخن (The Implied Reader) و هیی دیکە لە دایک بوون. وەسف تەنیا لە نەبوونی پرسیاردا دەتوانێت دەربکەوێت. هەر کاتێ وەسف هەیە، خوێندنەوە و وردبوونەوە گومن. کاتێ سەرنج لە

تیۆرییە ڕەخنەییەکانی ئەم شەست حەفتا ساڵەی ڕابردوو دەدەین، دەبینین چەمکی تێکست خاڵی هاوبەشی هەموویانە. (نیتشە) لەسەر زمانی (زەردەشت)دا مرۆڤی باڵا بە (زەوی) دەچووێنێت، بەو مانایەی پێوەندیی بەتین لەنێوان مرۆڤی باڵا و ژیاندا هەیە، کە ژیان شتێکی واقیعییە. من پێوەندییەک لەنێوان ئەو تێگەیشتنەی (نیتشە) و سەرجەم تیۆریی ئەو ڕەخنەدۆزانەدا دەبینم، کە بایەخی گەورە بە تێکست دەدەن، وەک بڵێی تێکست زەوی بێت، بە مانایەکی تر ژیان بێت، تەنانەت ئەو ڕەخنەدۆزانەی ڕەخنەیان لەوە گرتووە، کە تێکست مافی زۆری پێ دراوە و فۆکەسیان لەسەر چەمکی خوێنەر کردووە، وەک تیۆریی وەرگری (ئایزەر) و ئەوانەی تر، هێشتا مانای وا نییە تێکستیان بە لاوە ناوە، بگرە لای ئەوانیش هەمان قورساییی هەیە. ئەگەر لە دیدی (نیتشە)دا ژیان هێزێکە، بە شێوەی ڕەمەکی (ڕاندەملی) ڕێ دەکات، بێ ئەوەی هیچ ئامانج و مەبەستێکی دەرەکی هەڵیبسووڕێنێت، ئەوە تێکستیش وایە. ڕەخنەدۆزانی سترەکچرالیزم پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە هیچ شتێک ناکەوێتە دەرەوەی تێکستەوە، بەڵکوو تێکست دنیایەکی سەربەخۆیە و بە کەرەستەکانی خۆیشی دەخوێنرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە لای ئەو ڕەخنەدۆزانەیشدا ماوە، کە هێندەی تێکست بایەخ بە چەمکی خوێنەریش دەدەن. ئایا لای (ئیکۆ) لە پاڵ چەمکی خوێنەردا، چەمکی تێکست بایەخی گەورەی نییە؟ تۆخکردنەوەی ڕۆڵی خوێنەر بەو مانایەیە، ئەرکی ڕاڤە لە ئەستۆ بگرێت و مانا شاراوەکانی تێکست بدۆزێتەوە، بەوەی ئەو مانایانە فرەڕەهەندن. ئەمە پێچەوانەی وەسفە، کە لە دوورەوە شتە زانراوەکان

دەڵێتەوە، بە ڕادەیەک ئەو شـــتانە دەکرێت لەبارەی هەر تێکســـتێکی ترەوە بگوترێن. دیـارە ئێمە لێرەدا بواری ئەوەمـان نییە بـاس لەوە بکەین هەر یەک لەو تیۆرییـانە چۆن لەو چەمکە دەڕوانێـت، بەڵام دەڵێین ئەوە تێکســتە بووەتە جێگەی ڕامان. هەر بە ڕاســتی تێکســت زەوییە، بەوەی هەم دەکرێت بە کەرەســتەکانی خۆی خانوو و تەلاری لەســـەر هەڵبچنیـت، هەمیش دەکرێـت هەڵیبکۆڵیـت و بە دوای نهێنییەکانیدا بگەڕێیت. بۆ ئەوەی لە تێکســـت بگەین، بەســـەرماندا دەســەپێت پێی بگەین، کە ئەوەی پێمانی دەگەیەنێت، پرسـیارە، بەوەی تەنیا لە ڕێگەی پرســـیارەوە دەتوانین بنەماکانی تێک بشـــکێنین و بە دەربڕینی (دێریدا) دایبمەزرێنینەوە، بەو مەبەســتەی هەم پرۆســەســی تێکشـــکاندن و هەم پرۆســـەســـی دامەزراندنەوەیش بەردەوام بین، لە کاتێکدا وەســف نەک ناگاتە قووڵاییی تێکســـت، بەڵکوو ناگاتە ســـەر ڕوویشـی. ناگات و هەر لە دووریەوە دەوەستێت. ڕەخنەگر بەو زمانە میلـــلییەی چۆن لە خەڵکی وەرگرتووە، ئاوا هێناویەتی و دەستکاریی نەکردووە؛ لە بـارەیەوە دەدوێـت، ئینجـا یـان پێیدا هەڵدەڵێت، یـانیش دەیشـــکێنێت. لە هەردوو بارەکەیشـــدا پشـــتی بەو تێگەیشـــتنە باوە بەســـتووە، کە لە نەوەکـانی ترەوە بۆی مـاوەتەوە. بۆ نموونە ئەو دەزانێت لە ڕوانینی خەڵکدا ڕەنگی ســپی و فریشــتە جوانن. چینێکی تر دەخاتە سەر ئەو ڕوانینە و دەڵێت (لە سپی سپیترە)، (لە فریشتەی تێ پەڕاندووە)، (گیانێکی فریشـــتەییانەی ســـپیی هەیە)، (دڵی وەک شـووشــە وایە) و هیی دیکەی لەم چەشــنە. بە لاکەی تریشـدا ڕەنگی

ڕەش و ئیبلیس بەپێی هەمـــان ڕوانین، نـــاشــــیرین و قێزەونن. هەردووکیان بە نەفرەت دەکات. واتە کاری ئەو ڕەخنەیە، چ لە شێوەی نووســـینی ئەدەبدا و چ لە شـــێوەی قســـەکردن لەبارەی ئەو ئەدەبەوە، تۆخکردنەوەی ئەو ڕوانینە میلـــلییەیە. لای ڕەخنەگر ئەو تێکستانەی هەمان تێگەیشـــتنی ئەویان هەیە و لە ئاســـتی چاوەڕوانیی خۆیدان، گرنگن و ئەوانەی تر بێبایەخن. (ئومبێرتۆ ئیکۆ) لە کتێبی (خوێنەر لە ئەفســـانەدا)دا چوار ئاســـتی بۆ بەریەککەوتنی خوێنەر و تێکســـت دەســـتنیشـــان کردوون، کە لە ڕووی فۆرمەوە (گرەوی پاســـکال: Pascal's Wager)م بە بیر دەهێنێتەوە. ئاستەکان ئەمانەن: یەکەم، تێکســـتی کراوە و خوێندنەوەی کراوە. واتە ئەو تێکســـتەی هەڵگری مـانـای قووڵە و بە وردی دەخوێنرێتەوە. دووەم، تێکســـتی کراوە و خوێندنەوەی داخراو. واتە ئەو تێکستەی هەڵگری مانای قووڵە، بەڵام بە ســـادەیی دەخوێنرێتەوە. ســـێیەم، تێکســـتی داخراو و خوێندنەوەی داخراو. واتە ئەو تێکســـتەی هەڵگری مـانـای قووڵ نییە و خوێندنەوەکەیشـــی ســـادەیە. چوارەم، تێکســـتی داخراو و خوێندنەوەی کراوە. واتە ئەو تێکستەی هەڵگری مانای قووڵ نییە، بەڵام لە ئاستیدا خوێندنەوەی ورد ئامادەیە. ئامادەیە، ئەگەرچی هیچی شـــاراوەی لێ دەســـت ناکەوێت، تا لێکیان بداتەوە. ڕەخنەگری ئێمە (ڕەخنەگری میلـــــلی) پێوەندیی بە دووەم و ســـێیەمەوە هەیە. هەر کاتێ خۆی لە ئاســـتی تێکســـتی کراوەدا دەبینێتەوە، بەو خوێندنەوە ســـاکارەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و دەڵێت هیچ نییە، بەڵام کاتێ تێکســـتی ســـادە دەخوێنێتەوە، کە هەمان ئەو شـــتانەی گوتوون، خۆیشـــی دەیانزانێت و

لەگەڵیاندا گەورە بووە؛ گەشـــکە دەیگرێت و بەو زمانە وەســـفییەی دەڵێت داهێنـانە. ئەگەر بۆ ئەو تێگەیشـــتنە بگەڕێینەوە، وا لە کتێبی (پلەی سفری نووسین)ی (بارت)ــــەوە هەڵمانهێنجاوە، کە پێی وایە نووســـینی پلەســـفر لە کۆت و پێوەندی ســـەرجەم بۆچوون و باوەڕە بـاوەکـان ڕزگـاری بووە و بووەتە تـاک، مـانـای وایە شـــتی نوێ و نەزانراو لەو نووســـینەدا هەن، بۆیە کردوویانەتە تاک. بەم شـــێوەیە خوێنـدنەوەی ڕەخنەگر بە زمـانی کۆ، واتە ڕووبەڕووبوونەوەی بە ئامرازی وەســـف، جۆرێکە لە شـــێروخەت. باشـــە، یان خراپە؟ بە ڕوونی هەر نووســـینێکی تاک بە تێگەیشـــتنی کۆ جۆرێکە لە لادان، بۆیە لەو شـــێروخەتەدا، دووەمیـــان دەهێنێـت، پێچەوانەوەی ئەو نووسینەی هەمان تێگەیشتنی کۆی دووپات کردووەتەوە، کە ئۆڵرەدی یەکەمیـانی بەر کەوتووە. بێبـایەخکردنی تێکســـت و ڕاڤەنەکردنی، بێبـایەخکردنی ژیـانە. ئەو چێژەیە بۆ ژیـان وامـان لێ دەکـات، پێوەی بلکێین و قووڵاییی ئەو ژیـانە ببینین. (پۆول ڕیکۆر) لە کتێبی (لە تێکســتەوە بۆ کردار)دا پێی وایە تێکســت دیســکۆرســێکە، نووســین ســـەپاندوویەتی، بەو مانایەی چەمکێکە، دەکرا بە دڵنیاییەوە بیڵێین، بەڵام دەینووسـین، چونکە نایڵێین. بەم شـێوەیە نووسـین شـوێنی قسـە دەگرێتەوە. لە دیدی (ڕیکۆر)دا بەهای نووسـین لەوەدایە بخوێنرێتەوە و لێک بدرێتەوە. هەر ئەو پێی وایە کۆنتێکستی زمان شـاراوەیە و لە دەرەوەی کـاتدایە. ئەوەی ئامادەیە، نووســـینە. وەک گوترا وەســـف دوورمان دەخاتەوە ئێمە بەو نووســینە بگەین، تا لێکی بدەینەوە و مانا

شـــاراوەکانی دەربخەین. تێکســـتی ســـادە، یان بە دەربڕینی (ئیکۆ) تێکستی داخراو ماناکانی ئاشـکران و بۆ دەرەوەن، بەوەی ئاڕاسـتەن بۆ شـــتێکی زانراو، کە کراوەتە ئامانج، بەڵام تێکســـتی قووڵ، واتە تێکســـتی کراوە ماناکانی هەم بۆ ناوەوە و هەم بۆ دەرەوەن، چونکە ناوەوە دنیایەکی دامەزراوە و لە ڕێی زمانەوە هاتووەتە بوون، بۆیە توانای ئەوەی هەیە دایەلۆگ لەگەڵ دەرەوەیدا بکات، بەو مانایەی بگاتە خوێنەر، کە (ڕیکۆر) لە کتێبی (ململانێی ڕاڤەکان)دا بە تەقاندنەوەی زمانی دەچووێنێت، بەو مانایەی دەکرێتەوە و ڕوو لە دەرەوەی خۆی دەکات.

وەسف ڕێگەیەکە بۆ کوشتنی ئارەزوو (Desire)، بەوەی لە جیاتیی ئەوەی ئاڕاســتەکە بۆ خودی تێکســت بێت، بۆ دەرەوەیەتی و لەوێوە هەموو ئەو شـتە سـواوانە دووبارە دەکرێنەوە، کە لە زووەوە لەسـەر ئاسـتی میلـــــلیدا ناسـراون و گوتراون. بە مانایەکی تر، بوونەتە دەستەڵات. (دولووز) و (گاتاری) بە تایبەتی لە کتێبی (سکیزۆفرینا و کاپیتالیزم)، بە هەردوو بەشـــی (ئەنتی ئۆدیپ) و (هەزار بان)دا بایەخی گەورە بە چەمکی (ئارەزوو) دەدەن، بەوەی ئارەزوو ئەوە نییە (فرۆید) لە چوارچێوەی خێزان و لەناو سێگۆشـەی (کوڕ، دایک و باوک)دا قەتیسی کردووە، بەڵکوو زۆر لەوە گەورەترە، بە ڕادەیەک پەل بۆ بوارەکانی کۆمەڵایەتی، پۆلیتیکس، ئابووری و هیی دیکەیش دەهاوێت. (ئارەزوو) بوونێکی تەواوە، بۆیە لە خاڵێکدا ناوەســـتێت، بگرە دەبێتە ئامرازی بەرهەمهێنان، مادام نەست پێچەوانەی بۆچوونی (فرۆید) شـانۆی بەرهەمهێنانە و سـنووری نییە. ئارەزوو هێزی هەیە

بە گژ هەموو سەرکوتکردن و پەلاماردانێکی دەرەوەدا بچێتەوە، بۆیە ئارەزوو بە پلەی یەکەم دژی دەستەڵاتە. بە مانایەکی دیکە، دەستەڵات بە هەموو فۆرمەکانیەوە بەردەوام ویستوویەتی (ئارەزوو) کپ بکات و سنووری بۆ دابنێت. ئەو تێگەیشتنە، کە (دولووز) لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی (سپینۆزا)، (مارکس)، (نیتشە)، (بێرگسۆن)ەوە هەڵیهێنجاوە، هەمیشە لەناو ئەدەبدا هەبووە و گەشەی کردووە. ڕاستییەکەی چەمکی (ئارەزوو) لە (پلاتۆن)ەوە بۆ (سپینۆزا)، بۆ (کانت) و بۆ (هیگڵ) بۆ (سارتەر) و تا (لاکان) و دواتریش بەردەوام بە بزووێنەری داهێنان دانراوە، لە کاتێکدا ڕەخنەگری ئێمە لە ڕێگەی وەسفەوە هەوڵی سەرکوتکردنی دەدات. بەگشتی ڕەخنەی کوردی لە ڕوانگەوە بۆ ئەمڕۆ، لە دژی (ئارەزوو) وەستاوەتەوە و ویستوویەتی ملکەچی هەندێ حوکم و بڕیاری دەستەڵاتدارانەی بکات. بەسەریەوە بووەتە چاودێر و مەبەستیەتی دووری بخاتەوە. سەرجەم ئەو نووسەرانەی لە دنیای ئێمەدا بایەخیان بە (ئارەزوو) داوە و دەیدەن، بە لاوە نراون و خراونەتە پەراوێزەوە، بگرە گوم کراون.

ئەمڕۆ بەشێکی ڕۆماننووسە دیارەکانمان لەسەر داواکاریی خوێنەر بایەخی یەکەم بە وەسف دەدەن. ئەگەر وەسف لەو ڕۆمانە قەبانە بستێنیتەوە، چەند لاپەڕەیەکی کەمیان لێ دەمێنێتەوە. وەسف هەر بە سروشتی خۆی درێژدادڕە، کە (نیتشە) لە دژی وەستاوەتەوە، بۆیە لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا پەنای بۆ شێوازی ئەفۆریسم (Aphorism)

بردووە، بگرە گاڵتەی بەو نووســەرانە کردووە، کە قەبارەی فیکریان بچووکە، بەڵام وا تێ گەیشــتوون قووڵاییی شــــت لە درێژی و مەزنییەکەی لە فرەوانیدایە. پێی وایە ئەو شتەی بە کورتی دەگوترێت، بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی درێژە. ئەمڕۆ هۆکــاری بەشـــێکی درێژبوونەوەی هەنـدێـک لەو کتێبـانەی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووســـەرەکانیان زمانی نووســـین نازانن و لە یارییەکانی گراماتیک بێئاگان. لە تەکنیکەکانی گێڕانەوە قووڵ نەبوونەتەوە، بەوەی وەســـف هەمیشــە پێویســتی بە دەربڕینی ڕاســتەوخۆیانە هەیە. ئەوان بایەخ بە ڕازانـدنەوەی مـانـای نـاســـراوی ئەو چەمکـانە دەدەن، کە زۆرینە پەســـەندی کردوون. فریشـــتەیەکی بدەرێ و دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ کتێبێکی قەبەدا بۆتی دەگەڕێنێتەوە. ئینجــا نۆرەی ڕەخنەگر دێت، تا بە زمانی میلــــــلی وەســفی بکات. ئەرکی هەندێک مێدیای حیزبی و ناحیزبییش، ئەوەیە، پێیدا هەڵبڵێن و مژدە بە جەماوەر بدەن، کە هەزاران دانەی لێ فرۆشــراوە. (نیتشـــە) بەشـــی یەکەمی کتێبی (زەردەشـــت ئاوا دوا)ی لە ماوەی دە ســـاڵدا نووســـی. هەندێک لەو نووســـەرانە ســـاڵانە لە پاڵ کۆمەڵێک گفتوگۆ و کۆڕدا، لە پاڵ چەند گوتـارێکی وەســـفاویدا، کتێبێـک دووانیش هەر دەنووســـن، چونکە وەســف ئاســانکارییان بۆ دەکات لە ماوەیەکی کورتدا ســەدان لاپەڕە ڕەش بکەنەوە. هەیە بە سواری وەسف دەگاتە ئەورووپا و دەیان کەس کۆ دەکاتەوە، تا ئەو گوتانەیان بۆ بڵێتەوە، کە سی ساڵە دەیانجووێتەوە و لێیان بێزار نابێت. وەک (نیتشــە) دەڵێت ئەوانە نەک تەنیا شــتەکانی خۆیـان، بەڵکوو هیی ئەوانەی تریش دەگوێزنەوە. ئەو نووســـەرانە

لەسـەر بەرهەمی ئەوانەی تر دەژین، بەوەی بیرۆکەکانیان وەردەگرن و دەیانخەنە ئاستی میلـــلییەوە، تا جەماوەر ئاسـان لێیان تێ بگات. شـتێکی سـەیر نییە، کە ئەو خوێنەرانەی هەمان ڕوانینیان هەیە، لەو ڕۆمانانەدا بە دوای گوتەی نەسـتەقدا دەگەڕێن، تا لە سـۆشـیالمێدیادا بڵاویـان بکەنەوە. هـاوڕێکـانم جـاروبـار هەنـدێـک لەو گوتـانەم بۆ دەنێرن، کە هەمان قسـەی ناو دڵی جەماوەرن. (مۆریس بلانشـۆ) لە کتێبی (پرسـیاری نووسـین)دا نووسـیویەتی پرسـیار توێژینەوەیە، توێژینەوەیش توێژینەوەی ڕەگەکـانە، لێکۆڵینەوە و ڕۆچوونە بۆ قووڵایی، هەڵکۆڵینی بنـاغە و دۆزینەوەی بنەمـاکـانە. هەر ئەو لە هەمان کتێبدا دەڵێت پرسـیار ئارەزووی فیکرە. دوو ڕسـتە بە نموونە دەهێنێتەوە. یەکەمیان، (ئاسـمان شـینە) و دووەمیان، (ئایا ئاسـمان شـینە؟)یە. دەڵێت پرسـیار وا دەکات (شـینایی ئاسـمان) شـوێنی چۆڵ ببێت، بە مەرجێ (شـینایی ئاسـمان) لە ناو نەچووە و نەسـڕاوەتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هەڵکشـاوە، تا ئەوەی تواناکەی پێ گەیشـتووە، کە پێشـتر (شـینایی) ئەو توانایەی نەبوو. ئێسـتا پێوەندییەکەی لەگەڵ ئاسمان بەهێزترە. ئەو ڕەخنەگرەی ئێمە دەزانێت لای خەڵک ئاسمانی شـین جوانە، بۆیە چینێکی تری دەخاتە سـەر و دەنووسـێت (ئاسـمان زۆر شـینە، لەوە شـینترە، کە تۆ دەیهێنیتە بەر چاو. شـیناییەکەی لەرادەبەدەرە. وای ئەو شـینایییە چەند جوانە! ئەو شـینایییە مەگەر... هەر ئەو شـینایییەیە، کە وا دەکات... ئای شـینایی، بتخۆم...). ئەمە لە تێکسـتی ئەدەبیدا، بەڵام بە هەمـان شـێوە لە ڕەخنەدا ڕەخنەگر

دەنووسێت: (بە ڕاستی جوان باسی شینایی ئاسمانی کردووە. نووسەر یان ئاوا باسی شینایی ئاسمان بکات، یان ئەگەر بۆی ناکرێت، با دەمی دابخات. داخستنی دەم لە ئاستی شینایی ئاسماندا، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە. ئاخر شینایی لەم شێوەیە هەر بۆ ئەوە باشە... ئەوانەی نازانن باسی شینایی ئاسمان بکەن، پێویستە خۆیان و...). بەم شێوەیە وەسف مانا زانراوەکانی تێکست نەک هەر دەپارێزێت، بەڵکوو تۆختریان دەکاتەوە، لە کاتێکدا پرسیار ئەو مانا زانراوانە تێک دەشکێنێت و هیی دیکە دەدۆزێتەوە. چەمکی (ترس) لە ئاستی میللیدا بە نەگەتیف سەیر دەکرێت، لە کاتێکدا لە فەلسەفەی (کیەرکەگۆرد)دا دەبێتە بزووێنەری ئازادی. (خەم) لای (شۆپێنهاوێر) و (نیتشە) ئەو مانایەی نامێنێت، کە پێشتر هەیبووە. نووسەری شەیدای وەسف هەمیشە لای (چاکە)یە، چونکە زۆرینە (چاکە)ی پەسەند کردووە و ماناکانی دەرکەوتوون، پێچەوانەی (خراپە)، کە بە لاوە نراوە و ماناکانی شاراوەن. ئەوەتە (جۆرج باتای)ی فیلۆسۆفی فرانسی لە کتێبی (ئەدەب و خراپە)دا بۆ ئەو نووسەرانە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێگەی (خراپە)وە داهێنانیان کردووە. (ئیمیلی برۆنتێ)، (بۆدلێر)، (ولیام بلێک)، (کافکا)، (پرۆست) و هیی دیکەی بە نموونە هێناونەتەوە و لە بەرهەمەکانیاندا بە دوای ئەو چەمکەدا گەڕاوە. واتە (خراپە) لە ئەدەبدا ئەو مانایەی لە دەست دەدات، کە جەماوەر ناسیویەتی. (باتای) پێی وایە ئەدەب بێوەی نییە، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری نووسەری ئێمە کردوویانەتە ڕێگەی لاواندنەوەی ئەو جەماوەرە. بەگشتی ڕەخنەدۆزان لە هەوڵی ئەوەدان لە ڕێی پرسیارەوە

مـانـای تر لە هەر شـــتێکدا بـدۆزنەوە، چونکە ئەو مـانـایە بووەتە دەســـتەڵات، تەنانەت دەســـتەڵاتی ســیاســی لە مانەوەی ئەو مانایەدا ڕەوایەتی وەردەگرێت و لەوێوە هەر مانایەکی تر ســـەرکوت دەکات، کە جیاوازە. دیکتاتۆرەکان ڕۆڵەی ڕاستەقینەی تاکمانان و پارێزگاریی لێ دەکەن. نووسـەرانی وەک (دۆیسـتۆیڤسـکی)، (نیتشـە)، (فرۆید) و زۆری تر نەخۆشـــییە دەروونییەکانی خۆیان کردووەتە ســـەرچاوەی داهێنـانـی گەورە، کەچی ئەمڕۆ ڕەخنەگر هێرش دەکـاتە ســـەر نووســـەرانی خۆمـان، گوایە نەخۆشـــن و بە دەســـت نەخۆشـــیی دەروونییەوە دەتلێنەوە. هەر بەو زمانە وەســـفییەیشـــی ناوی دەیان لەو داهێنەرە نەخۆشانەی هێناون و پێیدا هەڵگوتوون.

شـتێکی سـەیر نییە هەموو ئەوانەی بایەخی یەکەم بە وەسـف دەدەن، هەر ئەوانیش بن بڵێین زمان گرنگ نییە، لە کاتێکدا زمان پرســیاری فەلسەفە بووە لە (پلاتۆن)ـەوە تا ئەمڕۆ، کە لە بەرهەمەکانی پێشوومدا هەوڵم داوە لەسەر ئەو بابەتە بوەستم.

وەک دەبینین ڕەخنە لەنـاو فەلســـەفەدا چـاوی هەڵهێنـاوە، لە کـاتێکدا ڕەخنەی ئێمە لەنــاو حوجرەدا لە دایــک بووە و لەوێوە چووەتە قوتـابخـانە، کە ئەو ســـەرەتایە بایەخی هەیە، بەڵام بەوەدا پرســـیار نەبووەتە بەشێکی گرنگی ئەو ڕەخنەیە، لە گەشە کەوتووە و تا ئەمڕۆ درێژە بە وەســـف دەدات. لە کەلتووری ئایینیدا پرســـیار قەدەغەیە، بەوەی شـــتەکـان و حوکمەکـان چەســـپاون، کە ئەمە هـاتووەتە نـاو قوتابخانەی فەرمیيشـــەوە. قوتابی بۆی نییە بە پرســـیار ڕووبەڕووی

مامۆستای ببێتەوە، مادام بابەتەکان بۆ ئەوەن لە بەر بکرێن. لە ڕەخنەی کوردیدا ئەو تێگەیشتنە هەمیشە زاڵ بووە. سەرجەم ئەو شەڕەجنێوەی لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا کراون، پێوەندییان بەو وەسفەوە هەبووە. بە مانایەکی تر، وەسف یارمەتیدەری ڕەخنەگرە، تا لە جیاتیی ئەوەی لەسەر چەمکەکاندا بوەستێت و لێکیان بداتەوە، وەک چەکێکی فیزیکی لە دژی نەیارەکانیدا بە کاریان بهێنێت. چەند ساڵ لەمەوبەر ڕەخنەگرێک لە ڕێگەی وەسفەوە پەلاماری نووسەرێکی دیاری ئێمەی دا. ئەو نووسەرە دیارەمان بە هەمان زمان ڕووبەڕووی بووەوە، کە لە نووسینەکەیدا گوتەیەک سەرنجی خوێنەری ڕاکێشا: (گیرفانی خوێنەرەکانم لە ناو سەری تۆی زیاتر مەعریفە تێدایە). ڕەنگە گوتەکەم دەقاودەق، بە هەمان ڕێنووسی خۆی دانەڕشتبێتەوە، بەڵام دڵنیام وای پێ گوت. ئەگەر سەرنج بدەین چەمکی (مەعریفە)، کە لانی کەم لە (نیتشە)وە تا ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لە تێرمە ئاڵۆزەکان و کۆمەڵێک شەڕی گەورەی فیکریی لێ کەوتووەتەوە. هەردوو ئاڕاستەی مۆدێرنیزم و پۆستمۆدێرنیزمی بە دوای خۆیدا هێناون. هەر بۆ نموونە لای (فۆکۆ) پێوەست دەکرێت بە دەستەڵاتەوە، بەوەی دەستەڵات هاوشێوەی حەقیقەت، مەعریفەیش بەرهەم دەهێنێت. ئەو چەمکە شەڕانگێزەی سەرجەم فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزانی بە خۆیەوە خەریک کردووە، لای ئەو نووسەرە ناسراوەی ئێمەدا دەبێتە چەمکێکی پاسیڤ، بە ڕادەیەک وەسفەکە (گیرفانی خوێنەرەکانم لە ناو سەری تۆی زیاتر... تێدایە) لە خودی چەمکەکە گەورەترە. کاتێ ئەوە لە بەر چاو دەگرین، کە هەر چەمکێک لەسەر کۆمەڵێک دژایەتی

دامەزراوە و ڕەخنە ئەو پایانەی تێک دەشکێنێت، تا هیچی دیکە وەک حەقیقەت نەمێنێتەوە، بەو مانایەی دەستەڵاتی نەهێڵێت، ئەوە وەسف بە پێچەوانەوە دەیەوێت ئەو حەقیقەتە بمێنێت و دەستەڵاتی لێ نەسەنرێتەوە. ئایا ئەگەر ئەو نووسەرە دیارە بۆ ساتێک دەستی لە وەسف هەڵبگرتایە و لەسەر پرسیار بوەستایە، بەو شێوازە ئەو شەڕەی دەکرد و پەنای بۆ ئەو زمانە میللییە دەبرد؟ نەخێر، بەڵام بەشێکی زۆری خوێنەرەکانی لە دەست دەدا، چونکە هەتا ئاستی زمان پتر بۆ سەرەوە هەڵبکشێت، ژمارەی خوێنەر کەمتر دەبێتەوە. من خۆم چەند جارێک بە هەمان شێوە، بگرە توندتر پەلامار دراوم. چەمکەکانم هەڵگرتوونەتەوە و لەسەریان وەستاوم. کتێبی (گەڕانەوەیەکی کاتی)م بۆ ئەو شەڕە فیکرییە تەرخانە. ئەو نووسەرە دیارە بە پێوەری (چاکە و خراپە) چەمکی مەعریفەی هەڵسەنگاندووە. بەوەدا لە ئاستی میللیدا (مەعریفە) دژی (نەزانی)یە و شتێکی باشە، لای بووەتە حەقیقەت و بەبێ هیچ دوودڵییەک بە کاری هێناوە، بگرە وەک جەنگاوەرێک شەڕی لە پێناودا کردووە. ئەوە زمانی بەشێکی زۆری نووسەرە دیارەکانمانە، کە هەمیشە لە نووسیندا پەنایان بۆ کەلتووری میللی بردووە. سەیر نییە وشەی (زبڵ) و هاوشێوەکانی، کە لە زمانی خەڵکەوە بیستوومانن؛ ڕووبەری فرەوانیان لە نووسینی ئەوانە داگیر کردبێت. ئەو وەسفە بۆ هەموو شتێک بە کار دەهێنن. ئایا (زبڵ) تەنیا ئەو مانایەی هەیە، کە جەماوەر وەک شتی خراپ دیویانە و لە شێوەی جوێندا بە کاریان هێناوە؟ ئەرێ ئەو چەمکە داخراوە و هیچ مانایەکی

تری تێدا نادۆزرێتەوە؟ ئایا (خراپ) تاکە خەسڵەتی زبڵە؟ ئایا حەقیقەت بنەمای هەیە، یان وەک (نیتشە) پێی وایە بێبنەمایە؟ ئەو گوتانەی، کە لە دەمی ئەو نووسەرانەوە دەرچوون و سەرنجی جەماوەریان ڕاکێشاوە، کاتێ لەسەریان دەوەستیت، لایەکی تری تەواو جیاوازیان دەبینیت. چەند ساڵ لەمەوبەر گوتاری نووسەرێکی دیکەی دیاری خۆمانم لەبارەی (فاشیزم)ـەوە خوێندەوە. لە خۆم ڕادەبینم بڵێم لە سەرەتای هەشتاکاندا ئەگەر داوات لە هەر لاوێک لەو لاوە خوێنگەرمانە بکردایە لەبارەی ئەو چەمکەوە بنووسن، وردتر دەیاننووسی. چۆن خوێندنەوەی (فۆکۆ) و ئەوانەی دیکە، کە ئەو نووسەرە دیارە بەردەوام ناوی هێناون، نەیانتوانیوە زمانی لەو ئاستە میللییە ڕزگار بکەن؟ ئایا ئەو زمانە لە هیی (ئەدۆرنۆ)، (فۆکۆ)، (هانا ئەرنێت)، (دولووز) و ئەوانەی ترەوە (نزیک!)ـە، کە باسیان لە فاشیزم کردووە، یان لە هیی ئەو سەرکردانەی ئیسلامی سیاسی، کە نەیشاردووەتەوە پێیان سەرسامە؟ (فۆکۆ) لەو پێشەکییەی بۆ چاپی ئینگلیزیی کتێبی (ئەنتی ئۆدیپ)ی نووسیوە، دەڵێت (ئەنتی ئۆدیپ) ڕاگەیاندنێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەیە، بەرەنگاری سەرجەم شێوازەکانی فاشیزم دەبێتەوە، بەوەی ئەوەیان دوژمنی سەرەکی و دژێکی ستراتیجیکی ئارەزووە. شتەکە پێوەندیی بە فاشیزمی مێژووییەوە نییە، وەک ئەوەی ناسیومانە، کە لە (هێتلەر)، (مۆسۆلینی) و ئەوانەی تردا بەرجەستەیە، بەڵکوو بەو فاشیزمەی ناوەوەی خۆمانەوە پێوەستە، کە لە عەقڵ و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندایە. ئەو فاشیزمەیە، کە وامان لێ دەکات دەستەڵاتمان

خۆش بوێـت، ئـارەزوو دەکەین دەســـتمـان بەسـەردا بگرێـت و بمانچەوســـێنێتەوە... نووســـەرە دیارەکەی ئێمە بە ســـەرکردەکانی ئیسلامی سیاسـی سـەرسامە و بە زمانی میلـــلییش باس لە فاشیزم دەکات.

نەبوونی پرســیار وای کردووە هۆشــیاریی ڕەخنەییی ئێمە دروســت نەبێت و نەچێتە ئاســتی دایەڵۆگەوە، دایەڵۆگ هەم لەگەڵ خۆی و هەم لەگەڵ دەرەوەیدا. پرسـیار بزووێنەری ململانێیە، کە تەنیا لە ململانێدا هۆشیاری دەسووتێت، تا هۆشیاریی گەورەتری لێ بێتە دی. بەشێکی زۆری نووسەری کورد، تەنانەت لەبارەی ژانرەکەی خۆیانەوە ناتوانن چوار دێڕی تۆکمە بنووســـن. کـاتێکیش نووســـییـان، دەبنە مـایەی پێکەنین. ئەگەر گوتـار و گفتوگۆی هەنـدێـک لەو نووســـەرانە بۆ قوتابییانی قوتابخانەیەکی سەرەتاییی یەکێ لەو وڵاتانەی، تێیاندا ڕەخنە بـایەخی هەیە، بخوێنیتەوە و بڵێی ئەوانە نووســـەر نووســیونی، وا دەزانن گاڵتە دەکەیت. ئەدی ئەگەر بڵێیت هەر یەکەیان خاوەنی چەند کتێبێکی قەبەیە؟

ڕەخنەی کوردی بە گشـــتی ســـادە بووە، بەڵام لە هەندێک قۆناغی تەمەنیدا ویسـتوویەتی بەگژ ئەو بەها سـواوانەدا بچێتەوە. وەک گوترا لەم چەند ســاڵەی دواییدا زیاتر پارێزگاریی لەو بەهایانە کراوە. (ژیل دولووز) لە کتێبی (نیتشە و فەلسەفە)دا دەڵێت (نیتشە) ڕۆژێک نەترسا بڵێت فەلسەفەی (مانا و بەها) دەبێت ڕەخنەیی بێت، لە کاتێکدا (کانت) بە ڕاسـتی ڕەخنەی نەگرت، چونکە نەیدەزانی کێشـەکەی لە شـێوەی

بەهادا دەرببڕێت. (دولووز) پێی وایە فەلسەفەی بەها، کە (نیتشە) دایمەزراندووە و هێناویەتیە بەر چاو، دەستکەوتی ڕاستەقینەی ڕەخنەیە. تاکە ڕێگەی ڕەخنەی هەمەلایەنەیە. واتە دروستکردنی فەلسەفە بە کوتەکوەشاندن. بەگشتی ڕەخنەی کوردی نەک هەر بە کوتەک لە بەهاکانی نەداوە، بەڵکوو دەستی پێوە گرتوون و لە پێناوی بەدەستهێنانی سۆزی زۆرینەدا پێیدا هەڵداون.

لە پێشەوە گوترا ڕەخنە زمانی تاکە و لە دژی کۆ دەوەستێتەوە. نموونەی ڕەخنەدۆزانمان هێنایەوە، کە خوێنەریان کەمە و لە بەرانبەردا نووسەری سادەنووس خاوەنی جەماوەری فرەوانە. ئەگەر وایە، کاریگەریی ڕەخنە چۆن دەردەکەوێت؟ کاتێ لە (نیتشە)وە بۆ ئەمڕۆ دەگرین، دەبینین ڕەخنەدۆزان لە ڕۆژگاری خۆیاندا لە ئاستی فرەواندا نەناسراون، ئەوە نووسەری ئەدەبییش دەگرێتەوە، کە لە (سێرڤانتس)ەوە بۆ (جۆیس)، لەوێوە بۆ (ئالان ڕۆب گریێ) و دواتریش، جەماوەر ئەگەر ناسیبێتیشنی، چارەی نەویستوون، بگرە دامودەستگە چاپەمەنییەکان بە لاوەیان ناون، بەڵام لێرەدا جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوەندێکەوە بۆ یەکێکی تر هەیە. بۆ نموونە لە دنیای کوردیدا ڕەخنەدۆز کەمتر لە دنیایەکی وەک هیی پاریس، یان هیی ئەسکەندەرییە دەناسرێت و بەرهەمەکانی دەخوێنرێتەوە. دواجار ئەوەی کاریگەریی هەیە، فیکری ڕەخنەدۆزە، نەوەک هیی ڕەخنەگر، چونکە وەک گوترا فیکری تاک، فیکرێکی دامەزراوە، دروست بووە و خاوەنی هێز (Power)ە، پێچەوانەی کەلتووری کۆ، کە بەوەدا لە ڕێی وەسفەوە هاتووە و ئەوانەی پێش خۆی دووپات کردووەتەوە،

ئەوە لەگەڵ نەمـانی فـاکتەرە دەرەکییەکـان، دەپووکێتەوە. ئەگەر لە سـاڵانی پێش سـەدەی بیسـتەم، لەو ڕۆژگارەی (نیتشـە) دەژیا، لە دەوروبەرەکەیدا بتپرسـیایە ئێوە ڕەخنەدۆزێک بەو ناوە دەناسـن، بێگومان دەیانگوت نەخێر، بەڵام ئەوە فیکری ئەو ڕەخنەدۆزەیە دنیای ئەمڕۆمانی هەژاندووە. هەمان شت بۆ (کافکا) و زۆری تر دروستە. هەموو ئەوانەی لە یەک دەچن، وەک یەکیش لە نـاو دەچن، بگرە هاوکاتی یەکتریش گوم دەبن. کەم نین ئەو شـیعرانەی لە حەفتاکان و هەشتاکاندا زۆرترین چەپڵەیان بۆ لێ دراوە و دەیان ملیان گەیاندووەتە پەتی سـێدارە، کە ئەمڕۆ لای خودی ئەو جەمـاوەرە دەنگدانەوەی ناخۆشیان هەیە. ئێمە لە هەشـتاکاندا دەیان کتێب و نامیلکەی شـاخمان بە دەسـت دەنووسـینەوە، کە ئەمڕۆ ئەگەر بە جوانترین شـێوە چاپ بکرێنەوە و بۆمـانیـان بهێننەوە، زۆرینەیـان نـاخوێنینەوە. لە کتێبی (گەڕانەوەیەکی کـاتی بۆ دایەلۆگێکی بەردەوام)دا بەشـێکم بۆ ئەوە تەرخان کردووە. جەماوەر خاوەنی یادەوەرییەکی زۆر کورتە، چونکە ئەوانەی لەو یـادەوەرییەیدا شـوێنی کردوونەتەوە، شـتی کـاتی و ڕووکەشـن. ئەوەی دەتوانێت یادەوەریی تاک بپارێزێت، ئازارە. ئەو شتانەی لە ڕێگەی ئازارەوە پێمان گەیشتوون، هێزی مانەوەیان هەیە.

دیسان بۆ پرسیار دەگەڕێینەوە، کە پێچەوانەی وەسف، ئازاراوییە. پێشـتریش گوتوومە ڕەخنە بەرهەمی نووسـینە، بۆیە پرۆسـەسـێکی هێمنە و بەو هێمنییەی نهێنییەکـانی تێکسـت دەدۆزێتەوە، تـاکوو لێکدانەوەی جیاواز لەوەی نووسـەر مەبەسـتی بووە، بکات. لەبەر

ئەوەیە ڕەخنە هەمیشـــە ســـەرســـامی بە دوای خۆیدا دەهێنێت. دیارە ســـەرســـامی لە شـــتی نوێوە دێت، کە هیچ نوێیەک بەبێ ئازار نایەتە کـایەوە، بـۆیە هـێـزێـکـی گەورەی هەیە. چەنـد ڕۆژێ لەمەوبەر هاوڕێیەکم ئەو بۆچوونەی منی بە مەبەســـتی گفتوگۆ لە فەیســـبوکدا وروووژاند. هاوکات پێی خۆش بوو چەند وشـەیەکی تری لەو بارەیەوە پێ بڵێم. ڕاســـتییەکەی هەر کاتێ ئێمە بەو تێگەیشـــتنە ڕازی نین، کە هەتا ئێســـتا بۆ هەر بابەتێک کراوە و دەمانەوێت لێکدانەوەی تری بۆ بکەین، ئەوە مەبەســـتمانە ئەو بـابەتە تێـک بشـــکێنین، کە لە هەر تێکشـــکاندنێکدا شـــتی نوێ دێتە کایەوە. ڕەخنەی کوردی هێشـــتا بیرۆکەی (ڕووخاندن)ی نەناســـیوە، یان لانی کەم چاکی نەناســـیوە. ڕووخاندن پێچەوانەی دامەزراندن پرۆســـەســـێکی تاکانەیە، واتە ئێمە کـاتێ دەڕووخێنین، پێویســـتمـان بە هیچ پلان و نەخشـــەیەک نییە، ڕەچاویان بکەین، بەڵکوو بە ناچاری شـــێوازی خۆمان دەگرین، لە کـاتێکـدا (دامەزرانـدن) پێویســـتی بە نەخشـــەیە. بە مـانـایەکی تر ڕووخاندنی هیچ تاکێک لە هیی ئەوەی دیکە ناچێت. من بە شـــێوازی خۆم و تۆیش بە شـــێوازی خۆت دەڕووخێنیـت، بەڵام دەکرێـت دامەزرانـدنەکـانمـان ئەگەر کتومتیش لە یەک نەچن، لە زۆر ڕووەوە پێـک بگەنەوە. (دێریدا) کـاتێ پێ لەســـەر چەمکی (تێکشـــکـانـدن) دادەگـرێـت، وەک ئەوە وایە خـودی (دامەزرانـدن)یـش لەگەڵ (ڕووخـانـدن)دا یەکســـان بکـات، بۆیە وەک پێشـــتر گوترا لەگەڵ بەردەوامیی ئەو پرۆســـەســـەدایە. تێکشـــکاندن و دامەزراندنەوە، تێکشکاندن و دامەزراندنەوە، تێکشکاندن و...

پرسیاری من ئەوەیە، ئایا کاتێ ئاستی ڕەخنەی خۆمان بەو شێوەیە دەبینین، ناکرێت گومان لە تێکڕای مێژووی ئەو پەنجا ساڵە بکەین؟ ئایا ئەو ڕەخنەیەی هەندێک ناوی زەق کردوونەتەوە و هەندێکی بە لاوە ناون، حوکمەکانی لە شوێنی خۆیاندان؟ ئایا نووسینی شیعر، چیرۆک، ڕۆمان و هەر ژانرەیەکی تر بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەی نووسەر نین؟ ئایا ڕاستە ئەو نووسەرەی بایەخی یەکەمی بە وەسف داوە، داهێنەری گەورەیە؟ ئایا بەبێ بواری فەلسەفە لە توانامانداهەیە بەرهەمی گەورە بنووسین؟ ئایا ئەو نووسەرانەی جەماوەر بە ڕووناکبیر، بگرە بە فیلۆسۆفی داناون، کاتێ بە چاوی ڕەخنەگرانە دەیانخوێنینەوە، بە هەمان ئەنجامی ئەو جەماوەرە دەگەینەوە؟ ئەمانە و کۆمەڵێک پرسیاری تر بە کراوەیی جێ دەهێڵم. ئەوەیش دەڵێم، کە هەر کاتێ نموونەم لە نووسەرە دیارەکانی خۆمان هێناوەتەوە، ناویم نەهێناون، لەبەر ئەوەیە وەک دیاردە باسم کردوون. هەست دەکەم ناوهێنان لە شوێنێکی ئاوادا جۆرێک چوارچێوە دروست دەکات، کە پێم وا نییە نووسینی ئەو نووسەرانە تەنیا هێندەن. لە گوتارەکانمدا ناوی نووسەرانم هێناون، کاتێ دەستم خستووەتە سەر بەرهەمیان و بۆچوونی خۆمم لەبارەیانەوە دەربڕیوە. ئەوەی من هەوڵم داوە لەو نووسەرانەی تێک بشکێنم، ئەو وێنانەن، کە جەماوەر بۆی دروست کردوون، تا بە شێوازی خۆم ئەو وێنانەیان بکێشمەوە. بەوەدا ڕەخنە هیی تاکە، ئەو وێنەیەی، کە بە دەستیشی دەهێنێت، تاکە و تایبەتە بە خۆی. هیچ وێنەیەک ناخرێتە ناو چوارچێوەوە، چونکە هیچ وێنەیەک

تەواو نەبووە. هەر لەم ڕوانگەیەیشەوە دایەلۆگم بە ڕێی خۆم زانیوە و دەیزانم. لە ناوەڕاستی هەشتاکانیشەوە بۆم دەرکەوتووە، کاتێ هاوار دەکەیت: ئێوە زۆر گەورەن، داهێنەری مەزنن، داوات لێ ناکرێت یەک بەڵگە بۆ گوتەکانت بهێنیتەوە، بگرە پێویست نییە چوار دێڕت لە کتێبێکی گرنگ خوێندبێتەوە، بەڵام کاتێ بە پرسیار ڕووبەڕوویان دەبیتەوە، هەر پێش نووسەرە دیارەکان، لایەنگرانیان بەوە تۆمەتبارت دەکەن، گوایە کەسێکی بێئاگایت. واتە لەسەرتە دەیان کتێبی گەورەت لە کۆمەڵێک بواردا خوێندبێتەوە، ئینجا لەبارەی نووسینەکانیانەوە بپرسیت. ئایا لایەنگرانی ئەو نووسەرە دیارانە هەمان پێوەریان بۆ ئەو نووسەرانەیان هەیە؟ ئایا کاتێ ڕەخنەگرانی میللی بە زمانی ڕۆژانەی خەڵک لە بارەیانەوە دەنووسن و پێیاندا هەڵدەدەن، بەوە تۆمەتباریان دەکەن، گوایە کەسانی بێئاگان؟

ئەوەی من قسەم لێوە کردووە، ڕەخنەی زاڵی ئێمەیە، دەنا وەک گوتم لێرە و لەوێ هەوڵی گرنگمان هەن، کە بە گشتی هیی ئەو نووسەرانە نین، ناوی ناسراون و خاوەنی جەماوەرن. نەخێر، نووسەرانی ترن. ئەو لاوانەیشن، خەریکی وەرگێڕانی کتێبی فیکریی ڕەخنەییی فیلۆسۆف و ڕەخنەدۆزەکانن. ئەوانەن، گوتاری تۆکمە لەبارەی کۆمەڵێک چەمکەوە دەنووسن. بە داخەوە هەندێکیان هێشتا نەیانتوانیوە خۆیان لە ژێر دەستەڵاتی ئەو نووسەرانە ڕزگار بکەن، کە لە ڕێی وەسف و بە پاڵپشتی جەماوەر گەورە کراون، بەڵام هەندێکیان ئەو هەنگاوەیشیان ناوە. چەند ساڵ لەمەوبەر نووسەرێکی لاو نامەیەکی ئاڕاستەی نووسەرێکی دیار کرد، کە بۆ من ئەو نامەیە زەنگێک بوو،

پێی گوتم بە مێژووی نووســـــینی ئەم پەنجـا ســــــاڵەدا بچووەرەوە**!** هەڵوێسـتی نووسـەرە دیارەکە هێندەی تر دەنگدانەوەی ئەو زەنگەی لە ناو سەرمدا گەورە کرد.

# ڕەخنە، خوێندەوە، تیۆر

سمکۆ محەمەد؛ نووسەر و شاعیر



لە مانای سەرەکی تێرمەکەوە دەستپێدەکەم کە ڕەخنەیە، ئەم چەمکە واتە ڕەخنە، کۆمەڵگە بە گشتی و نووسەر بە تایبەتی ئەگەر لەنێو سیستمدا نەژیابن، ئەگەر بەو تێڕوانینە کە هیچ شتێک پیرۆز نییە و هیچ شتێک مەعسوم نییە و هیچ شتێک لەدەرەوەی ڕەخنە نییە، مەحاڵە ڕەخنە درووست ببێت. ئەم تێرمە ئەگەر بۆ خوێنەری تێکستی ئەدەبی وەریبگرین، لە بنەچەدا جۆرێک لە چێژوەگرتنی خوێنەری تێکستە لەنێو فەزای خوێندنەوەدا، بە تایبەتی ئەوکاتەی جیاوازی یان بە پێچەوانەوە لێکچوون لەنێوان تێکستێک و تێکستێکی دیکە ئاشکرا دەبێت، یان جیاوازی لەنێوان تێکست و مانا و مەبەستی ئیستاتیکیدا ڕوون دەبێتەوە کە ڕەخنەگر یان خوێنەری تێکستە ئەدەبییەکە، بۆیە ڕەخنەگر وەکو باوکی دەقەکە و داهێنەرێکی ناوەوەی دەقەکە دەبینرێ.

ئەم تێرمە چونکە موڵک و بەرهەمی ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەیەکی وەکو کوردستانی نییە، کەواتە دەبێ ئەوە بزانین کە وەرگیراوە، بۆیە یان ناتوانین بەسەر دەقدا پراکتیکی بکەین، یان تەنها بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ئەدەبی و کایەکانی تر ناوی دێت، ڕەخنە لەنێو بیرمەندانی ڕۆژئاوا فرە مانای پێدراوە، چونکە دابەشی سەر چەند تیۆرێکی وەکو دەروونناسی و بونیادگەری و کۆمەڵناسی و ڕیالیزمی و هتد کرا، هەروەها ڕەخنە لە فەلسەفەی ڕووت و ڕەخنە لە مەعریفەی سەرەتایی و ڕەخنە لە سەفسەتەبازی کە سەرەکیترین کێشەی یۆنانییەکان بووە لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەدا، هاتۆتە بوون، هەر ئەمەش بووە بەبنەمای درووست بوون و دەوڵەمەند بوونی ئەم تێرمە، دواتر دوای ئەم بنەمایە وەک ڕەخنە، مەسەلەی ئایین دێتە پێشەوە، ئیدی ڕەخنەگرەکانی ئایین کە ڕەخنە بووە لە سیستمی ژیان، تێڕوانینی خۆیان هەبووە و لەوێوە دانانی یاسا لەبری پرەنسیپەکانی ئایین وەکو مەرج دانراوە، دوای ئەم دابڕانە ئەدەبی و سیاسی و یاساییە، (قەشە ئۆگستین) کە لەژێر کاریگەری ئەفلاتوون و ڕواقییەکان بوو، دژ بەو کەسانە وەستایەوە کە هێرشیان دەکردە سەر کەنیسە و ڕاهیبەکان، بەپێچەوانەوە بەرگری لە شێوازێکی

نوێی دەقی ئایینی دەکرد، بەڵام لەرۆژئاوا نموونەی (ژان ژاک ڕۆسـۆ) یەکێکە لەوانە و دیکارتیش کەسێکی ترە کە بە سوکراتی دووهەم ناسراوە لە ڕۆژئاوا، ڕەخنەیان بەئاراستەیەکی دیکەدا برد، پاشان ڕەخنەی ڕادیکاڵی دێتە پێشەوە کە ئەمەش لە فەیلەسوفی بەناوبانگ (ئەمانوئێل کانت) ەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش ڕەخنە لە عەقڵی پەتی و ڕەخنە وەکوو بەهرەی حوکم و دامەزراندنی سیستمی عەقلانییەت لەبری ئایدیالیستی دەگرێت، پاش ئەوانیش فیورباخ کە فەلسەفەی تێر نەکرد، پاشان مارکس دێتە پێشەوە کە ڕەخنەکەی ڕیشەیی و پیشەیی بوو، مەبەست لە پیشەیی ئەوەیە کە ڕاستەوخۆی پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکەوە هەبوو، بۆیە بووە بنەمای هەموو ڕەخنەیەکی ڕادیکاڵ لە بواری ئەدەبی و ئابووری و کۆمەڵناسیش کە (جۆرج لۆکاش و لوسیان گۆڵدمان و گاستۆن باشلار و ڕۆلان بارت و جاک درێدا) و هتد لێیەرهەمهات، پێشتریش فرۆید هەبوو کە ڕەخنەی لە چەپاندنی غەریزەکاندا کۆکردبووەوە.

ئێمە لەبەر ئەوەی نزیکین وەکوو ڕۆشنبیری و وەکوو سیستمی ئایینی، بۆیە کاریگەری ڕۆشنبیرانی عەرەبیمان لەسەرە، کەواتە کەسێکی وەکوو (تەها حوسێن) وەردەگرم کە کۆمەڵناسێکی ناوداری کایەی ئەدەبی و فیکری عەرەبییە، پێیوایە ڕەخنە میتۆدێکی فەلسەفییە و ڕەخنەگر دەبێ داماڵڕاوبێت لەهەر شتێک کە لایەنگری ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بێت، ئەگەر خاوەنی هەر ئایدیایەک بێ بەتایبەت لەکاتی خوێندنەوەی دەقێک، ئەوا خوێندنەوەکە نەشاز و ناسرووشتی دەبێ، وەکوو ئەوە وایە لە قینی دەقنووسەکە ڕەخنەی گرتبێت، نەک بەرپرسیارێتییەکی ئەدەبی و فیکری. ڕۆلان بارت پێیوایە ڕەخنە گوتارێکە لەبارەی خودی گوتارەوە، ئەمەیان بابەتەکە حوکمی لەسەر دەکات. ڕەخنەی دەرەکی هەیە کە بریتییە لە تێڕوانینێک لە ڕەسەنایەتی بۆچوونەکە، ڕەخنەی ناوەکییش بریتییە لە تێڕوانینی خود لەبارەی پێکهاتە و ناوەڕۆکی بابەتەکە. لەڕاستیدا ڕەخنە بۆ خۆی بریتییە لە هەڵسەنگاندن و پێوەردانان بۆ بەهای بابەتەکە، سا با هەر بابەتێک بێت.

ڕەخنەی ڕاڤەکاری بەپێی پێوەرێکە کە خوێندنەوەی یەکەم هەڵدەستێت بە وروژاندنی دەقەکە و خوێنەری دووهەم کەڵکی لێوەردەگرێت، ئەمەش لەدەرەنجامی ئەو ئەزموونەیە کە خوێندنەوە لەرێگەی ڕاڤەی دەقەوە دەدرێت بە خوێنەری دووەم، بەو مانایەی کە خوێنەری یەکەم هەڵدەستێت بە تەتەڵەکردنی کەموکوڕی و ئیشکالیاتی نێو دەقەکە، یان ئەو تێگەیشتنەی کە ئیستاتیکای دەق دەبینێت، وردتر و سەرنجڕاکێشترە. ئەمە لایەنێکی بابەتەکەیە، بەڵام لایەنی دووەم ئەوەیە شوێنەواری سایکۆلۆژی دەقنووس، یان دانەرە لەرێگەی هێڵە باریکەکانەوە کە خەون و خەیاڵ دەدۆزێتەوە و دەیخوێنێتەوە. کەوابوو ڕەخنە تەنها نیشاندانی دیوە نیگەتیڤەکەی دەق نییە وەک پێناسە کراوە، بەڵکو ئەو نهێنیانەیە کە ڕاڤەکارانی ئەدەب کە خوێنەری یەکەمە، پێشکەشی خوێنەری دووەمی دەکەن.

ئەگەرچی ئەم چەرخە نوێیەی کە ئێستا تێیدا دەژین، چەمکێکی نوێی بەرهەمنەهێناوە و هەر چەمکە کلاسیک و کۆنەکان بەکاردەهێنرێت بۆ هەموو کایەکانی ژیان بەتایبەتی بۆ ئەدەب، بەپێچەوانەی سەدەی ڕابردوو کە دەیان چەمکی فیکری بەرهەمهات و بەسەر ئەدەبیشدا پراکتیک کرا، بابەتی ڕەخنەش وێرای ئەوەی بەدرێژایی چەندین دەیە بە هەڵە کارپێکرا و تاڕادەیەکیش ڕووە نیگەتیڤەکەی وەرگیراوە کە ڕاست نییە، بەحوکمی ئەوەی بەکارهێنەرانی چەمکە فیکرییەکان خۆیان خاوەنی نیین، بۆیە خراپ و بەهەڵە بەکارهێنران لەنێو کایەی ئەدەبی و فیکری و نووسین، ئەمە ئەو دیاردەیە بوو کە چیتر نەیتوانی ببێتە ئامانجێک بۆ بابەتەکانی دیکەی ژیان، بەڵام لانیکەم توانی ببێتە ئامرازێک بۆ خاڵی کردنەوەی ئەو چەمکانەی کە پێشتر لەزۆربەی کایەکاندا هەبوون و بە تایبەتی ئەدەب. هەڵبەت ڕەخنەی ئەدەبی بۆ یەکەمجار لەلای یۆنانییەکان پەیدابوو و دوای ئەوە گوازرایەوە بۆ ئەسکەندەرییەی میسر و پاشان قوتابخانەگەلێکی جیاوازی لێ پەیدا بوون، دووبارە گەڕایەوە ڕۆما و کاریگەری لەسەر شاعیران و ڕەخنەگرەکانی دانا و ئینجا لەسەردەمی ڕێنیسانسدا دووبارە سەریهەڵدایەوە و پاشان لەسەردەمی کلاسیکی نوێدا

دەرکەوتەوە. ئەوجا کاریگەری لەو لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرانەی زانستە مرۆییەکان وەرگرت کە بەدیهاتبوون و سوودی لە بابەتگەلێکی نوێی وەکو کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زانستە مرۆییە پێشکەوتووەکانی سەردەمی نوێ وەرگرت.

رەخنەگر ئەو کارەی دەیکات دەبێتە هەڵقەیەک لەنێوان تێکستە ئەدەبییەکە و خوێنەر، بۆ ئەوەی خوێنەر ئەزموون پەیدا بکات و بتوانێ تێکستەکە بنرخێنێ، یان لانیکەم بەرچاوڕوونی هەبێت سەبارەت بە باگڕاوەندی و ساغڵەمی تێکستەکە، بەڵام بۆچوونێکی دیکە هەیە کە ڕەخنەگر بەکەسێکی بەخیل و بەرچاوتەنگ و دڵڕەق ناسراوە لەلای دەقنووسەکان، بۆیە هەوڵ دەدات ڕەخنە لەدەقەکە بگرێت و لە بایەخی دەقەکە کەمبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە وا ناسراوە کە بەرگری لەخودی ئەدەب دەکات و ئەدەب لە پاکێتی دەپارێزێ لەپێناو خۆشەویستی بۆ خودی ئەدەب خۆی، نەک خاوەنەکەی. بەڕوویەکی دیکەشدا شێوەیەکە لە ڕەخنەگرتنی کلاسیکی و لاسایکردنەوەی ڕابردوو، ئەم تیۆرە لەژێر کاریگەری دیالێکتیکیدایە کە گومانی هەبوو لەوەی تێکستێک، ئایا ئەدەبە یان نا، بۆیە پێیان دەگوترێت مشەخۆر، چونکە ڕەخنە و ڕەخنەگر خاوەنی هیچ بەرهەمێک نییە و تەنها لەسەر بابەتی کەسانی دیکە دەنووسێت، بۆیە بەرهەمی کەسانی دیکەش بەو شێوەیە دەبینن. ڕستەیەکی بەناو بانگ هەیە دەڵێ (ینقد من لایستطیع ان یبدع) واتە ئەو کەسەی ڕەخنە دەگرێ ناتوانێ داهێنان بکات.

بەڵام سەرەنجام ئەوەی کە ڕەخنەگر دەیکات، ئەوەیە کە شوناسی دەق و سەربەخۆیی و کاریگەرییەکان پشتی دەقەکە ئاشکرا دەکات، بەڕوویەکی دیکەشدا ڕۆحی نووسەر و ڕۆحی خوێنەر بەیەکتر دەگەیێنێ لەرێگەی ڕەخنە یان خوێندنەوەکانییەوە بۆ دەقەکە، سا با ئەو دەقە هەر بابەتێک بێت.

بۆ نموونە تێکستێک کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە کۆمەڵگەوە هەبێت، ئەگەر بواری ئەدەبیش بێت، دەبێت باسەکە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە بێت، ئەمە دەڵێم تەنها بۆچوونی خۆم نییە، بەڵکو تێگەیشتنی (لوسیان گۆڵدمان)یشە کە سەرمەشقی ئەو شێوە تیۆرەیە بۆ ئەدەب، یان هەر ڕێبازێکی دیکەی ئیستاتیکی و ڕەگەزە ئەدەبییەکانە کە ئەرکی نووسەر و بەرهەمهێنانی بابەتەکە و یاسا گشتییەکان دیاری دەکات. گۆڵدمان کە لەژێر کاریگەری جۆرج لۆکاش بوو بۆ تێڕوانینی کۆمەڵناسیی ئەدەبی، پێیوایە نووسەر بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕیالییەتییە چینایەتییەی کە تێیدا دەژی و لەبونیادی زەینی خۆیدا ڕەنگدەداتەوە، دواتر لەنێو دەقێکی بەرهەمهاتووی ئەدەبی و هونەریدا، جیهانبینی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییە دەخاتەڕوو کە خۆی تێیدا دەژی.

ڕۆلان بارت لە کتێبی ڕەخنە و هەقیقەتدا سەبارەت بە جیاکردنەوەی ڕەخنەی کۆن و نوێ دەڵێ" هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی بەرهەمە ئەدەبییەکان کارێکی گرینگە، هەندێک لێکۆڵەرەوە لەسەر بنەمای ئەو شێوازانەی کە ڕەخنەی کۆن هیچ قسەیەکیان لەسەر ناکات، ئەو کارەیان ئەنجامداوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ڕەخنەی کۆن بانگەشەی ڕێزگرتن لەپێکهاتەکان دەکات، بەبێ ئەوەی دەستی دابێتە پێکهاتەگەرایی (ئەو وشە گەندەڵی خولقێنەی کە دەبێ زمانی فەرانسی لێ پاک بکرێتەوە)، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە دەبێت کۆمەکی خودی بەرهەمەکە بەرهەمێکی تر بخوێنێتەوە، بۆیە ڕەخنەی کۆن لە ئاست بینین و بەکارهێنانی هێماکان، واتە هاوژینی ماناکان لاواز و کوێرە، لەڕوانگەی ئەو ڕەخنەیەوە هەر ئەوەندەی هەنگاو بەسەر کارکردە بەرتەسک و دانایی ئامێزەکانی زماندا هەڵبهێنرێتەوە، ئەم کارکردە هێماگەرە گشتگیرەی بواری درووستکردنی بیرۆکە و وێناندنەکانی، بەرهەمێک فەراهەم دەکات سنووردار و بەرتەسک و سانسۆر دەکرێت. ڕەخنەی ئێمە کە پشتی بەهیچ فیکرێک نەبەستووە کە لە کوردەواریدا سەرچاوەی گرتبێت، هەتا ئەم ئاستەش نەڕۆیشتووە کە لانیکەم بۆ سەرچاوەکانی بەرهەمەکە بگەڕێتەوە، یان

لانیکەم ئاوڕێک لە ڕابردوو بداتەوە، یان ســـــازش دەکات، یان کوێرانە هێمای ئێکس بەســـەر دەقەدا دەدات، واتە هێڵێکی ڕاســت و چەپ بەســەر دەقەکەدا دەدات. خۆ ئەگەر لەوەش ترازا و کەســـێک خوێندنەوەیەکی جددی بۆ تێکستێک کرد و پشت و ناوەوەی دەقەکەی ئاشـکرا کرد، ئەوا دوژمنێکی ســــایکۆلۆژی بۆ خۆی پەیدا کرد، چونکە وەکو دیدگایەکی فیکری تەماشـــــا ناکرێت. ئەدەبیاتی کوردی خاڵییە لە ڕەخنە، چونکە پراکتیک کردنی ڕەخنە بەســـەر دەقێکدا، زانســت و سـیســتم و میتۆدی گەرەکە، نەک کێشەی نەتەوە و کۆکردنەوەی جوانی لە گوتار و مەبەستدا بۆ بەتاڵ کردنەوە و حەماســەت و سـۆز بۆ کێشــەیەکی سـیاسـی، نەک کێشـــەی ئەدەب وەکوو هونەر. باشــترین نووســین بۆ ڕەخنە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، کتێبەکەی دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ ە بەناونیشانی (ریالیزم لە ئەدەبی کوردی) کە بەزمـانی عەرەبی نووســــراوە،چاپی یەکەمی لە وڵاتی لوبنـان بووە و وەکو میتۆد لە زانکۆکـان دەخوێنرێـت و وەکو ســەرچاوە کەڵکی لێوەردەگیرێت، ئەمەش لەبری ئەوەی نووسـەر ڕابهێنێ لەســـەر ڕەخنە و نووسـین و ناسـینەوە و یەکلاکردنەوەی دەقی خۆماڵی و ئەوانی تر، کەچی خوێنەری فێرکرد ئەدەب دووچاری پەیوەسـت گەرایی بکات بەو فەزایە.

***

تیۆر، بابەتێکی هەسـتیاری فکرییە کە پێدەچێ لەمدواییەدا کەمتر بایەخی پێدرابێت لەفەزای ئەدەبیدا، بەتایبەتی لەرۆژهەڵات، یان لە دونیای ئەدەبی و نووســـینی کوردیدا، بەڵام کارەکە لەمێژە هەیە و هیچ کەلێنێکیشـــی بۆ ئیستاتیکا و هونەرەکانی دیکەی ئەدەب نەهێشتۆتەوە، بەو پێیەی کە دەیان بیرمەندی ئەم بوارە بەم کارە هەڵساون.

قسەکردن لەسەر تیۆر شتێکی ئاسان نییە، چونکە پێناسـەی جۆراوجۆری هەیە، یەکێک لەو پێناسانەش بریتیین (لەوەسف یان مانای گشتی بۆ دەق)، ســا با هەر دەقێکی ئەدەبی بێت، گرینگ ئەوەیە پێناســەیەکی دیکە ئەوەیە

کە بریتییە (لە لێکۆڵینەوە یان شیکردنەوەی تێکستێک بەرمەبنای فکرێکی دیاریکراو)، یان تێکستێکی ئەدەبی و فۆلکلۆری یان زانستی و هتد، لەپێناسەیەکی دیکەدا کە من خوێندوومەتەوە، (رۆمەن یاکۆپسن) ی زمانناسی ئەدەبی ڕوسی، پێیوایە بەکارهێنانی تیۆر، بەمانای گەنجبوونەوەی دەق دێت، سەرهەڵدانی ئەم چەمکە فکرییە بە ڕێوڕەسمێکی مێژووییدا تێپەڕیوە و لقی جیاوازی لێبۆتەوە. وەکو توێژینەوە لەزمانناسی و ئەنتۆلۆژی وایە، ئەم تێڕوانینە فکرییە هەریەک لە (لیڤی شتراوس و تەزفیتانت تۆدۆرۆف) سەرمەشقی بوون، بەو پێیەی کە زۆربەی چەمکە فەلسەفییەکان سەرچاوەکەی ئەسینایە، بۆیە یەکەمین جار کەسێک کە زاراوەی تیۆری بەکارهێناو (ئەفلاتۆن) بووە، ئەویش بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر سیستمی دەوڵەت کە ئەوکات بەدەوڵەتشار ناوینراوە، دوابەدوای ئەویش (ئەرستۆ) بۆ هونەر و ئەدەب و سیاسەت کاری پێکردووە، دواتریش لەسەردەمی ڕێنسانسدا کەسێکی وەکو (فرانسیس بیکۆن) و دواتریش (دیکارت) لەسەدەی حەڤدەهەم لەبواری عەقڵ و ئاشکراکردنی هەقیقەت و لەبواری زانستدا کاری پێکراوە، لەدوای ئەو کەسێکی وەکو (ئەمانوئێل کانت) لەبوارەکانی ئەخلاق و سیاسەت زاراوەی تیۆری بەکارهێناوە، دوای ئەویش (کلۆد بێرنار) کاری بەتیۆری واقیعیانە کردووە. تیۆر یەکێکە لەو شێوە زانستانەی کە بەنەفعی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەمەش بەئەزموونگەرایی لەزانستێکی دیاریکراودایە. بەڵام هەموو فەیلەسوفەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە تیۆر کارێکی زەحمەتە و زۆرجار بەرهەمی ڕاستەقینە و کۆنکرێت بەدەستەوە نادات و ڕێگە بەبۆچوونی دیکە دەدات.

لەسەرووی هەموو ئەو تێڕوانینانەوە، تیۆر ڕێکارێکە بۆ توێژەر، یان نووسەری بابەتێکی فکری بۆ کۆکردنەوەی مەعریفەیە لەسەر هەر بابەتێک بۆ پۆلین کردن، پاشان شیکردنەوەی سرووشتی بابەت و دیاردەکە بەسەر توێژەردا دەسەپێنێ کە پێویستە چ تیۆرێکی فیکری بەکاربهێنێ، تاکو ئامانجەکە بپێکێ، وردتر بڵێم تیۆر بریتییە لە

پرۆسـەکانی سـەرنجدان و وردبوونەوە و بەدەسـتهێنانی زانیاری و کۆکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لەرێگەی جیاوازەوە بەدەستهاتوون، دواتر پۆلینکراون و شـیکردنەوەیان بۆ کراوە، هەروەها هەوڵێکە بۆ شـیکار و تۆماری دیارکراوی بابەت و چاوپێکەوتنی ئەو کەس و لایەنانەی کە گرێدراوی بابەتەکەن، کە دەڵێین سـەبارەت بە ئەدەب مەبەسـتمان لەوەیە کە پێناسەیەکی گشتگیری سیستماتیک هەبێت بۆ ئەدەب، وەکو نووسین و وەکو ناسینی سروشت کە لەئەدەبدا وێنا دەکرێت.

تیۆر لەسـەر بنەمای بەرهەمی ئەدیب و خودی دانەر و دەق لێکدانەوە دەکات، لەوێشەوە بۆ مانا سۆسیۆلۆژییەکەی کە زمان و مەبەست و پشتی ئامانجی دەق و گوتارەکەیەتی، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێنیسانس گەشـەیەکی تەواوی بە یەکێتی نێوان ستایل و جەوهەری دەق دا، لەوێدا کە دەق وەکو نموودی خۆی و جەوهەریش وەکو مەبەست و ئامانج لە گوتاری دەقەکە. ئینجا بۆ دەقنووس کە ئەرکی چییە لەو گوتارە و لەو مەعریفەیە و لەسـەر چ بنەمایەک بۆتە وەزیفەی دەقنووس. ڕۆلان بارت لە کتێبی نووسـین و ڕەخنەگرتن دەڵێ: مەعریفە بە سـروشـت وادەکات زمان فراوانتر و کراوەتر بێت، ئەویتر توێژینەوەیە لەبارەی بەرهەمهێنانی شێوازی ئەدەبی ئەرستۆکراتی، هەروەها مەرجی قەیرانی مێژووییشە، ئەمڕۆ دەکاتەوە بە سـبەی، چونکە مەبەسـتی ئیسـتاتیکی و ڕێکخسـتنەوەی بابەتەکان تەواو ناکات، ئەم زمانە پێشـکەوتووترە، بەومانایەی ئەمڕۆ مێژوو دەپچڕێنێ لەنێوان خەتی نووسـەری کۆمەڵایەتی و ئەو پێداویسـتیانەی کە لاسـایی دەگوازێتەوە، ئێمە شـاهیدی ئەوەین کە لەسـەردەمی سـەرهەڵدانی بونیادگەری وەکو تیۆرێک بۆ فراوانکردنی تێگەیشـتن لە ئەدەب وەکو فەزایەکی کراوەتر لە کایەکانی تر، هەروەها فراوانکردنی ڕەخنە بوو لەو ئەدەبەی کە بەبێ ئاگاهی لاسـایی کەرەوە بوو. هەروەها بزووتنەوەیەکی فکری بوو لە بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و مێژوو بە گشتی، لەوێشـەوە بە شـێوەیەکی تایبەت بۆ زمان، کە مەبەسـتە هەرە ئاشـناکەی لێکۆڵینەوە بوو لە سـیسـتمی دەلالی بۆ ئەدەب، واتە لە بەکارهێنانی

موفرەدەیەک، مانایەک هەبێت، وەکوو ئەوەی جاک لاکان باسـی دەکات، سـەرەنجامیش تێگەیشـتنێک درووسـت بوو کە ڕۆڵی ئەدەب تەنها لەوەدا قەتیس نەکرێت، خوێنەر ڕازی بکرێت بە چێژ وەرگرتن لە دەق، ئەمە وەکو تێرم، یان مانایەک بێت بۆ بەرهەمهێنانی دەق، بەڵکوو مەبەسـتێک بێت لە واتـایەک کە بـایەخێـک بە توانـای خوێنەر بـدات و لەوێشـەوە پەیوەستگەرایی بە خوێنەر بدات و دانەر موحاسەبە بکات لەسەر ستایل و ئامانجی دەق. بەڵام سـەرەنجام من بۆ خۆم نەمبینیوە و نەمخوێندۆتەوە دەقێـک بە تیۆر یـان بەرمەبنـای تیۆرێکی دیـاریکراو خوێنرابێتەوە، یـان ڕەخنەکاری تیاکرابێت، لەهەموو حاڵەتێکدا دونیای ئەدەبی و ڕۆشـنبیریی کوردی خـاڵییە لەم بـابەتە زانسـتییە ئەدەبییە. مەگەر کلێشـەیەک نووسـرابێتەوە بۆ دەقێکی بیانی و نووسـەر و ڕەخنەگرە کوردەکەش پراکتیکی کردبێتە سـەر دەقێکی کوردی، کە من دەتوانم دەیـان نموونە وەکو نـاو و وەکو تێکسـت بـاس بکەم، بۆیە کە دەیخوێنینەوە تەنهـا بۆ جوانکردنی جامخانەی ئەدەبەو هیچی تر.

***

دوای ئەم سەردەمە مێژووییەی ڕەخنە، ئیدی میتۆد گەشەی سەند و ڕەخنە بەجێگـای ئەوەی وەکو تێرمێکی وشـک بمێنێتەوە، بوو بە یەکێـک لەئامرازەکانی فشـار بۆ سـەر کەسـانی کورتبین و چوارچێوەدار لە فەزای ئەدەبیـدا کە بووە کـایەیەکی فراوان، ئەویش خوێنـدنەوەی دەقە لەبری ڕەخنە لە دەق، هەرئەمەیە کە ماناش لەفاکتە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەدەب کەوتە بەر ڕەخنەی جددی، یان خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی.

بەپێی ڕەخنەگرە هاوچەرخەکان بێت کە نموونەی سێ جور ڕەخنەمان بۆ لەیەکتر جودا دەکەنەوە، لەئاسـتی ڕەخنەییدا مانا گرینگییەکی بەرفراوانی هەیە، چونکە ئەدەب بەگشـتی بەدوای مانادا دەگەڕێت، بەتایبەت ئەدەبی گەلانی ڕەسـەن کە کاریگەری لەسـەر نەتەوە و گەلانی دیکەدا هەیە، بۆ نموونە کـاریگەری ئەدەبی عەرەبی لەسـەر فـارس و کورد، ئەدەبی

ئینگلیزی لەسەر فەرانسی و ئەوانی تر، بەڵام هەموو ئەو ئەدەبە جیاوازانە لەڕووی زمانەوە، نەیانتوانی مەسەلەی کاریگەری زمان و داستان و تێگەیشتن بۆ ئەدەب ڕزگاریان بێت و خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

جیاکردنەوەی بابەت و تیۆری ڕەخنەیی وەکو سۆبژێکتێکی ماتماتیکی و کۆکردنەوەی مانا، لەنێو دونیای ئەدەبیاتی کوردیدا نەک هەر کاری پێنەکراوە و نەبۆتە تێگەیشتنی فیکری بۆ دەقی ئەدەبی، هەروەها نە لەکردارەوە تووشی پەرچەکردار بووە و نە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی هەبووە لەبەرامبەر فەوزای تێکستی ئەدەبی کە من ئەم مەسەلەیە بەدەستێکی سیاسی دەزانم و لێرە بواری ئەوەم نییە قسەی زۆر لەسەر بکەم، بۆیە بەپێچەوانەوە ڕەخنە لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا بەدوای دۆزینەوەی جیهان لەنێو مانا و گۆڕینی تێکست بۆ مانایەکی دیکە نەگەڕاوە، چونکە نە ڕەخنەگر بوونە و نە خوێنەری دەق، بەڵکو بەهەمان شێوەی پێشوو دابەشی سەر سێ جۆری جیاواز لەیەکتر کراوە کە دوورە لەم تێگەیشتنەی لەسەرەوە باسمان کرد، ئێستا دێینە سەر نموونەکانی ڕەخنە:

نموونەی یەکەم: ڕەخنە لێرەدا بەو مانایە دێت کە دەقی کوردی لەژێر کاریگەری ڕەخنە لدونیای عەرەبیدا هاتۆتە ئاراوە، ئەویش ستایلی بە گواستنەوەی سروشت واتە (انطباعیە) کاریگەرە، ئەوەی کە هەموو شتێک لەچێژدا کۆدەکاتەوە، یان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و مەحسوبیەت زاڵە بەسەر دەقە ڕەخنەییەکەدا، لەنێو عەرەبدا نموونەی (سەید قوتبمان) لەبەردەستە کە لەسەر کارەکانی (نەجیب مەحفوز) نووسیویەتی، هەروەها (محەمەد مەندور) کە قوتابی (تەها حوسێن) بوو، بەبیانوی ئاشکراکردنی دەلالەتی زمانەوانییەوە، قسەیان لەسەر کارەکان دەکرد، من ئەم بابەتانەم لە فکری ئەدەبیاتی عەرەبیدا خوێندۆتەوە.

ئەو خوێندنەوانەی کە بۆ هەندێ تێکستی شیعری و ڕۆمانی کوردی کراوە لەلایەن خوێنەرە کوردەکانەوە، هیچ پێوەرێکی ئەدەبی و فکری

نایانگرێتەوە، چونکە ئەســـڵەن کورد خاوەنی فەزایەکی کراوەی فیکری نییە، تـاکو ڕەخنە قبوڵ بکـات، یـان لانیکەم زەمینە خۆش بکـات ڕەخنە لەدەقێک بگیرێت بەبێ هیچ بیانوویەک و تەنها لەپێناو ئەدەب بێت.

وەکو ڕوون بۆتەوە کە ڕەخنە لەگەڵ چەمکی خوێندنەوەدا تێکەڵ کراون، ئەمە لەکاتێکدا کێشـەی ئەدەب و ڕوشـنبیریی کوردی کە بۆشـاییە، ئەوەیە کە خـاڵییە لە ڕەخنە و خوێندنەوەی جددی بۆ تێکســـت، چونکە ئەدیبی کورد قبوڵی ڕەخنە و خوێندنەوەی تێکســـت ناکات بەمیتۆدە جیاوازەکانی دوای هــاتنی چەمکی مۆدێرنە بۆ نێو ئەدەبیـات، بەتــایبەتی میتۆدی هەڵوەشـــاندنەوەگەرایی، لەکاتێکدا مۆدێرنە خۆی هاوردەیەکی ئاڵۆز و مەترسیدار بوو بۆ نەتەوە بێ چەمک و دور لە فیکرەکانی وەکو کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان و بەتایبەتی کورد.

نموونەی دووەم: ئەو ڕەخنەیەیە کە لەدونیـای ڕۆژئـاواییەوە هـاتووە و ئەدیبی کورد کاری پێدەکات، ئەویش خوێندنەوەی تێکســتە بەپێی میتۆد و لەوانەش بونیادگەری کە شێوەیەکە لە شرۆڤەکردن بەوێنەی بیرکاریانە و ئەندازەییانە بۆ زمان، بەو پێیەی کە بوونی تێکست خۆی وەڵامی پێدراوە تیۆرییەکانە، مەبەســـتم لە تێکســـت بونیادی ئەو چیرۆک و داســـتان و حەقایەت و شیعرانەیە کە نەنووسراونەتەوە، لەحاڵێکدا ڕەخنە تێڕوانینێکە لەو دەقانەی کە ڕەنگدانەوەی ســـایکۆلۆژیا یان شـــوناســـی ڕاســـتەقینەی دەقنووســـە. کەچی پێچەوانەکەی ڕاســـتە کە ئەلیوت گوتوویەتی(شـــیعر دەربڕینی سۆز نییە، بەڵکو ڕاکردنە لەسۆز.)

نموونەی سێهەم: لەوێدایە کە بەنێو تێکستدا بەدوای ئیستاتیکادا دەگەڕێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی فەزای فیکری خودی دەقنووس، بەبێ شـــیکاری بۆ (چی گوتن) کە لەگوتاردا دەرکەوێت، ئایا ئەو دەقانەی کورد هەیەتی خود نووســـینەوەیە، یان بەپێچەوانەوە. لەحاڵێکدا ئەم تێگەیشـــتنەش کە ناوی نراوە خود نووســـینەوە، لەزۆربەی تێکســـتەکاندا دیار نییە و بانگەشـــەی ئەوەی بۆکراوە، ئەمە بەنیســـبەت ئەدەبێک کە ناوی ئەدەبی ژنانی لێنراوە

وێرانترە، چونکە خود نووسـینەوە ئەو تێگەیشـتنەی لەلای ژنـان دروستکردووە کە لەجیاتی خودێتی خۆیان، نمایشکاری جەستەی خۆیان بن و سێکسیان نووسیوەتەوە، وەکو کاڵایەک بن، یان وەکو ڕیسک کردن لەو سانسۆرەی کە ڕێگە لە بەکاڵابوونی دەگرێت لە ئاستی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و وروژاندنی پیاو، چونکە پیاو وەکو ڕەگەزێکی جیاواز لەگەڵ ژن، بەو شـێوەیە تەماشـای ئەو جۆرە خود نووسـینەوەیە دەکات، بەوپێیەی کە کۆدی ئەو نووسـینانە لەوێوە ئاشـکرا دەبێت، ئەمەش لەچەپاندنی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە کە هیچ زانیارییەکیان لەبارەی سێکسەوە نییە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە. بۆیە کاتێک واتای ئەو نووسینەوانە دەبێتە مایەی ڕاکێشـانی خوێنەر لەڕێگەی جەسـتەوە، ڕوونتر بڵێم ئەو نووسـینانەی کە بەزمانێک ئاراسـتەی پیاو کراوە و لە وێنەی سـێکسـی بەولاوە هیچی تر نیین و ناچنە خانەی داهێنانەوە، بۆیەش جگە لەپیاوان لەدونیای ئەدەبدا، ژن نییە بەدەقی ژنێکی دیکە سەرسام بێت و خوێندنەوە بۆ دەقەکە بکات، ئەمە جگەلەوەی کە تەنها پیاو لەئەدەبی کوردیدا خوێنەری دەقە بەمانا تیۆرییەکەی، ئەم فەزایەش کارێکی وەهای کردووە کە دەقی کوردی چ شـیعر و چ ڕۆمان و چ چیرۆک و هتد مانایەکی نوێمان پێنەبەخشێ، یان لانیکەم نەتوانێ ڕیسک بکات و دوور بکەوێتەوە لەدەقی بیانی، یان ئەدەبی دراوسـێکانی دونیای ئەدەبیاتی کوردی وەکو فەڕوغ فروخزادی فارس، یان (غادە سـەمان و ئەحلام موسـتەغانمی و لەیلا عوسمان) ژنە ڕۆماننوسی عەرەبن، چونکە ئێستا ژنگەلێکی دیکەی داهێنەر لەدونیای ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا دەرکەوتوون، دەرکەوتنی ژنانی ئەدیبیش دوو بەشن، بەشێکیان ئەوانەن کە خۆڕسکن و بەتوانای خۆیان داهێنانیان کرد وەکو (نازک ئەلملائیکە)، ئەوانی دیکەش ئەستێرەی درۆزنن کە لەبەر تیشکی میدیای سیاسەت و دەسەڵات دەبن بەناو، چونکە تواناکەیان ئاسـایی و سـنووردارن و هەندێکجار لە دەقەکانیانـدا دەردەکەوێ. بەهەرحاڵ چونکە کورد کۆپی عەرەبە و ئەوانیش لەنێو سیستم نەژیاون، بۆیە هەم دەرکەوتەیەکی نوێ نابینرێت، هەم ڕەخنەگرەکانی ناتوانن ڕەخنە وەکو کردەیەکی فیکری و ئەدەبی

فەزاکە وەربگرن، ئەمە دەردەســـەرییەکەی فەزای بیرکردنەوەی ئەم کۆمەڵگەیەیە بە ڕۆشنبیر و سیاسی و خەڵکی عەوامییەوە.

# ڕەخنەی ئەدەبی:

# چەند تێڕامانی خێرا

هاشم ئەحمەدزادە؛ لێکۆڵەر و ڕەخنەگر



ڕەنگە لەو ڕۆژەوە مرۆڤ بوو بە بیسەری بابەتێک و بینەری دیمەنێک، و بە نیگا و بە وشە و تەنانەت بە ئاماژەیەک و سەرەلەقەیەک ڕای خۆی دەربڕی، ئێمە ڕووبەڕووی کردەی هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی بابەتی بیسراو و بینراو بووبین. من بە ئاگاییەوە لە یەکەم ڕستەی ئەم نووسینەدا ئاماژەم بە خوێنەر نەکرد. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی درەنگوەختی خوێنەر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. کەواتە سەردەمانێک کانگەی تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهانی دەوروبەری، شتێک نەبووە جگە لە هەستی بینین و بیستن. کارتێکەریی چڕی ئەم هەستانە لەسەر بەرفراوانکردنی ئاسۆی ئەندێشە و تێکەڵبوونیان لەگەڵ توانایی چڕکردنەوە و گشتاندنی ئاوەزییانەی مرۆڤ لە قۆناغێکی گەشەکردنی هزریی مرۆڤدا، نووسینی کردە کاراترین داهێنانی مێژووی مرۆڤایەتی. بەرەبەرە دەقی نووسراو بوو بە بەشێک لە پێداویستییەکانی ژیان و خەیاڵی بەردەوامیی ژیانی هزری و شارستانیی مرۆڤ لە دەرەوەی ئەم داهێنانەدا کارێکی ئەستەمە. لەو ڕۆژەوە دەقی نووسراو کەوتە بەر دیدی مرۆڤەوە، جۆرێکی دیکە لە تێڕوانین سەری هەڵدا.

ئێستا ئیتر بیستن و بینینی دیاردەکان نەبوون کە دەرەوەیان دەگواستەوە دونیای زەینیی مرۆڤ، بەڵکو ئەوە پرۆسەیەکی پێچەڵپێچی هاوکاریی هەموو هەستەکان بوو کە لە ڕێگەی داهێنانێکی مرۆیانەوە، تێگەیشتنێکی نوێی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکرد. تۆ کۆمەڵێک نیشانەت دەبینی و دە زەینی خۆتدا بە پێی کۆمەڵێک پیشفەرز و باوەڕ مانات دەکردنەوە و دەبووی بە هەڵگری تێگەیشتنی تایبەتیی خۆت. ئەمە سەرەتای ڕەوتێکی دوورودرێژی مێژووییە کە تێیدا سێ لایەن بەشداری بەرهەمهێنانی ڕەوتێک دەبن کە دواجار تێگەیشتنی ئێمەی لێ دەکەوێتەوە. کەس یان کەسانێک دەقەکە بەرهەم دێنن، دەقی بەرهەمهاتوو دەکەوێتە بەر دیدی کەس یان کەسانێک و دەخوێندرێتەوە.

ئەمە ئەو سێگۆشە گرنگە مێژووییەیە کە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆش درێژ بووەتەوە. لێکدانەوەی میکانیزمی کارکرد و پێوەندیی ئەم سێ لایەنە بە یەکترەوە دەبێتە هەموو مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری لە ئاستی بەرفراوانی جیهانیدا. هەتا ئەو کاتەی دەسەڵاتی نووسەر وەک دەسەڵاتی پاشا و قەیسەر و تزار و پەیامهێنەر و ڕابەر و ئاغا و کوێخا دەبینرا، ئەوە تێگەیشتن لە مەبەست و ئامانجی ئەو دەبووە ئامانجی خوێندنەوە. ئیتر دەق شتێک نەبوو جگە لە ئافرێندراوی دەسەڵاتی بێسنووری نووسەر و خوێنەریش شتێک نەبوو جگە لە بەردەنگێکی بێدەسەڵات کە دەبوایە هەموو هەوڵی خۆی دابا بۆ وەرگرتنی پەیامی نووسەر. ئەوەی بە ڕەخنەی مێژوویی ناسراوە و تییدا تێگەیشتنی پەیام و مەبەستی نووسەر بەرجەستە دەبێتەوە بۆ چەندین سەدە قسەی سەرەتا و کۆتایی دەکرد و تۆی خۆێنەریش تەنێ ئەرکی تێگەیشتنی ئەوت هەبوو. هەر بۆیە دروشمی باوی سەردەمانێکی دوورودرێژی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوە بوو تۆ هومێرۆسم دەیە من پێت دەڵێم ئیلیاد و ئۆدیسە چین. تۆ فیردەوسیم دەیە من پێت دەڵیم شانامە چییە. تۆ ئیبنی عەرەبیم دەیە پێت دەڵێم "وەحدەتی وجود" چییە. تۆ جزیریم دەیە پێت دەڵێم دیوانەکەی چی دەڵێت. ڕەنگە یەک لە نەگۆڕترین پێوەرەکانی ڕەخنە هەتا ئێستایشی لەگەڵدا بێت هەر ئەو باوەڕە بووبێت کە کاری خوێنەر شتێک نییە لە دۆزینەوەی مانا و مەبەستی نووسەر. تەنانەت بوومەلەرزەی مۆدێرنیتەش چەند سەدەیەکی پێچوو هەتا بڵێت ئەمە دوورە لە ڕاستی. هەڵبەت دەکرێ لەسەر ئاست و قووڵایی ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی مێژوویی، جیاوازیی چەندایەتی هەبووبێت، بەڵام کاکڵی بۆچوونەکە هەر یەک شت بووە و ئەویش دەسەڵاتی بێئەملاولای نووسەر بووە لە ئافراندنی مانادا. کەواتە ئەگەر بۆ ئەفلاتون، بە گوێرەی نیگارە بەناوبانگەکەی ڕافائێل لە سەرەتاکانی سەدەی شانزدەهەمدا، سەرچاوەی هەموو شتەکان لە ئاسمانەکاندا بوون و ئەو بە قامک ئاماژەی پێ دەکرد، ئەوە هەر بە گوێرەی هەمان نیگار، ئەرەستوو شتەکانی جۆرێکی دیکە دەبینی و ئاماژەی دەستی ڕوو لە زەویی ژێر پێمانە کە بۆ ئەو وەک کانگەی هەموو دیاردەکان بوو. بێگومان ئەم دوو بۆچوونە دوو خوێندنەوەی لێ دەکەوێتەوە

و دونیای بوتیقای ئەرەستو لەگەڵ دونیای کۆماری ئەفلاتون هەر لەو دەمەوە جیاوازتر وێنا دەکران. بەڵام لەبیرمان نەچێت هەتا ئێستاش هەر سەری زار و بنی زارمان بریتییە لە "ئەفلاتون وا دەڵێت" و "ئەرەستو وا دەڵێت". لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە ڕیشەی لە باوەڕێکی هزری و فەلسەفیی کۆندایە کە تێگەیشتن لە ئامانج و مەبەستی ئەوی دیکە دەکاتە سەرچاوەی تێڕوانینی خۆی لە جیهانی دەوروبەری.

لە دەیەی دوو هەمی سەدەی بیستەمدا لە ڕووسیای ئەمڕۆدا شۆڕشێک ڕوو دەدات کە جیاوازە لە هەموو شۆڕشەکانی مێژووی مرۆڤ. لەم شۆڕشەدا پلان و خوێندنەوەی چڕوپڕی ساڵانێکی دوورودرێژی کۆمەڵە خەڵکانێک دەور دەگێڕێت کە قسە لەسەر زانستیبوونی شۆڕشەکان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەکەن. ئەگەر ئەمە ڕەنگدانەوەی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی بیری زانستی بووبێت، هەر لەم وڵاتەدا کەسانێک قۆڵ لە دەکارهێنانی زانستی بەرهەست (objective) لە بواری ئەدەبیاتدا دەکەن. ئەوان کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای زانستی بۆ پێوانەی جوانیناسانەی دەقەکان ئاراستە دەکەن کە بە شوێن دۆزینەوەی ئەدەبییەتی دەقدان لە دەرەوەی ویست و خواستی نووسەرەکەیدا. کەسانی وەک شکلۆفسکی و ئاخنباوم پێشەنگایەتی ڕەوتێکی ئاوایان کرد و کارتێکەرییەکی مەزنیان لەسەر ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی لە هەموو جیهاندا، هەڵبەت زۆر دواتر، هەبوو. بەداخەوە سالانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر هاومانا بوو لەگەڵ بەرتەسککردنەوە و دواجار لەنێوبردنی ئەم بزاڤە تیۆریکە کارتێکەر و کارایە.

تێکچوونی بواری چالاکیی فۆرمالیستەکانی ڕووس زۆری نەخایاند کە چەکەرەی هزرێکی هاوشێوە لە پارزەمینێکی دیکە، واتا لە ئامریکادا، دڵی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی زیندوو کردەوە. سەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێی ئەمریکایی بەردەوامی و تەواوکەریی ئەو ڕەوتە دەقتەوەرە بوو. ڕەوتێک

کە ڕەهەندێکی نوێی بە ڕەخنەی ئەدەبی بەخشی و شێوازی ڕوانینی ئێمەی لە مانا و نیشانەکان بە تەواوی گۆڕی.

دەیەی شێستی سەدەی بیستەم لە ئوروپادا دەیەیەکە پڕ لە گۆڕانکاریی لە ئاستی هزر و تێڕوانینی مرۆڤ بە بوون و جیهان. ئەزموونەکانی دوو شەڕی جیهانی و لێکەوتە پڕ لە ئازارەکانی مەرگی بە میلیۆنان مرۆڤ، هاندەری پێداچوونەوەی پرۆژەی مۆدێرنیتە بوون و لە وڵاتی فەڕەنسە کۆمەڵێک بیرمەندی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان بەردی بناخەی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی بنەڕەتییان دانا کە لە درێژەی دەستکەوتە هزرییەکانی زمانناسی و پێکهاتەخوازیدا هەموو بوارەکانی زانستی گرتبووەوە. لێرەدایە دوو ڕەهەندی نووسەر و دەق وردەوردە جێگەی خۆیان دەدەن بە ڕەهەندی سێهەم واتا خوێنەر. ئیتر لێرەوە خوێنەر دەبێتە دوا سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مانا. وردەکارییەکانی ئەم گۆڕانکارییە بەربڵاوانە لەم کورتە نووسینەدا ناگونجێت. مەبەستی سەرەکیی من لەم پێشەکییە چڕە شتێک نییە جگە لە زەقکردنەوەی ڕۆڵی تیۆری لە کایەی ڕەخنەی ئەدەبیدا. بە واتایەکی دیکە بۆ هۆگرانی ئەدەبی هەنگاوی گرنگ ئەوەیە کە دوو بواری تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی لێک جیا بکەنەوە. لە کاتێکدا تێۆریی ئەدەبی هەوڵی تیگەیشتن لە میکانیزمی کارکردی بەرهەمهێنانی ئەدەبی دەدات و تێدەکۆشێت بزانێت لەنێوان دەقی بەرهەمهاتوو و جیهانی دەوروبەریدا چ پێوەندییەک هەیە و ئەم پێوەندییانە چۆن هەڵسوکەوت دەکەن، ڕەخنەی ئەدەبی لە هەوڵی چلۆنایەتیی وردبوونەوەی ئەم تێۆرییانەدایە لە دەقێکی دیاریکراودا. دەقی بەرهەمهاتوو دەبێتە ئەو بەستێنە کە ڕەخنەکاری ئەدەبی دەیکاتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی چلۆنایەتیی دەکارهێنان و بەکارهاتنی تیۆرییە گشتییەکان. تیۆریزانان و ڕەخنەکاران لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە بەردەوامی خەرمانی ئەدەبییان لە ڕەهەندگەلی جیاوازەوە تاوتوێ کردووە و دونیای زانایی و وشیاریی ڕەخنەیی و تیۆرییان لە هەمیشە زیاتر برەو پێداوە. سەرهەڵدانی چەمکگەلی نوێ لەم ڕەوتەدا زۆر سەرسوڕمێنەر و بەڵێندەر

و دڵخۆشکەرە. وێدەچێت بەربڵاویی جیهانی ئەدەبی، داڕاشتنەوە و پەرەپێدانی بەردەوامی تیۆریسازیی لەم بوارانەدا، کردبێتە پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگر.

ڕەووتی سەرهەڵدان و گەشەی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی دەکرێت لە گۆشەنیگایەکی دیکەشەوە سەیر بکردرێت. بە واتایەکی دیەک ئەگەر سێ تەوەر/ڕەهەند/فاکتەری نووسەر و دەق و خوێنەر دەتوانن ڕێنوێنی باش بن بۆ وردبوونەوە لە میژووی گۆڕانکاریی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی، ئەوە بە ڕوویەکی دیکەدا دەکرێت شێوازی ڕوانین لە هەر یەک لەم تەوەرانە/فاکتەرانە پێمان بڵێت کە خوێندنەوەی ڕەخنەییانە چۆن بەڕێوە دەچێت.

بۆ نموونە ئەگەر ئێمە دەقی ئەدەبی بە بنەما بگرین دەتوانین بۆچوونەکان لەسەر دەق بە دوو بواریی سەرەکیی نێودەق (intrinsic) و دەرەوەی دەق(extrinsic) دابەش بکەین. ئایا دەق وەک خۆی و لەنێو خۆیدا بنەمای خوێندنەوەی ئێمەیە؟ ئەگەر وەڵام ئەرێنی بێت، ئێمە لەگەڵ بنەمایەکی هزری ڕووبەڕووین کە شتەکان تەنێ و تەنێ لە خودی دەق هەڵدێنجێت و واتا خوێندنەوەی ئێمە دەقییانە دەبێت. ئەگەر بێتوو وەلام نەرێنی بێت ئەوە ئیتر ئێمە بۆ لێکدانەوەی دەق ڕوو لە دەرەوەی جیهانی دەق دەکەین و بۆچوونێکی کۆدەقییانە (contextual) ڕەچاو دەکەین. هەر یەک لەم بۆچوونانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و ئەنجامەکانی خوێندنەوە لەسەر بناغەی ئەم تیۆرییانە، جیاواز دەبن. لێرەدا تیۆرییەکان یارمەتیمان دەدەن تێ بگەین کە پێوەندیی خوێنەر و دەق لەسەر کامە بناغەگەل کار دەکەن و تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی ئەم پێوەندییانە چەندە یارمەتیدەری گەڵاڵەکردنی ڕەخنەیەکی بەپێز دەبێت. وەک دەبینین لێرەدا هەمدیسان لەگەڵ گرنگیی پێوەرە تیۆریکەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە.

ئەگەر بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی ئاوا گرێدراوی تیۆرییە ئەدەبییەکان بن، ئاشکرایە هیچ ڕەخنەیەکی جیددی لە دەرەوەی شارەزایی هەمەلایەنە لەگەڵ

ئەم تیۆرییانە ناتوانێت بەرهەم بێت. بە واتایەکی ساکارتر ئەگەر تۆ شارەزای وردەکارییە تیۆریکەکان نەبی، ڕەخنەکانت لە دەقی ئەدەبی زۆر ئاماتۆرانە دەبن و ناتوانن لە دونیای ئاڵۆزی ئەم سەردەمەدا پەنجەرەیەک بەسەر بینینێکی جیاواز و هەمەلایەنەی ئێمەدا ئاوالە بکەنەوە.

بەر لەوەی بپرژێمە سەر باسی ڕەخنەی کوردی، حەز دەکەم خاڵێکی گشتیی دیکەش باس بکەم کە زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پێداویستیی ڕەخنە وەک ئەکتێکی فەلسەفی و زانستی. لەو ڕۆژەوە مۆدێرنیتە وەک پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی ڕوانین لە جیهان، باڵی بەسەر بواری هزر و تێگەیشتنی مرۆڤدا کێشا، ڕاستییەک خۆی هاویشتە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ و دەوروبەری. ئەم ڕاستییەش شتێک نەبوو جگە لەوەی کە ڕاستی/حەقیقەت (truth) دەربەست گرێدراوی تۆ وەک تاکە کەس نییە و دەکرێ تۆ وەک هەر کەسێکی دیکە هەڵە لە شتەکان تێ بگەی و ئەمە تەنیا لە سایەی هاودەنگی و هاوفکریدایە کە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان بە ئاکام دەگات. ئەگەر باوەڕمان بە ئەم ڕاستییە هەبێت ئەوە زۆر سانایە کە خوێندنەوەی جیاواز لە دەقێک دەتوانێت یارمەتیدەری دۆزینەوەی ڕاستییەکان و جوانییەکان بێت. ڕەخنە یانی کە تۆ زانای بێئەملاوئەولا نی و دەکرێ جگە لە بۆچوونی تۆ شێوازی دیکەی ڕوانین لە دیاردەکان هەبێت. ڕەخنە یانی یارمەتیدان بە دەستەبەرکردنی هەرەوەزی تێگەیشتن و دەرهێنانی زانایی و تێگەیشتنی دواجار و هەمیشەیی لە مۆنۆپۆلی کەسێک یان تاقمێک. ڕۆڵی تیۆرییەکان لێرەدا وەک ڕێنوێنین بۆ هاسان کردنەوەی پێوانی ئەم ڕێگە پێچەڵپێچە. هەروەها دەتوانن پێوەریش بن بۆ لە مەحەکدانی ڕێژەییبوونی خوێندنەوەکان.

وەک دەبینین تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی بە نێو هەناوی مێژووی بیر و فەلسەفەدا شۆڕ بوونەتەوە و هەر دەستکەوتێکی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان ڕاستەوخۆ کاری کردووەتە سەر گەشەی ئەو بوارە گرنگەی ژیانی مرۆڤ. بۆ نموونە گەشەی تیۆرییەکانی مارکسیستی کارتێکەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر شێوازی لێکدانەوەی کۆدەقییانەی ئەدەب هەبووە و

هەیە. کاتێک کەسایەتییە هزرییە گرنگەکانی وەک لوکاچ، گادامێر، ئادرنۆ، جەیمسۆن، ئیگلتن و هتد، دەبینین، تێدەگەین کە بواری تیۆری ئەدەبی لە هیچ بوارێکی دیکەی فەلسەفی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر نییە. هەر بەم شێوەیەش دەستکەوتەکانی بواری دەروونناسی و دەروونشیکاری و کەسانی وەک فرۆید و یۆنگ و لاکان ئاسۆی تازەیان بۆ بەهەمهێنانی ئەدەبی و هەروەها ڕەخنەی ئەدەبی، دەستەبەر کرد.

لە هەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانینە ڕەوتی گەشەی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی، تێدەگەین کە لە پشت هەر بۆچوونییەکی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دونیایەک کاری جیددی خەوتووە. جا بۆیە چ لە ڕوانگەی پێوەندیی نووسەر و دەق و خوێنەر و ڕەخنەکارەوە بڕوانییە مێژووی ڕەخنە، چ لە ڕوانگەی ڕەخنەی مێژوویی (historical) و مۆدێرنەوە (modern/new) بڕوانییە ڕەوتی سەرهەڵدانی ڕێبازە ڕەخنەییەکان، یام با بڵێین لە ڕوانگەی نێودەقی (textual) و کۆدەقییەوە (contextual) ئەم کارە بکەین، دواجار جێپێیەکانی هزر و تیۆری بە ڕوونی دیارن. هەر ڕەخنەیەک لە دەرەوەی دەکارهێنانی ئەم بوارە تیۆریکییانە ڕەخنەیەکە دوور لە پێوەرگەلی سەلماو و باوەڕپێکراو. ڕەخنەگەلی لەم چەشنەش ناتوانن ئامانجی وردبوونەوەی هەمەلایەنە لە دەق بپێکن و بە خوێندنەوەی ورد نهێنییەکانی دەق بخەنە ڕوو و ئاسۆی نوێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانی دەوروبەر بدۆزنەوە.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایانەی باسم کرد ئاوڕ لە ڕەخنەی کوردی بدەینەوە بەداخەوە کارنامەیەکی ئەوتۆ و ڕەنگینمان نییە. لێردا ڕەنگە دەرفەتی ڕیزکردنی هۆکارەکانی پشت ئەم نەداری و هەژارییە نەبێت، بەڵام زۆر بەخێرایی دەتوانم بڵێم ئێمە تووشی هەژارییەکی بەربڵاوی ڕەخنەیین. کاتی خۆی مارکس "فەلسەفەی هەژاریی" پرۆدۆن بە "هەژاریی فەلسەفە" بەرپەرچ دەداتەوە. دەستەواژەی هەژاریی فەلسەفە پڕ بە پێستی هەلومەرجی ڕەخنەی ئەدەبی و تەنانەت سیاسی و کۆمەڵایەتییشە لە

کوردستان. ئێمە "ڕەخنەگرمان" کەم نییە، بەڵام پێوەر و بنەمای هزریمان بۆ ڕەخنە زۆر لاوازە. لەم ساڵانەی دواییدا بواری چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی زۆر پەرەی ساندووە، بەلام ئایا هەر بەم نیسبەتە لە بواری ڕەخنەشدا هەنگاومان هەڵێناوەتەوە؟ مخابن، نا. ئێمە تەنانەت یەک گۆڤاری تایبەتیی ڕەخنەی ئەدەبیمان نییە. ماڵپەڕیکی ناسراوی ئەدەبیمان نییە. حەفتەنامە، مانگنامە، بگرە وەرزنامەی ئەدەبیشمان نییە. ئەو کتێبانەی چاپ و بڵاو دەبنەوە بە بێنازی لە کونجی کتێبخانەکان و لەسەر ڕەفە تۆزاوییەکاندا خەویان لێ دەکەوێت و کەس لە دەرگای لاپەڕەکانیان نادات کە بە چاویلکەی ڕەخنەییەوە بیانخوێنێتەوە و شوێنی شیاوی خۆیان لەنێو جەماوەری خوێنەردا بداتێ. ڕوانینی ڕەش یان سپی، باش یان خراپ، هێشتا بەسەر هەڵسەنگاندنەکاندا زاڵە. هێشتا دمەقاڵەی لەسەر ڕێنووسی کوردی و لە کوێ دەهارهێنانی ڕ و ر و ی و یی ڕووبەڕێکی زۆری نووسینەکانی ئێمە داگیر کردووە، هێشتا بە یەکەوە لکاندنی بەشەکانی کرداری لێکدراو یان بە جیا نووسینیان، جێی مشتومڕی ڕەخنەگرانە. هێشتا چلۆنایەتیی نووسینی دای پاشگر و دای کردار جێی دڕدۆنگی و تاوانبارکردنی یەکتر بە نەزانییە. هێشتا کوردی دەزانێت و نازانێت شابەیتی قەسیدەی ڕەخنەیی ئێمەیە. هێشتا "نازانێ ڕۆمان چییە و ڕۆمان دەنووسێت" و هێشتا "کورد وا ناڵێت و وا دەڵێت"، کۆڵەکەی نووسینی ڕەخنەیی ئێمەیە. جاری وا هەیە دڵم بۆ لێکدانەوەیەکی ڕەخنەیی هەمەلایەنەی پشتئەستوور بە پێوەرە تیۆریکییەکان هێندە تەنگ دەبێت پەنا بۆ خوێندنەوەی س/زی بارت دەبەم و تەماشای قامەتی بەرزی سارازین دەکەم و سڵاو بۆ بالزاک دەنێرم و سپاسی بارت دەکەم. لە پەنا ئەمەشدا بە دڵ ئاواتەخوازم بواری کاری فەرهەنگی و ئەدەبی لە کوردستان زیاتر پەرە بگرێت. ئەزموونی ژیانی مرۆڤەکان و دەتوانم بڵێم نەتەوەکانیش نیشانیان داوە ئەدەبیات چ ڕۆڵێکی مەزن لە دەستەبەرکردنی هۆکارەکانی مانەوە و گەشەکردندا دەگێڕێت. بێگومان هیچ ئەدەبێکیش بێ پشتیوانیی ڕەخنەیی دەوڵەمەند، ناتوانێت سەرێک لەنێو سەران دەر بێنێت و بڵێت منیش هەم یان ئێمەیش هەین. لێرەدا دیالێکتیکی بەرپرسیاریی تاک و

کۆمەڵ، تاک و دامودەزگا/سازی هەمدیسان خۆی قوت دەکاتەوە. بەدەر لە چلۆنایەتیی پێوەندیی ئەم هاوکێشەیە، ئەوەی حاشای لێ ناکرێت پێداویستیی کۆمەڵگەی کوردییە بە هەبوونی ڕەخنەی ئەدەبیی پشتئەستوور بە بنەما هزری و تیۆریکییەکانی ناسراوی جیهانی ئەدەب.

# ڕەخنەی داهێنەر، ڕەخنەی خەسێنەر

# خەسارناسی ڕەخنەی ئەدەبیی لە کوردستان

محەمەد موەفەقی

شاعێر و ڕەخنەگر



**یەک:** وەک ئەزانین چەمکێکی وەک ڕەخنە بە گشـتی و ڕەخنەی ئەدەبیی بە تـایبەت بەرهەمی شـــۆڕشـــێکی فیکرییە لە ژێر نـاوی عەقڵی ڕەخنەگرانەدا. ئەندێشـــەی ڕەخنەگرانەش لە ئەســـاســـدا دەســـتکەوتی فەلســـەفەی ڕۆژئـاواییە. کەواتە ئـاخێزگەی ڕەخنەی مودێرن بە مـانـا هەنووکەییەکەی لە خاڵێکی بنەماییەوە دەس پێدەکات؛ عەقڵی ڕەخنەگرانە عەقڵێکی گومانســاز و پرســیارکەرە، بەرەنگاری هەر چەشــنە یەقین و متمـانەیەکی جەوهەریی دەبێتەوە لە پێکهـاتەی زەینیی و پـانتـایی فیکریی مرۆڤی هەر ســـەردەمێکـدا. بە پێچەوانەی عەقڵی ڕەخنەگرانە کە لە ســەردەمی ڕۆشــنگەریی بەملاوە فەلســەفەی ڕۆژئاوایی خســتووتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لای ئێمە عەقڵانییەتێکی ئایینی و ئیدئۆلۆژیک زاڵ بووە، عەقڵی ئـایینیش وەک ئەزانین هەڵگری نێوەڕۆکێکی بـاوەڕتەوەر و دژەگومان بووە و بە شـێوازێکی چەقبەسـتوو لەسـەر یەقینێکی ئەزەلی و نەگۆڕ ڕاوەسـتاوە. عەقڵی ئیدئۆلۆژیک بە پێچەوانەی عەقڵی ڕەخنەگرانە بەرهەڵستی هەر چەشنە گومانێک و دژەمتمانەیەک دەبێتەوە کە درز یان خود کەلێنێکی مەعریفی بخاتە ناو پێکهاتەی یەقینی سووژەی باوەڕمەندەوە و بەردەوام ڕێگر بووە لە بەردەم ســـازکردنی کۆمەڵێک پرســـیاری جەوهەرییـدا کە بەرەوڕووی بکرێنەوە. عەقڵی ئیـدئۆلۆژیـک، عەقڵێکی دژەگومان و دژەپرسـیارە و هەر هەوڵێک بۆ شـێواندنی ڕۆخسـاری ئەو حەقیقەتە تاقانە کە دەرکەوتەی یەقینێکی مێتافیزیکییە، وەک بابەتی تابۆ و حەرام چاولێدەکا و ڕێگە بە سەرهەڵدانی سووژەیەک لە چەشنی سووژەی دێکارتی نادات کە بەردوام بە چاوی شـک و گومانەوە بەرەوڕووی هەر چەشـــنە چەمک و دیاردەیەک دەبێتەوە. بەم پێیەش ئاســـاییە کە ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژئاوا بە شێوازێکی بەرچاو پەرە بسێنێ یان گەشە بکات و لەم جوگرافیا بێسەروبەرەی ئێمەشدا هەر دەنگێکی جیاواز کە پێچەوانەی ڕەوتی باو و تا هەنووکەیی بێ، لە خشـــتە ئەبرێ و بەردەوام هەوڵێکی ترسناک بۆ پەراوێزخستن یان خود سڕینەوەی هاتووەتە ئاراوە.

هەر بۆیەش بە درێژایی مێژوو ئەوانەی لەو ڕێبازە چەقبەستووە لایان داوە وەک لادەر یان خوارج ناویان لێ ئەبرێ و بەرەو ڕووی جۆرێک لە ئێلحاد و تەکفیر ئەبنەوە. مەرج نییە ئەم ئێلحاد یان تەکفیرە تەنیا لە ڕووی ئایینییەوە بێ و تەنیا هەڵگری ڕەهەندێکی ئیدئۆلۆژیک بێت، کاتی خۆی **نیما** یان **گۆران** وەک دوو کەڵە شاعێر کە لە سەردەمی خۆیاندا زۆر بوێرانە و پێشەنگخوازانە دەسیان دایە تازەگەریی و نوێکردنەوەی ڕەوتی شێعری کلاسیکی فارسی و کوردی، لە لایەن زۆربەی کۆنەپەرستانی ئەو سەردەمەوە بە هەمان شێواز تەکفیر کران و بەرەوڕووی زەختێکی کوشندە بوونەوە؛ کەواتە هێژمۆنی عەقڵی ئیدئۆلۆژیک هەموو بوار و ساحەیەکی ژیانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی وەها تەنیووەتەوە کە تەنانەت پانتایی هونەر و ئەدەبیش لەم شێوە هەڵسووکەوتە تەکفیرخوازانە بێبەری نەبووە و لەهەر کوێ هەستی بە مەترسی یان لێژبوونی پلەوپێگەی قودسی خۆی کردبێ، هەمان میکانیزمی خستووەتە گەڕ بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو دەموچاوانەی کە ئاڵاهەڵگری تازەگەریی و ڕچەشکێنی ڕێگە و ئاقاری ئەزموون نەکراو بوونە. هەر بۆیە دەرباز بوون لە بازنەی عەقڵی ئیدئۆلۆژیک بە درێژایی مێژوو کارێکی ئەستەم بووە و گرێدراوی هەمان بابەت و سازوکاری تەکفیر بووگە. چوون عەقڵی ئیدئۆلۆژیک بۆ مانەوەی خۆی بووەتە هاوپەیمانی دەسەڵاتی سیاسی و پاڵی داوەتە ئوتوریتەیەکی سیاسییەوە و دیسکۆرسی دەسەڵاتیش بۆ شەرعییەت و حەقانییەتی خۆی بەردەوام پەنای بۆ ساحەی عەقڵی ئیدئۆلۆژیک بردووە و لە ڕاستیشدا نەزۆک بوونی ئەندێشەی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەرهەمی دانوستان و ڕێککەوتنی دەسەڵاتی سیاسی و عەقڵی ئیدئۆلۆژیک بووە کە پێکەوە ڕێگر بوونە لە بەردەم سەرهەڵدانی هەر چەشنە پرسیارێکی گومانساز و دژەیەقیندا. ئەم بە کۆسپ و ئاستەنگ بوونەش تا ئەو ڕادەیە بووە کە کەمتر کەسێک وێراویە بپەرژێتە سەر کۆمەڵێک بابەتی مەعریفی لە هەمبەر ئەو حەقیقەتە خەیاڵییە کە خۆی وەک ئەمرێکی نەگۆڕ و بەڵگەنەویست سەلماندووە.

**دوو:** ڕەخنەی ئەدەبی لە زاتی خۆیدا بەر لە هەموو شـــتێک دەق یان بەرهەمێکی ئەدەبی بەرەوڕووی کۆمەڵێـک پرســـیـاری جەوهەریی ئەکاتەوە. واتە خاڵی دەسپێکی ڕەخنە سەرەتا پرسیارکردنە، دیارە دەقیش بۆ هەر پرســـیارێک کە بەرەوڕووی ئەکرێتەوە وڵامی خۆی هەیە، ئەم پرۆسـەی پرسیار و وڵامەش خۆی لە خۆیدا ئەبێتە هۆی ئەوە کە دەق و ڕەخنە بکەونە دیـالۆگێکی بنەڕەتییەوە لەگەڵ یەکتر. بەم پێیە ڕەخنەی ئەدەبی پشت ئەستوورە بە سێ گۆشـەی عەقڵییەتی ڕەخنەگرانە، تیۆری ئەدەبیی و داهێنانی خودی ڕەخنەگرەوە. هەر سیستەمی ڕەخنەیەک ئەگەر ئەم سێ خاڵە بنەماییە ڕەچاو نەکات دیارە ڕەخنەیەکی نەزۆک و بێ ئاکام ئەبێت. کەواتە ئەبێ ڕەخنەگر هاوکات هەڵگری ئەم ســـێ ئێلێمانە ببێ، کارکردی عەقڵی ڕەخنەگرانە وەک پێشـــتریش ئاماژەم پێدا بۆ ئەوەیە کە دەق یان بەرهەمی ئەدەبی بەرەوڕووی کۆمەڵێک پرســـیـاری جیددی بکاتەوە و لە هەمانکاتدا کەلێن بخاتە نێو پێکهاتی ئەو متمانە و یەقینە ئەزەلییە کە لە کۆنەســـتی هەموو دەقەکاندا بەردەوام ئامادەیە. کارکردی تیۆری ئەدەبییش لە ئەســـاســـدا پێوەر یان بنەمایەکە بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەو دەقە و لە هەمان حـاڵدا ڕەخنەگر ئەبێ جیا لەم دوو بـابەتە، هەڵگری جۆرێـک داهێنـانیش هەبێت کە بزانێ کـامە دەق بە پێی کـامە تیۆری بخوێنێتەوە. چوون بە ڕای من ئەگەر دیـاردەیەک وەک داهێنـان لە کـاری ڕەخنەگردا نەبێت، دەرئەنجـامی ئەو ڕەخنەیەش لە واقێعدا ڕەخنەیەکی کلێشـــەیی و دەســـکرد و میکانیکییە، واتە دوورە لە بنەمـا مەعریفییەکـانی ڕەخنەی ســـەردەم و ئەتوانین بڵێین ڕەحنەیەکی تیۆربردەیە و تەنیا تێڕوانینێکی ڕواڵەتی و ڕووکەشـــیانەی بە نیســـبەت دەقەوە هەبووە، کە بەداخەوە زۆربەی ئەو یاداشـت و وتارانەی کە بە ناو ڕەخنەوە لە کوردســـتـان چاپ و بڵاوئەکرێنەوە یـان زۆر خەســـڵەتی ســـەلیقەییان پێوە دیارە و ڕەخنەگر بە کەیفی خۆی نووســـیوویە یان زۆر چوونەتە ناو بازنەی تیۆرییەوە و خودی دەقەکەیان لە بیر کردووە.

بۆیە ئەڵێم ئەو سێ گۆشە بنەڕەتییە وەک پێویستییەک بۆ هەموو سیستەمێکی ڕەخنەیی کە پێشتر باسم لێوە کردن، هەرگیز بە سیاقێکی هاوکات لە ناوەندی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا ئامادە نەبوونە و هەمیشە لەم بەستێنەدا تووشی بۆشاییەکی کوشندە ئەبین و ئەم بۆشاییەش تەنیا بە ڕەچاو کردنی ئەو بیرۆکەیە قەرەبوو ئەکرێتەوە کە ئەبێ حەتمەن ڕەخنەگری ئێمە ئیشرافێکی مەعریفی هەبێت بە سەر ئەو سێ ئێلێمانەدا.

**سێ:** بە داخەوە زۆربەی ئەو نووسینانە کە لای ئێمە بە ناو ڕەخنەوە دێنە بەرهەم، لە ڕاستیدا جۆرێک خوێندنەوەی هێرمێنۆتیکییە بۆ دەق، واتە تاقە مێتودی زاڵی خوێندنەوەی ئێمە بۆ دەقەکان بۆچوونێکی شرۆڤەتەوەرە و وەک ئەشزانین ڕەخنەی هێرمێنۆتیکی تەنیا یەک لەو ڕێبازە ڕەخنەییانەیە بۆ خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی بە تایبەت لە ژانری شیعردا، بەڵام وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر کە ئەبێ داکۆکی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە ڕەخنەگری ئێمە لەم بوارەدا ئەوەندە خۆی بە کۆنەست یان خاڵە نەوتراوەکانی دەقەوە ماندوو ناکات و لێرەدایە کە دەق ئەبێتە تاقیگە یان گۆڕەپانێک بۆ تاقی کردنەوەی سەلیقەی سەخیف و سەقەتی ڕەخنەگری ئێمە و لەم نێوەشدا ئەوەی غەدری لێئەکرێ هەمان دەق یان بەرهەمی ئەدەبییە. من لێرە نامەوێ نکۆڵی لەو ڕێبازە ڕەخنەییە بکەم کە بە ڕەخنەی هێرمێنۆتیکی ناسراوە، بەڵام کێشەی من لێرە لەگەڵ زاڵ بوونی ئەم ڕێبازەیە وەک تاقە تیۆر یان تاقە مێتودی خوێندنەوە لە سیستەمی ڕەخنەیی ئێمەدا. ئەگینا زۆر دەقیش هەن کە ئەبێ بە تێڕوانینی هێرمێنۆتیکییەوە لە گەڵیان بەرەوڕوو ببینەوە. بە تایبەت دەقی پیرۆز و دەقە کۆنەکان بە گشتی، هەر چەن ئەم دەقانەش ڕەنگە هەڵگری زۆر مێژدی خوێندنەوەی تریش بن.

یەک لەو خەسارانەی تر کە ڕەخنەی ئەدەبیی ئێمەی بەردەوام بەرەوڕووی مەترسی کردووەتەوە، ئەوەیە کە ڕەخنەی ئێمە ڕەخنەیەکی

ترســـنۆک و پاریزکارە، واتە هێشـــتا گیرۆدەی هەندێ چەمکی وەک دۆســـتایەتی و هاوڕێیەتی و زۆر پێوەندی ترە. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە دیسکۆرسێکی ڕەخنەیی ڕادیکاڵ بەرساز بکەین، هۆکـاری ئەم ئـافەتەش هەڵـدەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشـــتنی هەڵە و دەرکی چەواشـــەی ئێمە لە چەمکی ڕەخنە و کارکردەکانی. ڕەخنە ئەبێ بەر لە هەموو شتێ ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە بۆ خۆی دابین بکات و بە شێوازێکی ڕادیکاڵ بەرەوڕووی دەقەکان ببێتەوە. دیارە ڕەخنەی ترسنۆک، لە هەمان حاڵدا ڕەخنەیەکی نەزۆکیشـــە کە قەت لە ئاســـت چاوەڕوانیی خوێنەر و بەردەنگدا نەبووە. ڕەخنەی ئێمە تا نەتوانێ خۆی لە بازنەی تەســـکی ئەو پێوەندییانەدا دەرباز بکات، بێگومان ناشـتوانێ لەسـەر ڕەوتی گەشـەکردن و پێشـــڤەچوونی ئەدەبیاتیش کاریگەر بێت. ئەگەر ئەبینین ئەدەبی گەلانی تر لە چـاو ئەدەبی کوردیـدا گەشـــەی زۆرتری بە خۆوە بینیووە و ســـەرکەوتنی گەورەتریشـــی بۆ خۆی تۆمار کردووە، یەک لە هۆکارە ســەرەکییەکانی بێگومان هەبوونی سـیسـتەمێکی ڕەخنەیی تەندروسـت و بەرپرسیار بووە. پێویستە ئەمەش بوترێت کە ڕەخنە تەنیا بە نیسبەت دەق یـان بەرهەمەوە بەرپرســـیـارە و ڕەخنەگری ئێمەش دەبێ بە دیـدێکی بوێرانە و ڕادیکاڵەوە چاو لە ئاسۆیەکی دوورەدەست بکات کە لە واقێعدا داهاتووی ئەدەبیاتی کوردییە. ڕەخنەی ئێمە ئەبێ لە بری کەســـەکان تەنیا لە هەمبەر دەقی ئەدەبی کوردییدا بەرپرسـیار بێ و بەم شـێوازە ئەخلاقی تایبەت بە ســـیســـتەمی ڕەخنەیی خۆی مســـۆگەر بکات و بە شـــکڵێکی پرۆفێشناڵ و دوور لەهەر چەشنە چەواشەگەرییەک لەگەڵ دۆخەکە مامەڵە بکات. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەی پێی ئەوترێ ڕەخنەی کوردی بە داخەوە هێشتا لە بەستێنێکی سەرەتاییدا ماوەتەوە و حازر نییە پێوەندییەکان بکـاتە قوربـانی لە بەردەم ڕۆحی بەرپرســـیـارێتی و هەروەهـا ئەخلاقی پیشەیی لە هەموو بەستێنێکی ڕەخنەییدا.

لە کۆتا بەشـــی ئەم یاداشـــتەدا ئەمەوێ ئاماژە بە دوو ڕەهەندی ڕەخنەیی بکەم، ئەویش ڕەخنەی داهێنەر و ڕەخنەی خەسێنەرە. لە واقێعدا ڕەخنەی

داهێنەر پێش هەموو شتێک بۆشایی، کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم دەق دیاری دەکات و ئەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ سەرهەڵدانی دەقێکی بەهێزتر لە دواڕۆژدا، نە دەقێک بە بێ پشت بەستن بە هیچ بنەمایەکی مەعریفی و تیۆریک ئەباتە سەرەوە و پلە و پێگەیەکی ئەداتێ کە سزاواری نەبێ و نە ئەشبێتە دوژمنی خوێنی هەمان دەق. دیاردەیەکی قیزەون کە بە داخەوە لای ئێمە زۆر باوە، کە لەسەر دەقێک ئەمانەوێ بنووسین، ئەو دەقە تا ئاست دەقێکی موقەدەس بەرز ئەکەینەوە و کەسەکەش ئەکەین بە بوتێکی زێهنی یان ئوستوورە و خواوەندگارێک لە مێشکی خۆمان و بەردەنگیشدا، یان لەم پەڕی قەزییەکەوە وەها ڕقاژۆ و دەمارگرژانە بەرەوڕووی دەقێک دەبینەوە و پەڕوپۆ نە بە دەقەوە دەهێڵین نە بە خاوەن دەقەوە. ئەمەش ڕێک دەرکەوتەی هەمان ڕەخنەی خەسێنەرە کە هیچ زەمینەیەک بۆ پێشڤەچوون یان سەرهەڵدانی ئەدەبێکی بەهێز و سەربەخۆ خۆش ناکات. لە واقێعدا ئەدەبی خەسێنەر تەنیا مەبەستی بەرجەستە کردنەوەی بۆچوونی قیزەون و بێشەرمانەی خۆیەتی. ئەگەر بکرێ بە زمانێکی ساکار پێناسەیەکی گشتگیر لەم دوو چەمکە ئاراستە بکەم، دەبێ بڵێم ڕەخنەی داهێنەر هیچ دەقێک یان کەسێکی بە لاوە پیروز نییە و پێگەی قودسییش بۆ کەس قایل نابێ و بە دیدێکی ڕادیکاڵەوە و لە هەمان حاڵدا زۆر بوێرانە و بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە لەگەڵ دەق یان بەرهەمی ئەدەبی هەڵسووکەوت دەکات، بەڵام ڕەخنەی خەسێنەر، دەق بە قەرزاری خۆی دەزانێ، بێئاگا لەمەی کە ئەگەر پێشوەختە دەقێک لە ئارادا نەبا، هیچ جۆرە ڕەخنەیەکیش لەم پانتایەدا نەدەبوو. ڕەخنەی خەسێنەر تەنیا لە بەردەم پێوەندی و بەرژەوەندییەکانیدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ و ئەیەوێ بە زۆرەملێ تیۆرییەکان بە سەر دەقدا بسەپێنێ و بە هێنانەوەی چەن فاکتی پرژ و بڵاو لە چەن نووسەر و بیرمەندی بیانی شەرعییەتێکی فەلسەفیش بۆ خۆی مسۆگەر بکات. لە کۆتا بڕگەشدا ئەبێ ئەم ڕاستییە لە بیر نەکەین کە ڕەخنەی داهێنەر ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی دەقی داهێنەرانەش هەموار دەکات و لەولاشەوە ڕەخنەی خەسێنەر ئەدەبیاتی

ئێمە بەرەو لێواری داڕووخــان ئەبــات و دەقی پــاشـــمــاوەی ڕەخنەی خەسێنەریش بە هەمان نیسبەت دەقێکی نەزۆک و ترسنۆکە.

# داهێنانی تێکست لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا

هەرێم عوسمان
لێکۆڵەری ئەدەبی



داهێنان بریتییە لە دابڕان و درزسازی لە زەمەن و پانتایی بیرکردنەوەی ئامادەبوو. هاوکات دروستکردنی ڕایەڵەیەکی پەیوەندی نوێیە لەگەڵ ئیستا و داهاتوودا. تێکستی داهێنەرانە هەمیشە نامۆیە بە ئیستا و ئێرە، کۆک نییە لەگەڵ بیرکردنەوەی باوی سەردەمەکەی. تێکستی ڕاستەقینە بە بێدەنگی دێت، بەڵام بە دەنگێکی بڵند ڕووبەڕووی ئەو دەنگە شەرمن، لاواز، باو و چەقبەستووانە دەبێتەوە کە دونیای بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان داگیرکردووە. تێکستی داهێنەرانە پانتاییەکی نوێیی بیرکردنەوەیە لە پەیوەندی مرۆڤ و جیهان، هاوکات تێکشکاندنی ئەو پەیوەندییە ئامادەبوو، بە بەردبوو و پیرۆزەیە کە هەیە. مێژووسازی و زیندوێتی نەتەوە و کولتوورەکان پەیوەستە بە داهێنانی تێکستەوە، پەیوەستە بەو دابڕانانەی تێکستی داهێنەرانە لە پانتایی ژیان و بیرکردنەوەی ئەو زمانەدا دەیهێنێتە بوون. تێکستی داهێنەرانە شۆکێکە بۆ زمان و بیرکردنەوە و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان. لەسەر ئەم زەمینەیە دەکرێت بپرسین، تێکستە داهێنەراکانمان کە شۆکیان لە زمان و بیرکردنەوەی مرۆڤی کورددا کردووە، کامانەن؟ لە مێژووی نووسینی کوردیدا چەند تێکستی داهێنەرانەمان هەیە کە دابڕانی مەعریفی دروستکردبێت؟ دەکرێت بە گوێرەی مێژووی ئەدەبی کوردی دروستکردنی ڕایەڵەی نوێی پەیوەندی نێوان مرۆڤی کورد و زمان و ئەدەبەکەی کە بە بابە تاهیری هەمەدانی دەستپێدەکات، ئەو دابڕانانە ببینینەوە، بەڵام ئایا یەکەمین تێکستەکانی بەو زمان و دیالێکتانەی نووسراون و هەمانن، دەکرێت وەک داهێنان لێیان بڕوانین؟ بەڵێ و نەخێر بۆ وەڵامدانەوەکەمان دەرگای پرسیار و بیرکردنەوە و تێگەیشتنمان لێدادەخات، بەڵام دەتوانین بڵێین هەر سازکردنێکی پەیوەندی لەم زەمینەیەدا دەتوانێت دەستگرتنی بیرکردنەوە بێت بۆ ڕوانینێکی نوێ و جیهانبینییەکی تازەی مێژووسازی لەنێو ئەو زمانەدا. کاتێک نالی شاعیر بۆ یەکەمجار لەنێو ئەم دیالێکتەی زمانی کوردیدا دەستمان دەگرێت تا لە پەیوەندی زمانەکەمان و جیهان بڕوانین؛ دابڕانێک دروستدەکات. دەکرێت دابڕان لە گوتارەکەیدا نەبێت یاخود گوتاری نالی گوتارێکی دووبارەی هەبوو بێت، بەڵام بۆ یەکەمجار پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان زمانی کوردی و جیهاندا ساز دەکات، زمانی کوردی دەهێنێتە ئەو شوێنەی پێی بنووسرێت، نالی وا دەکات زمانی کوردی بێتەگۆ، زمان لە بێدەنگی دەردەکات و جیهانێکی نوێی تیا دەردەخات. داهێنانی تێکست لای نالی دەبێتە هۆی دروستکردنی

پەیوەندییەکی نوێی زمان و بیرکردنەوە، زمان پاش نالی چیتر بۆ پەیوەندییەکی سادەی ڕۆژانە و ئامرازی پەیوەندییکردن نییە، بەڵکو زمانێکە بۆ داهێنان.
ئەگەر بپەڕینەوە بۆ قۆناخی نوێکردنەوەی شیعری کوردیش، دەبینین لەسەر دەستی شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و چەندین شاعیری دیکە زمانی کوردی دەبرێتە پانتاییەکی نوێی ڕوانین بۆ جیهان، چیتر زمانی کوردی بە چاویلکەی نالی سەیری جیهان ناکات. [گۆرانی شاعیر وتارێکی نووسیوە کە جیاوازی شیعری کۆن و نوێ دەکات، کۆمەکی تێگەیشتنمان لەم جیاوازییە دەکات].
لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا شیعر پانتایی داهێنان و بیرکردنەوە و ڕەخنە بووە، ڕوانین و دیدمان بۆ جیهان لەنێو شیعردا سازبووە، شیعر سا وێستگەی وەستان و سەیرکردن و ڕوانینمان بۆ دونیا بووە. بیرکردنەوەی لۆجیکی و ڕەخنەیی، تیۆرییسازی و ڕاڤە و شیکاریمان لەنێو زمانی کوردیدا لەڕێگەی شیعرەوە بووە، شیعر هەموو شتێکی کردووە؟! بەڵام ئایا شیعر هەموو شتێکی پێدەکرێت؟ زۆرێک لە نووسەر و ئەکادیمیستەکانمان، وەڵامدانەوەیان بە بەڵێیە؟ ڕەنگە ڕاستەوخۆ وەڵامیان نەدابێتینەوە، بەڵام نووسینەکانیان گەواهی ئەمەی داوە. بۆ نموونە بێهۆ نییە کە شاعیرەکانمان زۆرجار وەک فەیلەسوف دەناسێنن، پیرەمێرد فەیلەسوفە، یاخود لە نامەی ماستەردا گوتارە ڕەخنەییەکان دەبینینەوە، یاخود لەبری مێژوو ئاوڕ لە شیعر دەدەینەوە ڕووداوەکانمان پێ بڵێت، هاوکات بۆ دۆزینەوەی تیۆرە ڕەخنەییەکانیش هەر سەر لە ماڵی شیعر دەدەین؟!
لەم زەمینەیەوە دەتوانین بڵێین شیعر لای ئێمە ڕۆڵی پەخشانیش دەبینێت، شتانێکی لێ باردەکەین کە باری خۆی نییە. ڕەنگە لە نەبوونیدا مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی شتانێک لە یەک بدات و کاری شتێک بە شتێکی دیکە بکات، بەڵام ناکرێت بەو شتە هەموو کارەکانی دیکە بکات، لەنێو پانتایی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری کوردیدا بە شیعر هەموو شتێک دەکرێت!؟ نەبوونی پەخشان و درەنگ سەرهەڵدانی پەخشان و ڕۆڵگۆڕکێی شیعر بە پەخشان بووەتە هۆی ئەوەی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لۆجیکی و تیۆرییسازی، چەمکە ڕەخنەییەکان لای ئێمە نەک ساز نەبن، بەڵکو نائاشنا بن بە زمان و دنیای کورد، بێهۆش نییە کە شاعیران و نووسەرانی کوردیش لە پاش نوێکردنەوەی شیعری کوردی و سەرهەڵدانی ڕۆژنامە

بە لێشاو بنووسن و داوا لە شاعیران بکەن کە شیعرەکانیان ڕەخنە بێت لە بارودۆخی واقیعی مرۆڤی کورد. هاوکات بێهۆش نییە کە قەڵەم بەدەستدانی کورد فرە شوناس بوون، بە زمانی ئەمڕۆ سیاسی، چالاکی مەدەنی، شاعیر و ڕۆشنبیر و نووسەر و هتد بوون، شاعیر دەبوو لە یەککاتدا سیاسی و ڕاڤەکار و هتدیش بێت.
ئەگەر لێرەوە بۆ ئێستای زمان و بیرکردنەوە و پانتایی ڕۆشنبیری کوردی بگوێزینەوە، ناتوانین بە تەواوی دابڕان ببینین، هاوکات ناشتوانین بە هەمان پێوەر باسی ئێستا بکەین. لەبەرئەوەی چەندین زەمینەی نوێ هاتۆتە ئاراوە، ئاشنابوونی زمانی کوردی بە زمانی بێگانە و چوونی چەندین مرۆڤی کورد بۆ زانکۆکانی دەرەوە و نووسینی تێزی زانستی، لە هەمووشی گرنگتر وەرگێڕانی دەیان تێکستی جیهانی، هاوکات بوونی چەندین دەزگا و ناوەندی چاپەمەنی و ئەکادیمی و ڕۆشنبیری. ئەمانە گەر تەنیا ڕواڵەتیش بن، ناکرێت کاریگەرییان لەسەر ناوەڕۆک و گوتاری زمان و ڕەخنەی کوردی نەبێت.

لەو پرس و باسەی لەنێو داواکاری بەڕێزتاندا هاتووە، کە پرسیارکراوە ئایا ئێمە ڕەخنەمان هەیە؟
خێرا وەڵام بدەمەوە دەڵێم، بەڵێ. چونکە گەر هەیەتی بریتی بێت لە هەبوونی شتی خوازراو و پرسیارلێکراو، ئەوا ڕەخنەمان هەیە، بۆ نموونە دەچینە فرۆشگایەک و دەڵێین ماست یان جگەرەمان هەیە، دوکاندارەکە دەڵێت هەمانە، پاش پێدانی بابەتە خوازراوەکە و بینینی، تۆ دەڵێیت من ئەوەم ناوێت، ئەوەی دەمەوێت، بەو جۆرەیە و فلان ناوی هەیە. ئەگەر ئێمە بچینە هەر کتێبخانەیەکەوە و بپرسین کتێبی ڕەخنەییمان هەیە، ئەوا چەندین کتێبی ڕەخنەیی لە وەرگێڕان و نووسینمان دەستدەکەوێت، ئەگەر بچینە زانکۆکانەوە و زنجیرەی نامە ئەکادیمییەکان بخوێنینەوە دەیان نامەمان لەبارەی ڕەخنەوە هەیە، گەر سەیری وانەکانی خوێندنی ئەکادیمی بەشی کوردی بکەین، چەندین وانەی ڕەخنەییمان هەیە. بەڵام ئایا ئەم هەبووانە هەمان ئەوەن ئێمە دەمانەوێت و باسی لێوە دەکەین؟ بە واتایەکی دیکە ڕەخنە لەنێو زمان و بیرکردنەوە و کولتووری کوردیدا هەیە؟ ئەوەی هەمانە لەکوێوە هاتووە، ڕەخنەیە یان چییە؟ گەر ڕەخنە نییە، ئەی بۆچی دەیان کتێب و ناونیشانی ڕەخنەمان هەیە؟ ئایا کتێبخانە و دەزگاکان و

زانکۆکان و دواجاریش نووسەر و ئەکادیمیستەکان، ناڕاستگۆن و فریومان دەدەن؟
ئەمەی لەسەرەوە باسمان کرد، مامەڵەیەکی وەسفی و چەندێتیمان لەگەڵ ڕەخنە کرد، بەڵام گەر بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بنەمایی بپرسین، ئایا لەنێو پانتایی بیرکردنەوەی زمانی کوردیدا چەمکە ڕەخنەییەکان سازبوون، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و تیۆرییە ڕەخنەییەکان جێی خۆیان گرتووە؟ شتێکمان هەیە بەناوی ڕەخنەی کوردی؟
داهێنانی ڕەخنە لە زمانی کوردیدا داهێنەرانە نییە، لاساییکەرانەیە، جگە لەوەش ئەوەی هەیە سرووشتییە، زیاتر لەناو سرووشتی زمانەکەدایە، نەک داهێنرابێت، بە واتایەکی دیکە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بریتییە لە داهێنان و چەمکسازی و تیۆرییسازی، بەڵام زاراوە ڕەخنەییەکانمان لە زمانی کوردیدا دەتوانین بڵێین زیاتر زاراوەی زمانە سرووشتییەکەن، نەک داهێنراوبن. داهێنانی تێکستی ڕەخنەیی دابڕان و پەیوەندییسازە، لە لایەک دابڕان لە گوتاری زاڵ و باوی ئامادەبوو دەکات، هاوکات ڕایەڵەیەکی پەیوەندییش بە ئیستا و داهاتووەوە دەبەستێت، کە دەشێت وەڵامدەرەوە لە هەنوکەدا نەبێت، بەڵام بێگومان زەمینەی ڕاچەڵەکاندنەکە دەڕەخسێنێت.
جیهانبینی مرۆڤی کورد بەرامبەر بە ڕەخنە لە ئیستادا بەراورد بە ڕابردوو، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام گۆڕانەکە ڕادیکاڵ نییە و هاوکات لەنێو کۆنتێکستەکاندا گیری خواردووە، نەبووەتە کولتوورێک، کە ئەم کولتوورەش ناچار بە تێپەڕین و دەرچوون بکرێت، کەمتر ئێمەی کورد بەر نەفرەتی نەوەکان کەوتووین، شەڕەکانمان ڕادیکاڵ نەبوون، نەوەکان زۆرکات دۆستی یەکدی بوون، زمانی کوردی نەفرەتی لە خۆی نەکردووە و وای لێبێت خۆی نەناسێتەوە، بە واتایەکی دیکە کەمتر زمانی کوردیمان تووشی نامۆیی کردووە.
لەم ساڵانەی ڕابردوودا زمانی کوردی تووشی بەدنامۆیی بووە، ئەویش بەهۆی شەپۆلی وەرگێڕان و نووسینی بە لێشاوەوە، بەراورد بە ڕەخنەی جیهانی، ڕەخنەی کوردی وەک کیسەڵ دەڕوات، بەڵام بە یاریدەی وەرگێڕان و ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە و ئەکادیمیا کاری بۆ هاوکاتی کردووە، واتە لە ڕواڵەتدا هەوڵیداوە پێ بەپێی داهێنانی تیۆرییە ڕەخنەییەکان هەنگاو بنێت، بەڵام وەک وتمان تووشی بەدنامۆیی بووە، واتە وا دەڕوانین کە چەمکە ڕەخنەیی و تیۆرە ڕەخنەییەکان هاتوونەتە ناوەوە، گەر سەرنجێکی خێرایی کتێب و نامە ئەکادیمییەکان بدەین، دەبینین

تیۆرییە ڕەخنەییە نوێیەکان هێنراون، بەڵام نەهاتوون، لێرەن و لێرەش نین، ئەمەش دۆخی فریودانی بۆ پانتایی ڕۆشنبیریی کوردی و ڕەخنەی کوردی سازکردووە، چونکە لەلایەک خۆی لەگەڵ ڕەوتەکەدا گونجاندووە، هاوکات هیچ زەمینەیەکی بۆ گونجاندنەکە سازنەکردووە! ڕەخنەی کوردی بە هەڵەهێنانی تیۆریی و قوتابخانە ڕەخنەییەکان بۆ نێو پانتایی رۆشنبیری کوردی، نەیتوانیوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بهێنێتە نێو گوتاری زمانی کوردی و جیهانبینی مرۆڤی کورد بگۆڕێت، بەڵکو لە ئاستی دەستەبژێریشدا نەیتوانیوە گۆڕانی ڕادیکاڵ بسازێنێت، بەڵکو نوخبەش وەک خەڵکە گشتییەکە بیردەکاتەوە، بەڵام فۆرمی زمانەکەی گۆڕیوە یان لانیکەم بانگەشەی جیهانبینییەکی جیاواز دەکات، بەمەش پانتایی ڕەخنەی کوردی خۆی لەگەڵ ئەم زانینی نەزانییە ڕاهێناوە، واتە زانینێکی نەزۆک و دووبارەی هێناوە و بە زانینێکی نوێی داوەتە قەڵەم، ڕەخنەی هەیە، بەڵام ڕەخنە نییە؛ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و زمان و جیهانبینی ڕەخنەگرانەمان نییە، نەمانتوانیوە پەیوەندییەکی نوێمان بە جیهانەوە هەبێت. نووسینی کوردی ئەو کەلێنەی لەنەبوونی ڕەخنە دێتە ئاراوە، بەمە شاردویەتییەوە و خۆشخەیاڵ وا دەزانێت خاوەنی ڕەخنەیە، بەمەش هەستی ڕازیبوون و نەبوونی ئایدیا و جیهانبینی نوێی بۆ ڕوانین لە خۆو جیهان جێگیرکردووە.

خاڵێکی دیکە لە پرسیارەکەتاندا سەبارەت بە ڕەخنە و داهێنانی تێکستی ئەدەبی و هونەرییە هاتووە کە ئاماژە بەوە دەکەن، نەبوونی ڕەخنە لاوازی داهێنانی تێکستی ئەدەبی و هونەری لێناکەوێتەوە؟ یاخود ڕەخنە دەبێتە هۆی لاوازکردنی تێکست، ئەگەر ڕەخنە لاواز بێت دەکرێت تێکستی بەرز و داهێنەرانەمان هەبێت. لە بەرهەمێکمدا بەناوی **"دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە"** داکۆکیم لەوە کردووە، کە سێکوچکەی "نووسەر، تێکست و خوێنەر" لە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجیدان، واتە ناکرێت تێکستمان هەبێت و خوێنەرمان نەبێت، هەروەک ناشکرێت، ڕەخنەمان هەبێت بەڵام تێکستمان نەبێت، تێکستمان هەبێت و ڕەخنەمان نەبێت، چونکە تێکستی داهێنەرانە ڕەخنەی داهێنەرانەشی لەگەڵدایە، ئەم سیانە لە پەیوەندییەکی ئۆنتۆلۆجیدان. ڕەنگە لێرەدا کێشەیەکی گەورە ڕووبەڕوومان ببێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ڕۆژانە چەندین کتێب بە ناوی رۆمان و چیرۆک و شیعر بڵاودەکرێتەوە، چەندین تێکستی هونەری بڵاو دەبێتەوە، بەڵام ئایا بەڕاستی ئەمانە چەند تێکست و بەرهەمی داهێنەرانەن؟ دەبینین لەبەرامبەر ئەم

تێکستانەدا ڕەخنە خاوترە، بەڵام ئایا خێرایی ئەو بەرهەمانە گوزارشتە لە دابڕانی نێوان ڕەخنە و تێکست؟ مانای ئەوەیە ئێمە تێکستی داهێنەرانەمان بێ ڕەخنە هەیە، ڕەخنەگرمان کەمترە لە ئەدیب و هونەرمەندان؟
ئەوەی کێشەی گەورەی دروستکردووە هاتنی بە لێشاوی ئەو نووسینانەن بە ناوی تێکستەوە، کە بواری لەسەر وەستان نادەن، ئێمە ئێستا لە سەردەمێکداین کە نووسین هێرش دەکات، ناهێڵێت لێی ڕابمێنین، چاوی داخستووین، سەری لێشێواندووین. ڕۆژانە چەندین نووسینی بازاڕی بە ناوی تێکست بڵاودەکرێتەوە و چاوی ئێمەشی داپۆشیوە لەوەی کە ئێمە دنیایەک تێکستمان هەیە و ڕەخنەمان نییە؟! هاوکات نەبوونی تێکستی داهێنەرانە دۆخێکی ئاشنای بۆ خوێنەری ئێمە سازکردووە کە نەتوانێت تێکستی داهێنەرانە بناسێتەوە، هاوکات پشێوییەکی گەورەی ڕاگەیاندن و میدیایش بۆ سەرلێشێواندنی خوێنەر هاتۆتە ئاراوە، کە نووسینی بازاڕی وەک تێکستی داهێنەرانە بناسێنێت، دەبینین نووسەری بازاڕی لە هۆڵێکی گەورەدا کۆدەکرێتەوە و وا دەزانرێت شتێکی داهێنەرانە کراوە و بڵاوکراوەتەوە؟! لێرەشەوە جۆرێک فریودان و نەبوونی پێویستی تێکستی ڕەسەن و داهێنەرانە شوێنی خۆی گرتووە. لەبەرامبەر ئەمەشدا گەر تێکستێکی ڕەسەن و ڕاستەقینە بێت، بەهۆی سرووشتی ڕەسەنیەتی بە بێدەنگی دەسپێردرێت، کەمتر دەتوانێت شوێنی خۆی بکاتەوە، تا دەستێکی ڕەسەن و هزرێکی نامۆ دێت، ئەو تێکستە دەدۆزێتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی دنیای کوردی پڕ بووە لە تێکستی ناڕەسەن، دۆزینەوەی تێکستی ڕەسەن زەحمەت و گران بووە.
ئەگەر کەمێک واقیعییانەش تەماشای دۆخی بەناو ڕەخنە بکەین، پێویستە بە خێراییش بێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین؟
١ـ لەنێو پانتایی ڕۆشنبیریی و ئەکادیمیای کوردیدا نووسینی بەناو ڕەخنە لەسەر بنەمای پەیوەندی دۆستایەتی وەستاوە. هاوکات ڕاسپاردن و دۆخی ئیحراجکردن بۆ لەسەر نووسینی تێکستەکان بوونی هەیە، واتە ڕەخنە تێکست نادۆزێتەوە. هاوکات لەسەر بنەمای پەیوەندی بازرگانی و مامەڵەی تایبەتی نووسینی بێڕۆح بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆحی کراوە بە بەردا، بەڵام لە کوێدا لەو پانتاییەی ڕۆحی ڕاستەقینەی تێکست ناناسێت.
٢ـ بوونی پانتایی بڵاوکردنەوەی زۆر و پڕکردنەوەی لاپەڕەکان وایکردووە کە نووسینی بە لێشاوی بێ ئایدیا و ناڕەخنەیی جێگەی تێکستی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە بگرێتەوە. لەنێو بڵاوکراوەی کوردیدا ڕۆژانە

دەیان نووسراوەی بەناو ڕەخنەیی لاپەڕەکانی پێ پڕ دەکرێتەوە بێ ئەوەی کەلێنێکی نێو ڕەخنەی کوردی پڕ بکاتەوە.
٣ـ نووسینی خستنەڕوو، ڕیکلامی و بانگەشەیی جێگەی تێکستی ڕەخنەیی گرتۆتەوە.
٤ـ زۆری بڵاوکراوەی کوردی و بەربڵاوی نووسینی کوردی، بووەتە هۆی بچووککردنەوە و سنوورداری بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد لە نووسینی داهێنەرانە، بە واتایەکی دیکە نووسینی کوردی بەهۆی بێ هزری و نەبوونی دیدگا و جیهانبینی، بووەتە جۆرێک لە کولتوور، واتە نووسینیش خۆی کولتوورە، لە کاتێکدا تێکست هەمیشە کولتوورشکێنە، بەڵام زمانی کوردی خۆی دەستەڵاتی لە بەهێزکردنی کولتوورەکە هەیە و کەمتر ڕیسکی پێدەکرێت، ئەمەش وایکردووە، زمانی کوردی و تێکستی کوردی نەتوانێت ڕووخێنەر و داهێنەرانە بێت، دەستەڵاتی نەمێنێت، بێهێزترین و لاوازترین شت ئێستا لای کورد زمانە، ناتوانێت دەستکاری هیچ بکات.
٥ـ لێشاوی ناوەندەکانی ئەکادیمیای کوردی وایکردووە باسی دەرچوون و نووسینی زمانکوژ و بیرکوژ بێتە ناو ئەکادیمیاوە، کە بە جۆرێک ئێستا لەناو ئەکادیمیا نووسینی تێکستێکی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە تا ئاستی نەبوون هەنگاوی ناوە، واتە لێشاوی نووسین و بە ڕووکەش خۆدانی لە چەمکە و قوتابخانە نوێیەکان [لەناو نامە و تێزەکاندا] بووەتە هۆی خۆفریودان. هاوکات لەناو ئەکادیمیادا سەدان خوێندکاری نەخوێنەواری خاوەن دکتۆرای هێناوەتە ئاراوە، کە ئەمانە ناچارن نامە و توێژینەوە بنووسن، کە بە ڕووکەش تێکستی ڕەخنەیی بەرهەمدەهێنن، بەڵام بارگرانییەکی زۆرتر بۆ زمان و هزری ڕەخنەگرانە دروستدەکەن.
٦ـ ئەمڕۆ بەهۆی فەزای مەجازی و گۆڕانی پانتایی بڵاوکردنەوە، هەموو شت گۆڕاوە، نووسینی خێرا و کۆمێنت شوێنی ڕەخنەی گرتۆتەوە، واتە ڕەخنەگر بووەتە کۆمێنت و پۆستنووس، پانتایی وردبوونەوە و ئارامی خوێندنەوە شوێنی بۆ خێرا نووسین و بەشداریکردنی خێرا چۆڵکردووە، ئەمەش بەهۆی چەند لایک و کۆمێنتەوە دانپێدانانی ڕەخنەگری بۆ پۆستنووس دروستکردووە، ئەمە فریوێکە کە لایککەر و پۆستنووس لەنێو گرێبەستێکی تۆکمەی فەزاکەدا بەڵێن بە یەکدی دەدەن، کە زمان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە بکوژن.
لە کۆتاییدا دەڵێم لە نێو پانتایی نووسینی کوردیدا، ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ئێمە لە ڕێگەی زۆر نووسینەوە دژایەتی ڕەخنە دەکەین، واتە

لەبری ئەوەی نووسینی کوردی ببوایەتە پانتاییەک بۆ داهێنانی چەمک و تیۆری و هزری ڕەخنەگرانە، ئەوا بووەتە کولتوورێک بۆ بێدەنگکردن و ژەهراویکردنی هەوای ڕەخنە و بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بە باوبوونی نووسین و بیرکردنەوەی ڕۆژانەیی جێگەی بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەق کردووە، لەگەڵ ئەمانەشدا تێکست و بیرکردنەوەی داهێنەرانە بەبێدەنگی خۆی دەخزێنێتە ناوەوە و تێکەڵی هاوارەکە نابێت، هەرچەند، چەند ساڵێکە تێکستە داهێنەرانەکانیش هەوڵدەدرێت ژەهراوی بکرێن، بەڵام تێکستی داهێنەرانە ئەنتی و پارێزبەندی خۆیان هەیە، هاوکات ئەو هەوڵانەش بۆ ژەهراویکردن پاش ئاشنابوون، یاریدەدەربوون بۆ نزیکبوونەوە و کاریگەردانان لەسەر نووسین بە ئاراستەی تێکستدا، واتە نووسینی کوردیان لە بێڕۆحی و ناداهێنەرانەوە کەمێک بەرەو بەرزی و چەمکسازی بردووە.

# لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە

محەمەد تاتانی؛ نووسەر و لێکۆڵەر



پێش ئەوەی باســـی ڕەخنەی کوردی بکەم، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم ڕەخنەی ئەدەبی بە شـێوە گشـتییەکەی مێژوویەکی زۆر دوور و درێژ و دێرینی هەیە و لە پێش زایینەوە لە یۆنانییەکانەوە بە ئەرسـتۆ دەسـتی پێ کردووە. ئەگەرچی لەم بوارەدا نـاوی ئەفلاتۆنیش دێـت، کە کۆمەڵێـک سەرنج و بۆچوونی هەیە لەسەر هونەرو ئەدەب و شاعیر و بە سەرەتای ڕەخنە دادەنرێن و لێرەو لەوێ لە گفتوگۆکـانیـدا هەن. بەڵام کۆی ئەو ڕەخنەیەی لەو مێژووە درێژەدا هەیە تا نزیک ســـەدەی هەژدە، بە پلەی یەک لەســـەر بنەمای بۆچوون و ســـەرنجەکانی ئەفلاتۆن و ئەرســـتۆ دارێژراوە و بە درێژایی نزیکەی دوو هەزار ســـاڵ نەتوانراوە ئەو بۆچوونـانە تێبەڕێنرێـت. بۆیە هەموو ئەو ڕەخنەیە پشـــتی بە تیۆری لاساییکردنەوە لای ئەفلاتۆن و ئەرستۆ بەستووە و بە ڕەخنەی کلاسیک ناودەبرێت.

بەڵام لە ســـەدەی هەژدە و بە تایبەتیش لە ســـەدەی نۆزدەدا و لەگەڵ دەرکەوتن و ســـەرهەڵدانی ڕێبـازی ڕۆمـانتیـک، ئیتر ڕەخنەش گۆڕانی بەســـەردا هات و لەژێر هەژمونی ســـەرنج و بۆچوونەکانی ئەرســـتۆ دەرچوو. لە ســـەدەی نۆزدە تا ســـەرەتاکانی ســـەدەی بیســـت ڕەخنەیەکی جیـاواز لەوەی پێشـــتر ســـەری هەڵـداو بە ڕەخنەی نوێ نـاودەبرێـت. ئەم ڕەخنەیە بە میتۆدی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەســـتی پێکرد، کە میتۆدی مێژوویی لەســـەر دەســـتی کەســـانی وەک (**فردیناند برۆنتێر**) و (**سانت بێڤ**) و **هیبۆلیت تەین**)ی فەڕەنسی و (**بێن جۆنسۆن**) و (**درایدن**)ی بەریتانی سەری هەڵدا. میتۆدی کۆمەڵایەتیش لەسەر دەستی **مەدام دی ســتایل** و لە ڕێگەی کتێبەکەیەوە بە ناوی (پەیوەندیی ئەدەب بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە) هاتەئاراوە و پاشان بە پشتبەستن بە تیۆر و بۆچوونەکانی مارکس ئەم میتۆدە زیاتر پەرەی سەند.

دواتریش لەســـەر دەســـتی **فرۆیـدی** دەروونـنـاس و چەنـد دەروونناسێکی تری وەک **یۆنگ** و **ئەدلەر** سەرەتاکانی میتۆدی دەروونی دانران و دواتر نووســـەرەکانی وەک **ئەرنســـت جۆنز** و **ڕیچاردز** لە

ئینگلتەرا برەویان بەم میتۆدە داو لە ڕێگەیەوە خوێندنەوەیان بۆ دەقی ئەدەبی دەکرد. لێرەدا بواری ئەوە نییە وردەکاری و بنەماکانی ئەم سێ میتۆدە باس بکەین، بەڵام لە هەر سێ میتۆدەکەدا نووسەری دەقەکە سەنتەرە نەک خودی دەقەکەی، واتە بە مەبەستی تێگەیشتن لە دەقەکە ئەوەندەی بەدواداچوون بۆ مێژووی نووسەرەکە و لایەنە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی دەکرێت، ئەوەندە گرنگی بە خودی دەقەکەی نادرێت. بۆیە ئەم سێ میتۆدە بە میتۆدە دەرەکییەکان دادەنرێن. چونکە کار لەسەر دەرەوەی دەق دەکەن، نەک لەسەر ناوەوەی دەق.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و وردتر لە ساڵانی ١٩١٥ بە دواوە لە ڕوسیا کۆمەڵێک نووسەری وەک (**یاکۆبسن** و **پرۆپ** و **مەکارۆڤسکی** و **شکلۆڤسکی** و **ئیخنباوم** و **تینیانۆڤ**) وەرچەرخانێک لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ئەنجام دەدەن و لە جیاتی گرنگیدان بە نووسەر، گرنگی بە خودی بەرهەمە ئەدەبییەکەی دەدەن. واتە لای ئەمان دەق دەبێتە سەنتەر و نووسەر پەراوێز دەخەن. ئەم کارانەی ئەمان بە فۆرمالیستی ڕووسی دەناسرێت و دەبێتە بنەمایەک و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ سەرهەڵدانی شێوازگەری و بونیادگەری بە هەموو جۆرەکانییەوە . ئەم جۆرە کارکردنە لەسەر دەق و ئەم میتۆدانە، بە میتۆدە ناوەکییەکان دەناسرێن، چونکە کار لەسەر ناوەوەی دەق دەکەن و گرنگی بە نووسەر نادەن و فەرامۆشی دەکەن.

دواتریش و بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیست بە دواوە، ئاڕاستەی ڕەخنە دەگۆڕێت و کۆمەڵێک میتۆد و ئاڕاستەی جیاواز سەرهەڵدەدەن، کە گرنگترینیان بریتین لە (هەڵوەشاندنەوەگەرایی) و (ئیستاتیکای خوێندنەوە و تیۆری وەرگرتن) و (سیمۆلۆجیا) و (هێرمۆنۆتیکا)... بە تایبەتی ئاڕاستەی (ئیستاتیکای خوێندنەوە و تیۆری وەرگرتن) لەسەر دەستی دوو تیرۆرداڕێژی ئەڵمانیدا سەری هەڵدا، کە بریتین (**یاوس**) و (**ئایزەر**)ن و تیایدا گرنگی بە خوێنەری دەق دەدرێت،

بەڵام نەک هەموو خوێنەرێک، بەڵکو ئەو خوێنەرەی (ئایزەر) بە خوێنەری زیرەک ناوی دەبات. جگە لەمە میتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و هیرمۆنۆتیکاش تیایاندا ئەوەندەی وەرگر ڕۆڵی هەیە لە لێکدانەوە و واتابەخشین بە دەق، ئەوەندە نووسەرەکە و خودی دەقەکەش ڕۆڵیان نییە.

لە میتۆدە دەرەکییەکاندا لە ڕوانگەی کۆمەڵگە و دەرەوەی دەقەوە لە واتای دەق دەڕوانرێت، لە میتۆدە ناوەکییەکاندا لە ڕوانگەی خودی دەقەکەوە سەیری لایەنی ستاتیکی و داهێنان دەکرێت لە دەقەکەدا، لە ڕوانگەی تیۆری وەرگرتن و خوێندنەوەوە و میتۆدەکانی پاش بونیادگەریدا وا لە دەق دەکۆڵرێتەوە، کە هەر یەک لە دانەکانی چەند واتایەکیان هەیە، واتایەک کە لە کۆمەڵگەدا باوە، واتایەک کە خودی نووسەرەکە دەیبەخشێت پێی، لێرەدا دەکرێت خوێنەری زیرەکیش واتایەکی تر بە دەق ببەخشێت، کە جیاواز بێت لەو دوو واتایەی پێشوو...

ئەگەر بێینە سەر باسکردنی ڕەخنە لەناو کورد و لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوا بە درێژایی ئەو مێژووە درێژەی ڕەخنە، کە باسکرا، تا سەدەی بیست، ئێمە لە دەرەوەی ئەو مێژووەی ڕەخنەدا بووین و هیچ ڕۆڵێکمان نەبووە تیایدا. تەنانەت پێش سەدەی بیست بەرهەمی بە پەخشان نووسراومان زۆر کەمە و بەرهەم و کاری ڕەخنەییمان نەک هەر کەم بووە، بەڵکو هەر نەمانبووە.

سەبارەت بەوەی کە ئایا نەبوونی ڕەخنە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی دەقی ئەدەبی؟ من لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە نەبوونی ڕەخنە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی دەقی ئەدەبی، چونکە هەمیشە ڕەخنە دوای دەق دەکەوێت. واتە دەبێت سەرەتا دەق هەبێت، ئنجا ڕەخنە لەسەر دەق ئەنجام دەدرێت. بۆیە دابەزینی ئاستی دەقی ئەدەبی ئەوەندەی پەیوەندیی بە خودی دەقنووسەکەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بە نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبییەوە نییە. بۆ نموونە شاعیرە کلاسیکییەکانی وەک جزیری و نالی و مەحوی و ... هتد. توانیویانە بەپێی ڕۆژگار و سەردەم و ڕۆشنبیریی خۆیان دەقی

شیعریی بەرز و جوان بنوسن، کەچی لەو سەردەمانەی ئەواندا ڕەخنەی ئەدەبیش نەبووە.

لەگەڵ ئەمەشـــدا هەبوونی ڕەخنەی ئەدەبی گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئاستی دەق و دەستنیشانکردنی ئەو دەقانەی لە ئاســتێکی بەرزدان و لەڕووی ســتاتیکی و داهێنانەوە نوێگەرییان تیایە و توانیویانە وەرچەرخان ئەنجام بدەن و جیاکردنەوەیان لەو دەقانەی هیچ داهێنان و نوێگەرییەکیان تێدا نییە. بەم پێیە ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی کارکردنە لەسەر ئەو دەقانەی پێشتر نووسراون یاخود لە ئێستادا دەنوسرێن، لەو ڕووەوەی ئایا لە چ ئاستێکی ساتیکیدان و تا چەند توانیویانە دەقەکانی پێش خۆیان تێپەڕێنن؟ ئایا داهێنانیان تێدایە، یان نا؟ ...هتد.

ســەبارەت بەوەی ئاخۆ ئێمە ڕەخنەمان هەیە، یان نیمانە؟ بێگومان ڕەخنەمان هەیە، بەڵام ئەو ڕەخنەیەی هەمانە دەتوانین بڵێین لە دوو ڕەهەندی ســەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە: ڕەهەندێکیان ئەو ڕەخنەیەیە، کە لەناو کایە ڕۆشــنبیرە گشــتییەکەدا و بە تایبەتیش لە ناو ڕۆشــنبیر و نووسەرەکاندا لەسەر دەقی ئەدەبی و بەرهەمە ئەدەبییەکان دەنووسرێت. ڕەهەندەکەی تریشیان ئەو ڕەخنەیەیە، کە لە ناوەندەکانی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا لە ڕێگەی نووسینی تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەرەکانەوە لەسەر دەقی ئەدەبی و بەرهەمە ئەدەبییەکان بە گشتی دەنووسرێن.

ئەو ڕەخنەیەی لە هەر یەکێک لەو دوو ڕەهەندەدا هەیە، هەر یەکەیان کۆمەڵێک ئاریشەیان هەیە یاخود تێدایە. ئەو ڕەخنەیەی لەناو کایە ڕۆشنبیرییەکەدایە زۆرجار کێشەکەی ئەوەیە زیاتر ڕەخنەیەکی خودییە و پەیوەندیی نێوان ڕەخنەگر و نووســەری دەقەکە ڕۆڵی هەیە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕەخنەکەدا لەســەر دەقە ئەدەبییەکە. بۆ نموونە ئەگەر ڕەخنەگرەکە لەگەڵ نووسەری دەقەکەدا میانەی باش بێت و نزیک بن لە یەک، ئەوا ڕەخنەکەی لەبارەی دەقی نووسەرەکەوە بەردەوام ڕەخنەیەکی

پۆزەتیفە و زیاتر پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی دەقەکەیە. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر لەگەڵ نووسەری دەقەکەدا میانەی خۆش نەبێت، ئەوا ڕەخنەکەی زیاتر بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە دەقەکە بە نزم لە قەڵەم بدات و بیشکێنێت. لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی لەناو کورددا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستاش، بەشێکی بەرچاوی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی گرفتاری ئەم کێشەیە و نەیتوانیوە خۆی ڕزگار بکات لێی. تەنانەت گەر چاو بە کارە ڕەخنەییەکاندا بخشێنین، دەیان نمونەی لەم جۆرەمان دەست دەکەوێت، کە بە پێویستی نازانم لێرەدا ئاماژەیان پێ بکرێت.

ئەو ڕەخنەیەی لای ئەم جۆرە نووسەرە هەیە، لە سێ گۆشەی (نوسەر، دەق، خوێنەر)دا، تەنها نووسەرەکە بەلایەوە سەنتەرە و لە ڕوانگەی ئەوەوە لە دەقەکە دەڕوانێت. تەنانەت خودی نووسەرەکە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لەوەدا هەیە، کە ئەم کار لە سەر دەقەکەی دەکات. جا چ بە پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی دەقەکەی بێت، کە دەیەوێت لەڕێگەی ئەمەوە نووسەری دەقەکە بەرز بکاتەوە، یان بە شکاندن و لەکەدارکردنی دەقەکە بێت، کە مەبەست لێی شکاندن و نزمکردنەوەی خودی نووسەرەکەیە لەڕێگەی شکاندنی دەقەکەیەوە.

پاشان لە دەرەوەی ئەمەدا هەندێک نووسەریش هەن، کە لە ڕووی ڕەخنەییەوە کاریان لەسەر دەقە ئەدەبییەکان کردووە و ناسین و نەناسینی نووسەری دەقەکە ڕۆڵێکی وای نەبووە لە کارە ڕەخنەییەکەیاندا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەشێکی زۆری ئەم جۆرە ڕەخنەیەش زیاتر ڕەخنەیەکی ئینتیباعییە و کەمیان هەیە لە کارە ڕەخنەییەکەیدا پشتی بە میتۆدی ڕەخنەیی و بنەما ڕەخنەییە نوێکان بەستبێت. بۆیە ڕەخنەکەیان لە چوارچێوەی کۆمەڵێک سەرنج و تێڕوانین لەسەر دەقە ئەدەبییەکەدا دەمێنێتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەوەی باسکرا هەندێک نووسەر یاخود ڕەخنەگریش هەن، کە کارە ڕەخنەییەکەیان لەسەر دەق لایەنی خودی و چوارچێوەی ئینتیباعیی تێپەڕاندووە و توانیویەتی بە پشتبەستن بە تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی کار لەسەر دەقی ئەدەبی بکات و ڕاڤە و لێکدانەوەی ورد و قوڵ و جوان بۆ دەقەکە بکات. بەڵام ژمارەی ئەم جۆرە ڕەخنەگرە و ئەم جۆرە کارە ڕەخنەییانە زۆر کەمە و نەبووەتە هۆی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی لە کایەی ڕەخنە و کاری ڕەخنەییدا هەمانە.

سەبارەت بەو ڕەخنەیەش، کە لە زانکۆکاندا لە ڕێگەی تێزەکانەوە دەنووسرێت، ڕەخنەیەکی چوارچێوەدارە و تا ڕادەیەکی زۆر بە کۆمەڵێک کۆت و بەند و ڕێنمایی بۆ نووسینی تێزەکان دەورە دراوە. ئەم ڕەخنەیە کە لەڕێگەی تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەرەکانەوە لەسەر دەق و بەرهەمە ئەدەبییەکان دەنووسرێت، ئەمیش لە چەند ئاستێکدایە: بەشێکی زۆری نامەی ماستەر و تێزەکانی دکتۆرای بەشە کوردییەکانی زانکۆکان و نووسەرەکانیان کەسانێکی بێ ئاگان لە ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆر و میتۆدەکانی ڕەخنە و کارەکەیان تەنها بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ماستەر یان دکتۆراکەیە و لە ڕەفەی کتێبخانەکانی زانکۆکاندا دەکەوێت و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی نییە، تەنانەت دەتوانین بڵێین بوون و نەبوونییان هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی یان نەرێنیی نییە و هیچ شتێک ناگۆڕن. بەڵام لەپاڵ ئەمانەدا هەندێک نامە و تێزی دکتۆراش هەن، نووسەرەکانیان ئاگاداری تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکانن و هەبوونی کۆت و بەندەکانی نووسینی توێژینەوە، نەبوونەتە ڕێگر لەبەر دەم ئەوەی کارە ڕەخنەییەکانیان بەپێی میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بنووسن و خوێندنەوەی قووڵ بۆ دەقەکان بکەن. ئەم جۆرەیان ئەگەرچی لە ڕووی چەندێتییەوە ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام توانیویانە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە سادە و ڕووکەشییانە تێپەڕێنن، کە بەشێکی زۆری نامە و تێزە زانکۆییەکان پێوەی دەناڵێنن.

**لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم بە گشـــتی ڕەخنە لای ئێمەی کورد لەم خاڵانەدا پوخت دەبێتەوە:**

١. نووســـەر و ڕەخنەگرەکانی ئێمە هیچ ڕۆڵێکییان نەبووە لە دانان و هێنانە ئارای هیچ تیۆر و میتۆدێکی ڕەخنەییدا.
٢. بەشــێکی زۆری ئەو ڕەخنەیەی لە کایەی ڕۆشــنبریی ئێمەدا هەیە لە چوارچێوەی ڕەخنەی خودی و ڕەخنەی ئینتیباعیدا دەخولێتەوە.
٣. ئەو ڕەخنەیەی، کە پشتی بە میتۆدێکی ڕەخنەیی بەستبێت، لەناو ئێمەدا یان کەمن، یان بە کەمی توانیویانە وەک پێویســـت میتۆدەکە بەســـەر دەقەکەدا پراکتیــک بکەن. ئەمەش لەوێوەیە مەرج نییە ئەو میتۆدە ڕەخنەییانەی لە ئەدەبی ئەورووپی و ڕۆژئـاواییدا ســـەریان هەڵـداوە، دەقاودەق بۆ ئەدەب و دەقە ئەدەبییەکانی ئێمە بگونجێن. واتە نووســـەرو ڕەخنەگرەکـانی ئێمە بە تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی هـاوردە، دەقە خۆماڵییەکان دەخوێننەوە.
٤. لەو خاڵەی پێشـووەوە دەگەینە ئەوەی نووســەر و ڕەخنەگرەکانی ئێمە بەگشــتی دەســتەوســانن لەوەی بتوانن تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی وا بهێننە ئاراوە، کە پڕ بە پێســـتی دەقە ئەدەبییەکانمان بن و بتوانن لەڕێگەی ئەو تیۆر و میتۆدەوە دەقەکان بخوێننەوە.
٥. هۆکاری ســەرەکیی ســەهەڵدان و هاتنەئارای تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی پاشــخانی مەعریفی و فەلســەفییە، بەبێ پاشــخانی مەعریفی و فەلســەفی ڕەخنە و تیۆری ڕەخنەیی سەرهەڵنادەن. ئێمەی کوردیش لەم دوو بوارەدا زۆر کۆڵەوارین، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە هۆکارێکی ســەرەکیی لاوازیی ڕەخنەیە لە ئەدەبەکەماندا.
٦. لە کۆتا خاڵدا دەتوانین ئەوە بڵێین، نووســەر و دەقنووســمان زۆرە، چ شــاعیر، چ چیرۆکنووس، چ ڕۆماننووس و ...هتد، بەڵام بەشـێکی کەمی دەقەکان بەرز و جوانن و لە ئاستی پێویستدان. گەر لەهەمان ئەم ڕوانگەوە ســـەیری ڕەخنەش بکەین، ئەوا چۆن لە چاو ئەو هەموو دەقە زۆرەی هەمانن، دەقە بەرز و جوان و داهێنەرانەکانمان کەمن، بەهەمان شـــێوە

ڕەخنەکەشمان لەچاو ڕێژە و ژمارەی دەقەکانمان زۆر کەمە و نەک هەر لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵکو زۆر لە خوار ئاستی پێویستەوەیە.

# زانستی ڕەخنە

بەختیار عەلی؛ نووسەر و ڕەخنەگر



سـوپاس بۆ پرسـیارەکەتان. واهەسـتدەکەم پێویسـت بێت ڕەخنە وەک جۆرێک لە زانست تەماشا بکەین، وەک هەموو جۆرە زانستەکانیش بوون و سەرهەڵدانی پابەندی بوون و سەرهەڵدانی لق و کایە زانستییەکانی ترە. لە هەر جێگایەک زانسـتە فەلسـەفی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لاواز بن، ڕەخنەی ئەدەبیش لاواز دەبێـت. بە گشـتی لەدایکبوونی مرۆڤی ڕەخنەگر دەکەوێتە پێش لەدایکبوونی «ڕەخنەگری ئەدەب»ـــەوە. زۆر سـەختە پرسـیاری بوونی ڕەخنەگری ئەدەبی بکەین، بێئەوەی پرسـیار لە بوونی مرۆڤی ڕەخنەگر نەخەینە پێش. وشـەی ڕەخنە لە زۆربەی زمـانەکـانـدا هەڵگری ڕەهەنـدێکی نیگەتیڤە، واتە مرۆڤ بە چـاوێکی گوماناوی لە شـتێک بڕوانێت، بەڵام خودی پرۆسـەی ڕەخنە کارێکی گرنگە کە کـارێکی بە گومـانەوە نییە، بەڵکوو پەیوەنـدی بە خواسـتی تێگەیشتن و دۆزینەوە و تێپەڕاندنەوە هەیە. ڕەخنە بەر لەهەر شتێک بەو دەسـتپێک و خواسـتە دەسـتپێدەکات، تێبگەین «ڕاسـتی» یان «چۆنێتی» شـتەکان لەوە ئاڵۆزترن، وەک یەکەم تێگەیشـتن پێمان دەبەخشـێت. هەنگـاوی یەکەمی ڕەخنە گومـانە لە توانـای خۆمـان لەسـەر بینین و تێگەیشتن. ڕەخنە بەر لەهەر شت کردەیەکی شەڕانی نییە دژ بە بابەتێکی دەرەکی، ئیدی ئەو بابەتە «کۆمەڵگا»، «کایەی سیاسی» یان «تێکستێکی ئەدەبی» بێت. خواستی ڕەخنە سەرەتا تاقیکردنەوەی سنووری مەعریفەی خۆمانە، جۆرێکە لە دوودڵی دەرهەق بە تواناکانی خۆمان لەسەر بینین و تێگەیشتن. لێرەوە هەر پرۆسەیەکی ڕەخنە بەر لەوەی بیر لە وردبوونەوە بکات لە «بابەت ــ ئۆبێکت»ـی ڕەخنە، هەنگاوی یەکەمی بیرکردنەوە، گومانکردن، تێڕامانە لە سنوورەکانی ئیدراک و تێگەیشتنمان. هەڵەیەکی گەورەیە لە سـەرەتاوە قسـە لەسـەر «بابەتی ڕەخنە» بکەین، بێئەوەی قسەمان لەسەر «هوشیاریی ڕەخنەگرانە» کردبێت.

لە دونیای ئێمەدا ڕەخنە تا ئێستا وەک جۆرە پرۆسەیەکی حوکمدان سەیر دەکرێت، واتە پرۆسـەی دەرکردنی بڕیارە لەسـەر تێکسـتێک یان هەر بابەتێکی دی. بەڵام ڕەخنە لە سـەرەتادا دەرکردنی بڕیار نییە لەسـەر ئەو

شـــتەی ڕەخنەی لێدەگرین، بەڵکو تێڕامانە لەوەی ئاخۆ دەتوانین تێبگەین، ئـــاخۆ دەتوانین بچینە نـــاو ئەم بـــابەتەوە، کەرەســـــتەی نزیکبوونەوە و تێگەیشـــتن و تێڕامانمان پێیە. ڕەخنەگر کەســـێکە بەردەوام ســـــنووری مەعریفەی خۆی و چۆنێتی بەکـارهێنـانی ئەو مەعریفەیە تـاقیدەکـاتەوە. ڕەخنەگر کەســـێکە بـابەتێـک دەکـات بە بەهـانە تـا تێڕوانینی خۆی تاقیبکاتەوە. ئەوەی ڕەخنە دروســـت دەکات ئەو پلان و کەرەســـتانەیە کە دەبێت ڕەخنەگر بۆ خوێندنەوە هەیبێت. کەسی ڕەخنەگر بەر لەوەی ڕەخنە بگرێـت، دەبێـت لە زۆر جێگـای دیکەدا کـاری کردبێت، ڕەخنە جۆرە پەیوەنـدییەک نییە کە لەگەڵ هەڵچوون و داچوونەکـانی خوێنـدنەوەدا دروســـــت ببێت، بەڵکوو پێشـــتر لە جێگای ترەوە دێت. بە بێ ئیشـــــی کۆمەڵێک کایە، ڕەخنەگر دروست نابێت. ڕەخنەگر لە جێگایەکدا دروست نـــابێـت، پێشـــتر هیچ جیهـانبینییەکی تێـدا نەبێـت، ڕەخنەگر زادەی کولتوورێکە، بەر لەوەی چاوێکی تێدا بێت لە تێکسـت وردببێتەوە، دەبێت چاوێکی تێدا بێت لە دونیا وردببێتەوە. بە بێ گەشـــەی ڕاســـتەقینەی ئەو چـاوە، بە بێ ئەوەی جۆرە مرۆڤێکی بیرکەرەوە ئـامـادەبێت، بتوانێت بە ڕوونی قسـە لەسـەر دونیای خۆی بکات، کەسێک دروست نابێت بتوانێت بە قووڵی قسـە لەسـەر تێکست بکات. توانای قسـەکردن لەسـەر تێکست بە توانای قسەکردن لەسەر دونیاوە گرێدراوە.

بۆ خوێندنەوەی تێکســـــت پێویســــتمان بە کەســـێکە لە دونیایەکی ترەوە هاتبێت، واتە بە ناو کایەی تردا گوزەری کردبێت، فەلسـەفە، دەروونناسـی، مێژوو... هتـد. دونیـای ڕۆشـــنبیریی ئێمە، فەزایەک نییە وەک فەزای کـولـتـووری خـۆرئـــاوا کە کـــایەکـــان پـڕن و تـێـڕامـــان بەردەوامە و خۆنوێکردنەوە پرۆســــەیەکی ڕۆژانەیە. تـایبەتمەنـدی «تخصـــص» لە جیهانی خۆرئاوادا پێشوەخت، هەموو مەرجە قووڵەکانی ڕوانینی گشتی و تێڕامـانی پـانۆرامی و جیهـانبینی کۆیی لە خۆ گرتووە. تـایبەتمەنـدی لە خۆرئـاوادا گەرچی زۆرجـار زۆر ورد دەبێتەوە و دەبێت بە جۆرێـک لە پسـپۆڕی لە کایەیەک یان لە کێشـەیەکی بچوک و دیاریکراودا، بەڵام هیچ

کات لەناو کایەی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکاندا، تایبەتمەندیی و پسـپۆڕیی بە مانای دابڕان و دوورکەوتنەوە لە فەلسەفەیەکی گشتی یان لە جیهانبینییەکی گشـتی نایەت. گشـتی هەمیشـە ئامادەیە، واتە مرۆڤ دەشـێت ڕەخنەگری تێکسـت بێت، پسـپۆڕی ئەدەبی بێت، بەڵام لەناو ئەو پسـپۆڕییەدا چەندین شێوە و ڕەهەندی فەلسـەفی و سیاسـی و دەروونی خۆی حەشارداوە، هەر لەبەر ئەوەشـە هیچ پسپۆڕییەک نییە لەسـەر ژێرخانێکی مەعریفی گەورە ڕانەوەسـتابێت. لە خوارئاوادا تایبەتمەندبوون خۆدزینەوە نییە لە کایە و زانسـتەکانی تر، بەڵکوو ناواخنکردن و بە بنەماکردنی ئەو زانسـتانەیە وەک ژێرخان بۆ هەموو جۆرە پسـپۆڕییەک و تایبەتمەندبوونێک. کاتێک ڕەخنەگرێکی ئەدەبی تێکسـت وەک یەکەیەکی بونیـادیی سـەربەخۆ وەردەگرێت، پێش دەستدانە کاری شیکاری تێکست، هەڵگری وێنەیەک و بۆچوونێکی تیۆریی و میتۆدییە بۆ جیهان و بۆ چۆنێتی تێگەیشـتن لێی. ئەم دەسـتپێکە گرنگە بۆ ئەوەی «پسـپۆڕیی» نەبێتە کۆمەڵێک زانیاریی موجەڕەد و دابڕاو لە کۆی زانیـارییەکـانی ترمـان لەسـەر دونیـا. لە کولتوورێکـی وەک کولتووری کوردی و لە زۆرینەی کولتوورە خۆرهەڵاتییەکانیشدا، ئەم دەستپێکە ونە. ڕەخنەگر پاشخانێکی ئەوتۆی لە دەرەوەی کـایە ئەدەبییەکـان نییە، واتە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی قووڵی بۆ جیهان نییە، کایەکان بوونیان نییە، یاخود لە خەیاڵی ڕەخنەگردا وێنەیەکی مەعریفی یـان فەلسـەفی بۆ جیهـان ئـامـادە نییە. ئەوە وادەکـات کـاری ڕەخنەگر لە سـنووری هەڵچوونە دەرونییەکاندا بوەسـتێت و نەبێت بە ئیشێکی فیکری.

لێرەدا مەبەسـتم لە بوونی ئەو پێشـخان و دەسـتپێکە، جۆرە سـەرەتایەکی ئایدۆلۆژی نییە، وەک ئەوەی بڵێم ڕەخنەگر دەبێت پێشـتر ئایدۆلۆژیایەکی فەلسـەفی و کۆمەڵایەتی تەواو ئـامـادەی هەبێت، دوای ئەوە تێکسـت بخوێنێتەوە. بێگومان ئەم بۆچوونە بۆچوونێکی دروسـت نییە. مەبەسـتم ئەوەیە بەر لەوەی لەنێوان «ڕەخنەگر» و «تێکسـت»دا پەیوەندییەکی ڕەخنەیی دروسـت ببێت، دەبێت لەنێوان «ڕەخنەگر» و «جیهان»دا ئەو

پەیوەندییە بە کەرەستەی فیکری و مەعریفی قەرار بوو بێت. ئیشکردن لەسەر تێکست، دەبێت درێژکراوەی ئیشکردنی گشتیمان بێت لەسەر دونیا.

ئێمە بەر لە ڕەخنە، دۆخێکی تێڕامان و بیرکردنەوەی قووڵمان دەربارەی دونیا نییە، هەروەها بەر لە ڕەخنەگر مرۆڤێکی تێڕامێن و بیرکەرەوەمان نییە. بە کورتی ناکرێت ڕۆشنبیرییەکی بێبەرهەممان هەبێت، بەڵام ڕەخنەیەکی دەوڵەمەندمان هەبێت. بارودۆخی ڕەخنە ئاوێنەی بارودۆخی گشتی ڕۆشنبیریی ئێمەیە.

بە بڕوای من، نەوەک لە ئێستادا لە هەموو قۆناغەکانی پێشووتریشدا، ئەدەبیات لە پێش ڕەخنەوە بووە. دەستەوەستانی ڕەخنەی کوردی تەنیا بەرامبەر ئێستای ئەدەبیات نییە، بەڵکوو بەرامبەر ڕابردووشە. کولتووریی کلاسیکی بۆتە کولتوورێکی تەواو فەرامۆشکراو و نەخوێندراوە. هۆکەش تەنیا نەبوونی توانای شیکاری ئەدەبی نییە، بەڵکوو نەبوونی توانای دەرککردنە بە مانای مێژوویی ئەو تێکستانە. ئەو تێکستە ئەدەبیانە تەنیا دەروازەی ئێمەن بۆ نزیکبوونەوە لە ڕۆح و تێڕوانین و شێوازی بیرکردنەوە لەو سەردەمانەدا، بەڵام کاتێک ڕەخنەگر لە ساتەوەختی مێژوویی خۆیدا چەقیبێت، بێگومان شتێکی ئەوتۆ تایبەت بە ڕابردوو نازانێت. نەبوونی ڕەخنە تەنیا کەلێنێک لە تێگەیشتنی ئێستادا دروست ناکات، بەڵکوو کەلێنێک لە تێگەیشتنی تەواوی مێژوودا دروست دەکات.

ڕەخنەی ئەدەبی وەک کایە لەسەر دوو ستوونی گەورە دەوەستێت. **ستوونی یەکەم**، ئەو تیۆر و گووتار و چەمکانەیە کە کایەی ڕەخنە پێویستی پێیانە. بەشێک لەو تیۆر و چەمکانە دەتوانین لە خۆرئاواوە یان لە جێگاکانی ترەوە بیانهێنین، بەڵام بەکارهێنانی تیۆرە ناسراوەکانی ڕەخنە، چەمکە ئەکادیمییە باوەکان، زاراوە ڕەخنەییە خوازراوەکان، تەنیا بەشێکی کایەی ڕەخنە دیاری دەکەن، ئەویدیکە، ئەو چەمک و سیستەمە زاراوەییەیە کە ڕەخنەگر خۆی پەرەیان پێدەدات. ڕەخنەگر تەنیا

پراکتیزەی ئەو تیۆرانە ناکات کە هەن، بەڵکوو زەمینەیەکی بەردەوامیش بۆ تیۆرەسازیی دەڕەخسێنێت. مەرج نییە ڕەخنەگر تیۆری ئەدەبی دابڕێژێت، بەڵام بە هۆی چالاکی ڕەخنەیی خۆیەوە زەمینەی تیۆرەسازیی بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. ئەم بەشە لە کاری ڕەخنە، تایبەتمەندی و هێز دەبەخشێتە ڕەخنەگر بتوانێت لە تێکستەکانی ناو کولتووری خۆی تێبگات. چونکە بە بڕوای من زۆر لە کەرەستە میتۆدی و بنەڕەتی و ژێرخانییەکانی زانستی ڕەخنەش پێویستیان بە جۆرێک لە لۆکالیزەکردن هەیە، دوو ڕەخنەگر لە دونیادا نین یەک میتۆدی ڕەخنەیی بە هەمان شێوە و تەکنیک بەکار بهێنن. ڕەخنەی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لەهەر دوو لایەنەکەدا کورتی هێناوە، نە تیۆرییە گشتی و ئەکادیمییەکانی ڕەخنە بە جۆرێکی بەرفراوان و بەرچاو دەبینرێن، نە سیستمێکی زاراوەیی و نە کۆمەڵێک کەرەستەی خۆسازیش بەرچاو دەکەون کە ڕەخنەگری کورد پەرەپێدابن.

**ستوونی دووەم**، پەیوەندی ڕەخنەیە وەک کایە لەگەڵ کایەکانی تردا، واتە پەیوەندی ڕەخنەی ئەدەبی بە فەلسەفە، دەروونناسی، کۆمەڵناسی و کۆمەڵێک لقە زانستی پێویستی دیکەوە کە ئاسۆی بینینی ڕەخنەگر فراوان دەکەن، لە ڕاستیدا ئەم بەشە لەبەر لاوازی ئەم کایانە لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا تا ڕادەیەک زۆر لاوازە. بەڵام ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی سەرەکی و ستراتیژییە بۆ ڕەخنە، بە بێ ئەو پەیوەندییە ئەستەمە ڕەخنەگر بزانێت لەناو تێکستە جیاوازەکاندا بۆچی دەگەڕێت و خۆشی بە چ مەبەستێک دەنووسێت. گەرچی ئەم لاوازییە لە هەموو شتێکیدا بۆ ڕەخنەگری ئەدەبی ناگەڕێتەوە، بەڵام ئەوەی لەناو خودی ڕەخنەدا هەوڵی بەرچاو نابینین پرۆسەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بە بیرکردنەوەی فەلسەفەییەوە گرێ بدات، یان خودی پەیوەندییەکە شێلگیرانە وەرناگیرێت، نیشانەیە کە هوشیاریی بە گرنگی دروستکردنی ئەم پەیوەندییانە ئامادە نییە.

لە ســــاڵانی ڕابردوودا کە ژمـارەی زانکۆکـان زیـادی کرد، ژمـارەی تۆژینەوە و ڕەخنەی ئەکادیمیش لەگەڵیدا لە جاران زۆرتر بوو، چەندەها کتێب و نامەی ماســتەر و دکتۆرای ئەدەبیمان بینی، بەڵام بەشـــی هەرە زۆری کارەکان، تەنیا لە فۆرمی ئەکادیمیدا وەک باس یان وەک کاری ڕەخنەیی دەنوێنن، بەشــێک لەو کارانەی من بینیومن، بێڕۆح و بێوزە نووســراون و پێوەیان دیارە بەرهەمی کاری کەســانێکن دەیانەوێت هەر چۆنێک بووە خوێندن تەواو بکەن، پتر لەوە دەچێت فۆرمێکی پێشوەختیان پێدرابێت و بیانەوێت پڕی بکەنەوە، ڕۆح و گڕی بیرکردنەوەیـان تێدا ونە، بـاســـی بێگیـان و مردوون کە نەزانـانە تێکســـتەکـان بە نـاوی ئەکــادیمییەتەوە لەت دەکەن و پەیوەنــدی دانەمەزراو و زۆرەملێ لە نێوانیـانــدا دەخولقێنن. زۆربەی ئەم نووســـەرانەش دوای ئەوەی کە نــامەکەیــان پێشـــکەش کرد، ئیتر نــابینرێنەوە و لە بواری ڕەخنەدا چــالاکییەکیـان نـامێنێت. لێرەوە لەدایکبوونی ڕەخنە و ڕەخنەگر لەنێو ئەکادیمیاوە پرۆســـەیەکی هیوابەخش دەرنـاکەوێت، زۆرینەی ئەوەی تـا ئێستا بینیومانە و خوێندومانەتەوە هیوای لێ ناکرێت.

لە ڕاســتیدا پەرەســەندن و پێشــکەوتنی ئەدەبی پرۆســەیەکی خێراترە لە گەشــەی ڕەخنە. ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت کە داهێنانی ئەدەبی پابەســتی دامەزراندن و بوونی ژێرخانی فەلسـەفی و فیکری نییە. ڕەخنە، کایەیەکە کۆی بواری کولتووری دەوڵەمەند دەکات، ســـوودێکی بێوێنە بە خوێنەر دەگەێنێت، بەڵام نووســـینی تێکســـت و بەرهەمی داهێنەرانە گرێدراوی بوون و نەبوونی ڕەخنە نین. لە ســـەردەمی شـــکســـپیر و موتەنەبی و فیردەوسـیدا ڕەخنە وەک ئیشـکردنی ڕاسـتەوخۆ لەسـەر تێکسـت بوونی نەبووە. بەشی هەرە زۆری شاکارە گەورەکانی دونیا نووسراون بێئەوەی ڕەخنە ڕۆڵێـک لە خولقـانـدنیـانـدا ببینێت. من بەش بە حـاڵی خۆم هیچ نووســەرێک ناناســم و نەمبیســتووە ڕەخنە کردبێتی بە نووســەر. بەڵام ڕەخنە جگە لەوەی دەتوانێت دیوارە تاریک و مانا شاردراوە و ستراکتورە نهێنییەکانی دەق بدۆزێتەوە، دەشـــتوانێت لەهەمان کاتدا مانای مێژوویی

دیاردە ئەدەبییەکان دەستنیشان بکات، بۆ نموونە ئیشی ڕەخنە تەنیا ئەوە نییە شیعرێکی "مەحوی"مان بۆ شیبکاتەوە، بەڵکوو ئەوەشە مانا مێژووییەکانی کۆی ئەزموونی مەحوی لە ناوکۆییە «سیاقە» مێژووییەکەدا دیاری بکات. نەبوونی ڕەخنە کێشەیەکی گەورە بۆ تێگەیشتنی مێژووی ئەدەب دروست دەکات. پرۆسەی تێگەیشتن و ناونانی سەردەمە ئەدەبییەکان تووشی گرفتی ڕاستەقینە دەبێت. نەبوونی ڕەخنە واتە مردنی هوشیاریی بە مانا مێژووییەکانی سەرهەڵدانی دەق. پڕۆسەی قۆناغ قۆناغکردنی ئەدەبی و دابەشکردنی دەقەکان بە سەر سەردەمەکان و ڕێبازەکان و فۆرمە جیاوازەکاندا، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سەرهەڵدانی هوشیاریی مێژووییدا. هەر کات ئەم پرۆسەیە نەبوو، جیاکردنەوەی دەقەکان و تێگەیشتن لە خسوسییەتیان دەبێت بە کارێکی سەخت.

بەڵام لەوە مەترسیدارتر ئەوەیە، نەبوونی ڕەخنە، واتە لەدایکبوونی نەوەیەک کە توانای جیاکردنەوەی تێکستی باشی لە خراپ نییە. توانای نییە داهێنان لە هەندێک خورتە و بۆڵەی عاتیفی جیابکاتەوە. لە ڕۆشنبیریی وەهادا مەرجەعێک نابێت، داهێنان بناسێتەوە و دیاری بکات. ئەگەر تەماشا بکەیت نەبوونی ڕەخنەی جیدی وایکردووە لێشاوێک لە شیعر و ئەدەبیاتی بازاڕی کە جگە لە ختوکەدانی عاتیفی مانایەک و ناوەڕۆکێکی تریان نییە، بوون بە ئەدەبیاتێکی قەبووڵکراو. ئێمە هەمیشە ڕەخنەمان پێویستە تا لە دەریای نووسینی پوچ و سادە و ڕۆژانەدا نوقم نەبین، کاری ڕەخنەیە دەلیل و بەڵگەکان لەسەر داهێنان بخاتەڕوو. کولتووری بێڕەخنە لە ئێستای دونیادا کە دیکتاتۆرییەتی گەمژەکان باڵی بەسەر فەزای دیجیتاڵدا گرتووە، لەبەردەم مەترسی نوقمبووندایە لە تێکستی بچوک و لاواز و ڕووکەشگیردا. ونبوونی ڕەخنە جۆرە خوێنەرێکی دروست کردووە توانای جیاکردنەوەی تێکستی نەماوە، نازانێت بۆچی دەقێکی بە دڵە و دەقێکی تری بە دڵ نییە. ئەگەر لە سەردەمەکانی تردا ئەمە ترسناک نەبووبێت، ئێستا زۆر ترسناکە، چونکە

مرۆڤی جیهانی نوێ لە بەیانییەوە هەڵدەستێت تا شەو دەخەوێت لەبەر لێشاوێکی ترسناکی دەق و وێنەی نەپاڵاوتەدان. ئێستا جگە لە هێزی ڕەخنە هیچ هێزێکی تر نییە لە ناو ئەو لێشاوە گەورەیەدا ببێت بە چاوساغی خوێنەران.

خاڵێکی دیکە کە دەبێت لە کاتی قسەکردن لەسەر گرنگی بوونی ڕەخنەدا لە یادی نەکەین، هێزی ڕەخنەیە لەسەر دەرخستنی گووتارەکانی ناو دەق، ئاشکراکردنی چۆنێتی ئەو زمانە سیاسی و فەلسەفییەی دەق قسەی پێدەکات، واتە تیشک هاویشتنە سەر ئەو دونیابینییە شاردراوەیەی لە پشت ڕووداوەکان و کاراکتەرەکان و دیالۆگەکانەوە هەیە. داهێنەری ڕاستەقینە بۆ ئەوەی هەڵوێستی بەرامبەر سەردەمی خۆی هەبێت، چەکێکی کاریگەر و دووربڕی پێیە کە چەکی ئەدەبیاتە. نووسەران لە ئەدەبی خۆیاندا ڕۆحی سەردەمی خۆیان و تێڕوانینی فەلسەفی و سیاسی خۆیان دەخەنە ڕوو، دونیای ئەدەبیات دونیایەکی تێکەڵە لە فەنتازیا و ڕووداوی مێژوویی، لە خەیاڵ و واقیع، دەرچوونە لە زمانی ڕاستەوخۆ و ئەزموونکردنی جۆرە زمانێکی دیکەی میتافۆرییە. ئەوە وەزیفەی ڕەخنەیە لەو دیوو ئەو زمانە میتافۆرییەوە، ڕوانینە سیاسی و فەلسەفییەکان بپاڵێوێت و بیخاتە بەردەمی خوێنەران. هەموو دەقێک بە جۆرێک لە جۆرەکان زۆر ئاماژەی نهێنی دەنێرێت کە بە خوێندنەوەی سادە ئاشکرا نابن و دەرکیان پێ ناکرێت. ڕۆحی سیاسی و فەلسەفی دەق لەناو ئەو ڕەهەندە میتافۆرییەدایە. بە بێ بوونی ڕەخنە، وەرگێڕانی ئەو زمانە میتافۆری و ڕەمزی و فەنتازییە بۆ زمانێکی فیکری و تیۆری کارێکی ئەستەمە. وەک چۆن وەزیفەی ڕەخنەی هونەر گواستنەوەی زمانی ڕەنگ و هێڵ و فۆرمە بۆ چەمک و زاراوەی هونەری و فەلسەفی. وەزیفەی ڕەخنەی ئەدەبیش گواستنەوەی زمانی مەجاز و فەنتازییە بۆ سەر فۆرمی گووتاری فیکری. نەبوونی ڕەخنە وادەکات قووڵاییە فیکری و مەعریفی و سیاسییەکەی تێکست تەواو ون ببێت.

# تیۆری خوێندنەوە و ئێستاتیکای وەرگر

دلێر محەمەد؛ نووسەر و وەرگێڕ



"بە گشتی دەق ئامێرێکی تەمەڵە، خوێنەر دەیخاتە گەڕ"
ئیمبرتۆ ئیکۆ

لە سەرەتای ئەم وتارەدا، دەکرێ بە ڕاشکاوی بڵێم، من تەنیا وەڵامی بەشێکی پرسیاری تەوەرەکەی ئێوە دەدەمەوە، کە پەیوەستە بە خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکانەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە برادەرێکی بەشداری تەوەرەکە پێش من بە خێرایی، مێژووی سەرهەڵدانی تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی تاڕادەیەک بەسەر کردووەتەوە و بە دیاریکراویش لەبەر ئەو هۆکارەی کە دەرکەوتنی تیۆرەکانی خوێندنەوەی دەق و وەرگر، زۆر کۆن و لە مێژینە نییە و نەک هەر پێویست بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی کلاسیکی یۆنان و بە نموونە کتێبی شیعری ئەرستۆ ناکات، یان تەنانەت پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەردەمی نوێگەری و دواتریش پێویستمان بەوە نییە لە سەدەی نۆزدەهەمی خۆرئاوا، بە دوای تیۆرێکی ئەدەبییدا بگەڕێین، کە لە ڕەخنەدا، خوێنەری وەک بەگەڕخەری دەق وێنا کردبێت و بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخی پێدابێت. لێرەوە دەکرێ بڵێین بە درێژایی ئەو چەندین سەدەیە، لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەهەندەکانی دەرەوەی دەق دەکرانە میحوەری ڕەخنە و ڕاڤەکردنی دەق، بە دەربڕینێکی دیکە ڕەخنەگران بە پلەی یەکەم تێکستی ئەدەبی و ناوەڕۆکەکەیان، لەبەر ڕۆشنایی واقیعی ژیانی نووسەر و ئایدۆلۆژیاکەی و ئەو قۆناغە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پسایکۆلۆژییەی کە نووسەر تێیدا ژیاوە و دەقەکەی تێدا ئەفراندووە، ڕاڤە دەکرد. ئەم شێوازە لە ڕەخنە تاکوو ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەم و خوێندنەوەی هەندێ ئاماژەی ناو چەند وتارێکی کەمی ڕەخنەیی هاوشێوەی ئاماژە ڕوونەکەی شاعیر و ڕەخنەگری فەڕەنسی

داهێنەر **"پۆل ڤالێری**[1]" کە لە وتارێکیدا دەکەوێتە دژایەتیکردنی ئەو هەوڵەی کە ئیمزاکەر، یانی نووسەری تێکست و بەرهەمی ئەدەبی بە تەنیا کەس دادەنێت کە درک بە واتای دەق بکات. **ڤالێری** لەم بارەیەوە دەنووسێت: «دەق مانایەکی ڕاستەقینەی نییە و نووسەریش هەژموون و دەسەڵاتدار نییە بە سەرییەوە، چونکە نووسەر گەر ویستی گوتن و نووسینی شتێکی هەبێت، ئەوا هەر ئەوە دەنووسێ، کە نووسیویەتی. هەر بۆیە کاتێک دەقێک چاپ و بڵاودەکرێتەوە، ئیدی وەک ئەو ئامێرەی لێدێت، کە دەکرێ هەر یەکێکمان بە ئارەزووی خۆی، یاخود بە پێی ئامرازەکانی بەردەستی، بەکاری بەرێت. لەبەر ئەمە نازانین و لەوە دڵنیا نین، کە داخۆ دانەری ئامێرەکە، لەوانیتر باشتر و چاکتر ئامێرەکە بەکار دەهێنێت. لێرەوە بەرهەمی ئەدەبی بە جۆرێک لە بووندا بەردەوام دەبێت، کە بتوانێت، بەشێوازێکی جیاواز، لەوەی نووسەر و دانەرەکەی دەربکەوێت». هەروەها لە سالانی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا فۆرمالیستە ڕووسەکان، لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بە پێچەوانەی تەوژمی باوەوە، کەوتنە بایەخدان بە ڕەهەندەکانی ناوەوەی دەق و بە هۆی کاریگەری ئەفراندنەکانی ئەم گرووپە و پاشان بازنەی زمانەوانی **"پراگ"**ەوە، دەرگای وەرچەرخانەکانی تری نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم کەوتە سەرپشت. یەکێک لەو تیۆرانەی کە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت، بریتی بوو لە (تیۆری خوێندنەوە و ئێستاتیکای وەرگر)[2]، کە سەرەتا لەلایەن هەر دوو ڕەخنەگری پێشڕەوی ئەڵمانی **"هانس ڕۆبەرت یاوس"** و **"وۆڵفگانگ ئایزەر"** دامەزرا، کە دواتر تیۆری هەر دوو ڕەخنەگرەکە، بە ئاراستەی قوتابخانەی کۆنستانس ناسرا. کە یەکەمیان واتە یاوس لە ڕێگەی تیۆری وەرگر و ستاتیکای خوێنەرەوە، ناوبانگی دەرکرد. هەرچی ئایزەریش

---

[1] بڕوانە کتێبی: القراءة رافعة راسها، عبدالسلام بن عبدالعالي، دار توبقال، ط١ لسنة ٢٠١٩..ص٦.

[2] هانس روبرت یاوس: جمالیة التلقي.ت: رشید بن حدو، المجلس الاعلی للثقافة ط١لسنة ٢٠٠٤. پێشەکی کتێبەکە بە قەڵەمی وەرگێڕی عەرەب، ص٧-١٧

بوو بە هۆی تیۆری خوێنەری ناوەکی و پەنهانەوە ناسـرا. بەڵام بەگشـتی یەکێک لەو پرەنسـیپە سـەرەکی و گرنگانەی کە تیۆرەکەی لەسـەر دامەزرا، پرەنسیپی گرنگیدانە بە خوێنەر، بەو پێیەی کە خوێنەر یەکەمین لایەنە کە بـایەخ بە دەقی ئەدەبی دەدات و هەروەهـا بەو پێیەش کە تیۆریزەکەران هەر لە سـەرەتـاوە پێیـانوابوو، کە خوێنەر لایەنێکی میحوەری و بنەڕەتی ناو پرۆسـەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییە، چونکە خوێنەر ڕاسـتەوخۆ دەچێتە ناو کارلێککردن لەگەڵ دەق و فۆرمەلەکردنی مـاناکەیەوە. هەروەها فینۆمینۆلۆژیا و هیرمۆنتیکا، واتە دیاردەگەرایی و لێکدانەوە ئەو دوو ئاراستە فیکرییە بوون کە کاریگەری گەورەیان لەسەر دەرکەوتنـی تیۆری ڕەخنەیی وەرگر هەبووە. لێرەدا دەسـتبەرداری کاریگەری لێکدانەوە دەبم و ئەوەندەش بەسـە کە ئاماژە بەوە بدەم کە لە فینۆمینۆلۆژیـای ئینگـاردن دا خوێنەر بە پـایەیەکی بنەڕەتی دادەنرا بۆ پەیبردن و درککردن بە کاری ئەدەبی و پاشـان دیاردەگەرایی بیرمەندی ناوبراو بنەمایەکی بابەتییانە و مەتەریالانەی بەخشـی بە درککردنەکەی خوێنەر، سەرەڕای جەختکردنەوەی لەسەر ڕۆڵی خوێنەر لە دیاریکردنی مانـا، لە بەرهەمی ئەدەبیدا. هاوکات ئاماژەی بە ڕۆڵی خوێنەریش داوە، کە بەشـێوەیەکی فەنتازی دەکەوێتە پڕکردنەوەی درز و بۆشـایی بەرهەمە ئەدەبییەکە، لە دەقێکی گریمـانەییـدا، کە دەبێتە تەواوکەری بەرهەمە ئەدەبییەکە. ڕەخنەگری فەڕەنسـی "ڤینسـۆن جۆڤ"ی نووسـەری کتێبی «خوێندنەوە»[3] یەکێکە لەو توێژەرانەی، کە بایەخێکی تیۆری و ڕەخنەیی گەورە بە تیۆری وەرگردەدات، ئەم توێژەرە لە پێشـەکی کتێبی ناوبراودا، جگە لە ئاراسـتەی کونسـتانس، تێشـکی خسـتووەتە سـەر سێ ئاراسـتەی دیکەی تیۆری، کە ئاراسـتەی دووەم، بریتییە لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوە سـیمۆلۆژییەکەی **"ئیمبرتۆ ئیکۆ"**ی ڕەخنەگر و ڕۆماننووسـی ئیتالی، کە تیایدا خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی بەشـداریکەرانە بۆ خوێنەر پێشـنیار

3 القراءة : فانسون جوف.ت: محمد ايات لعميم، شكير نصرالدين. منشورات الرؤية٢٠١٦. ل٥-٦..

دەکات. هەرچی ئاراستەی سێیەمە پێکهاتووە لە توێژینەوە سیمۆلۆژییەکەی هەر یەک لە **فلیپ ئامون** و **ئوتن**، کە تیایدا کە هەردووکیان دەسەڵات بە خوێنەر دەبەخشن، تاکوو لە ڕێگەی بەش یان پەرتەکانی دەقەوە، یاخود بە لەبەر چاوگرتنی تەفاسیلەکانی، لە دەقی ئەدەبی تێبگات. هەرچی ئاراستەی چوارەمە بریتییە لە ئاراستەی تیۆری ڕیالیستی خوێنەر لە لای **میشێل بیکاری** ڕەخنەگری فەڕەنسی، کە تیایدا ڕەخنە لەو خوێندنەوە ڕەخنەییە تیۆریانە دەگرێت، کە خوێنەرانی ئەبستراکت ئەنجامیان داوە، ئەوانەی کە بانگەشە بۆ خوێندنەوەی ڕیالیستی و بەرجەستە دەکەن. ئەم ئاراستە تیۆریانەی کە لە سەرەوە بە کۆمەکی نووسەری کتێبی خوێندنەوە خرانە ڕوو، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە، کە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا سەپاندنی تیۆرێکی دیاریکراو کارێکی سەخت و ئەستەمە، چونکە خوێندنەوە بە تەنیا پرۆسەیەک نییە بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەق و هەتا دۆزینەوەی ماناکان تیایدا. بەڵکوو پرۆسەکە گەڕانە بەدوای ئەو ئاراستانەی کاریگەریدا کە دەق بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەر خوێنەر بەجێیان دەهێڵێت. چونکە دەکرێ دەق خوێنەر تووڕە بکات یان فریوی بدات، یاخود بیگریێنێت، یان بیتۆقێنێت. ئەمەش بەو پێیەی کە کاریگەری خوێندنەوە، لەسەر ئێمەی خوێنەر دەکەوێتە سەروو تێگەیشتنمانەوە بۆ دەق، ئەمەش ئەو شتەیە، کە هەندێک جار بە کاریگەری ئەدەب ناوی دەبەین و لە هەمانکاتیشدا وادەکات، کە دەقە ئەدەبییەکان، تەنیا بە کۆمەڵێک دەربڕین و دەلالەتی زمانەوانی ناو نەبەین، بەڵکوو هاوکات دەق بە ئامرازی کاریگەریش وێنا بکەین، بەو مانایەی کە دەق هەندێک جار پاڵمان پێوە دەنێت، کە هەندێک کار ئەنجام بدەین. ئەمەش ئەو توانایەیە، کە وامان لێدەکات پەی بە مانا شاراوەکانی دەقی ئەدەبی بەرین. هەروەها خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی پرۆسەیەکە بە ئاراستەی دۆزینەوەی چەندین مانا، یاخود فرە مانایی لە دەقدا، کە ڕەخنەگری گەورەی فەڕەنسی **ڕۆڵان بارت** لە سەرەتای کتێبی: **(ئیس/زێد** یاخود **سارازین)**دا ئەم فرە مانایییە بە سەرلەنوێ خوێندنەوە ناو دەبات. ئەویش بەو واتایەی کە سەرلەنوێ

خوێنـــدنەوە دەق ڕزگـــار دەکـــات، لە دووبـــارەبوونەوە. کە بە هۆی فرەییەکەیەوە کەشـــف دەکرێـــت، وەک ئەوەی یەکەم جـــاری بێـــت کە بخوێنرێتەوە، بەشێوەیەکی تایبەت و زیاتریش گەر بەرهەمە خوێنراوەکە، بەرهەمێکی کلاسیک بێت. هەموو سـەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی بەرهەمی کلاســـیکی، پەیبردن و دۆزینەوەیە، وەک ئەوەی یەکەمجـــار بێـــت بخوێنرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە **ڕۆلان بارت** ســـەرەتا گومانی لەوە بوو کە دامەزراندنی تیۆرێـک لە خوێندنەوەدا شـــیمانە بێـت و لەم بـارەیەوە، دەنووســـێت[٤]: «دڵنیا نیم و نازانم، کە دامەزراندنی تیۆرێک لە بواری خوێندنەوەدا پێویستە، کە ئەسڵەن خوێندنەوە جگە لە کایەیەکی فرەچەشن، بۆ مومارەســە فرە و پەرتپەرتەکان، کە خاوەنی کاریگەرییەکانی خۆیەتی و کورت ناکرێتەوە، چیترە. هەروەها گەر خوێندنەوەی خوێندنەوە، یان گەر میتاخوێندنەوە، جگە لە پەرتگەلی بیرکردنەوەکان و مەترسییەکان و حەزەکان و چێژەکان و فشارەکان، چیترە کە ڕەنگە ئەوە گونجاوبێت، کە جورعە بە جورعە لەبارەیەوە بدوێین». بەڵام هەر ئەم ڕەخنەگرە دواتر خۆی بە پێویســـتی زانی کە مەرگی نووســـەر ڕابگەیەنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر لە دایک ببێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە لە پرۆســەی خوێندنەوەدا مەحاڵ بوو کردارێکی دروســـت بەدی بکەین، بە بێ ڕەواندنەوەی ئەو دەســـەڵاتەی نووســـەر کە بانگەشـــەی هەژموونی لەســـەر دەق دەکرد. هەروەها خوێندنەوەکان هاوسـەنگ نین و خاوەنی هەمان ئاسـت نین، لەم ڕووەوە بیرمەندی فەڕەنســـی **"لوی ئاڵتوســـێر"** لە ڕابردوودا دوو جۆر خوێنـدنەوەی لە یەکتری جیـا کردووەتەوە: کە ئەوانیش خوێنـدنەوەی بەرکـار و خوێندنەوەی کـاریگەر بوون. خوێندنەوەی بەرکـار لەبەردەم دەقدا نێگەتیڤانە و وەک وەرگر ڕادەوەستێت. ســـەرەڕای ئەوە کردەیەکی ئەفســـوونـاوی ســـادەی دەقەکە لێکدەداتەوە، کە مەتەریالی نووســـراو ڕەتبکاتەوە، بۆ زاڵبوون بە ســـەر ڕۆحی دەقدا و بۆ ئەوەی دزە بکاتە ناو

---

4 کتاب (س/ز) رولان بارت..ت: محمد بن رافة البكري، دار الكتاب الجديدة المتحدة..٢٠١٦ ل ٤٤

قووڵاییەکانی و گوێ لە سەداکانی بگرێت و ماناکانی بدۆزێتەوە. بە کورتی خوێندنەوەی بەرکار، لەسەر مەعریفەی ڕاستەوخۆ و میتافیزیکای ئامادە دادەمەزرێت، کە لە کۆتاییدا دەبێتە لێدوان و شیکردنەوەی دەق، بەو پێیەی کە ئامانجی ئەم خوێندنەوەیە، گەیشتنە بەوەی کە نووسەر گوتوویەتی و پەیبردنە بەوەی کە لە دەقدا جێگر کراوە. کەواتە ئەمە جۆرێکە لە خوێندنەوە، کە هەوڵ دەدات دزە بکاتە نێو قووڵاییەکانی دەق، بۆ ئەوەی پەی بەو حەقیقەتانە بەرێت، کە هەڵیگرتوون. خوێندنەوەی بەرکار، هەمان جۆری خوێندنەوەیە کە **ڕۆلان بارت** بە خوێندنەوەی مردوو ناوی بردووە، ئەویش شێوازێکە لە خوێندنەوە کە ملکەچ و گوێڕایەڵی دووبارەکردنەوە و قاڵبە زەینییەکان و ئەو وشانەیە کە فەرماندەرن. بەڵام بە بۆچوونی بارت خوێندنەوە زیندووەکانیش لە ئارادان، خوێندنەوەی زیندوو جۆرێک بەرهەم و تێکستە، کە لەگەڵ نووسینی گریمانەیی خوێنەردا دەگونجێت. کە لەلای ئاڵتوسێر بە خوێندنەوەی کاریگەر ناو براوە. کە ئەویش خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێن و وەرچەرخێنەرە، کە دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەقێکی نەنووسراو یان گریمانەیی، کە ناکرێ بواری نووسین لە ئاماژەیەک لەبارەیەوە یاخود لە نیشانەیەک لە نیشانەکانی زیاتر بێت. ئەمەش هەر ئەو خوێندنەوەیەیە، کە لە ڕابردوودا بیرمەندێکی وەک نیچە بە خوێندنەوەی (دەستنیشانکەری نیشانەکان) ناوی بردووە. چونکە هەڵدەستێت بە پشکنینی دەق و لەلای نیشانەکانی ڕادەوەستێت. بۆ ئەوەی نەدۆزراوە و پەیپێنەبراو بدۆزێتەوە لە دەقێکدا کە دەیخوێنێتەوە، پاشان دەیگێڕێتەوە بۆ دەقێکی دیکە، کە بە پێداویستی نائامادەیی خۆی لەناو دەقی یەکەمدا ئامادەیە..." ئەم خوێندنەوەیە، دەقەکە بەو شێوەیە تەماشا ناکات، کە کتێبێکی کراوەیە و بە ئاسانی ماناکانی خۆی دەدات بە دەست خوێنەرەوە، بەڵکوو بەو سیفەتە وێنای دەق دەکات، کە لە خۆی هەڵهاتووە و دوورکەوتووەتەوە لە خۆی، هۆکارەکەش بۆ کەموکوڕی خوێنەر و هەرزەییە تیۆری و مەعریفییەکەی ناگەڕێتەوە.. . پاشان ئەم خوێندنەوەیە لە ڕەهەندێکی دیکەدا خوێندنەوەیەکی گومانگەرایە، کە هەموو ڕەهەندێکی ڕاستەوخۆ تۆمەتبار

دەکات و گشت بەڵگەنەویست و نەگۆڕێکیش ڕەتدەکاتەوە. ئەم خوێندنەوەیە، لەناو سپییەتی دەقدا هەوڵی دۆزینەوەی دەستنووسەکەی دەدات، بەو پێیەی کە لەودیو سپییەتی دەقەوە خۆی شاردووەتەوە. بەو ئومێدەی کە دەستنووسی دەقەکە بژێنێتەوە و هەوڵی سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی کردەی نووسینی دەقەکە بدات. بەڵام کردەیەک کە بانگەشەی خستنەڕووی خاوەندارییەتی دەق و تاکە مانای ڕاستەقینە و ڕەها لە دەقەکەدا ناکات. کەواتە ئەم کردەی خوێندنەوەیە، لەسەر مەعریفەی ناڕاستەوخۆ دادەمەزرێت و لەگەڵ پێشبینی سەرەتاییدا نییە و ئەوە نەرێ دەکاتەوە کە لەگەڵیان بێت. لەناو ئەم کردەی خوێندنەوەیەدا پێشبینی پێدراوی یەکەم و سەرەتایی ناکرێت و هەروەها یەکەمین مەعریفەش لە ئارادا نییە، بەڵکو هەموو مەعریفەیەک بریتییە لە پێچەڵپێچ و خاوەندارییەتیکردنی ماناش، کۆتایی و پایانی ڕێگاکەیە و داپۆشین و پەردەپۆشکردنیش بریتییە لە دەستنیشانکردنی هەموو ڕاستییەک.

## خوێنەر لە خوێندنەوە ڕاڤەکارییەکەی ئیکۆ'دا

خوێندنەوە بەو سیفەتەی کە پرۆسەی ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی دەقە لەلای ڕەخنەگری ئیتالی **ئیمبرتۆ ئیکۆ**، بەو پێیەی کە لە پرۆسەکەدا دەق هەڵدەوەشێنرێتەوە و سەرلەنوێ پێکدەهێنرێتەوە، بە مەبەستی تێگەیشتنی، ئەوا ئەم پرۆسە ڕەخنەییەی ئیکۆ جگە لەوەی کە لە ڕیزبەندی تیۆری وەرگردا پۆلێن دەکرێت، هاوکات پێویستە لەناویدا ئاشنای پەیوەندی دژواری نێوان خوێنەر و دەق، یاخود بکەر و بابەتێک ببین، کە ڕاڤە دەکرێت و دەخوێنرێتەوە. لە ڕەخنەی کلاسیکدا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، تیۆرەکان لەسەر چەمکی ناوەندی نووسەر، بنیادەکران. چونکە لە ڕابردوودا نووسەر وەک ناوەند و سەنتەری پرۆسە ئەدەبی و ڕەخنەییەکە دەبینرا، بەم پێیەش لە تیۆری مێژوویی و سۆسیۆلۆژی و پسایکۆلۆژی و تیۆرە کولتوورییەکان و بیۆگرافییدا، پرۆسە ڕەخنەییەکە کورت دەکرایەوە

بۆ ئەوەی کە بە دەسەڵاتی نووسەر ناو دەبرا. بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی بونیادگەریدا، بەتایبەتیش لە تایپە سەرەتاییەکەیدا دەق جێگای نووسەری گرتەوە و ئیدی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەوەی کرایە سەنتەر و گرنگییەکی زۆری پێدرا بریتیی بوو لە دەق. تاکوو دواجار لە تیۆرەکانی خوێندنەوەدا، شوێنی دەق درا بە خوێنەر. بۆیە تیۆری ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیش لەلای ئیمبرتۆ ئیکۆ، هەمان کاری کرد، بە جۆرێک ئەم ڕەخنەگرە، لە هەندێ بەرهەمیدا بە دیاریکراویش لە تێکستی ناوداری (خوێنەر لە حیکایەت یان گێڕانەوەدا) ئەو پێگە ناوەندییەی بەخشیووە بە خوێنەر، کە ستراکچرالیزمەکان لە سەرەتادا بەخشیبوویان بە دەق. بەڵام ناکرێ وەک بەرنامە و ڕەچەتەیەکی ئامادە بۆ پڕاکتیکردن، وێنای تیۆرەکەی ئیکۆ بکەین، یاخود وەک شێوازێکی ئامێریانە بیری لێبکەینەوە، بەڵکوو ئەو پێیوایە کە خوێندنەوە هونەرێکە، لەسەر بلیمەتی و ئەزموونی خوێنەر و ڕاڤەکار ڕاوەستاوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی وایە «کە خوێنەر و ڕاڤەکار دەزانێت چۆن بەرخورد لەگەڵ دەقدا بکات و چۆنیش تێکەڵاوی ببێت، تاکو ئەو پەردەی تەمەڵییەی لەسەر لابەرێت، دەست بە وەبەرهێنانی دەلالەتە هارمۆنی و هاوسەنگەکانی بکات.»[5] جگە لە پێگە ناوەندییە کاریگەرەکەی خوێنەر، تیۆرەکەی ئیکۆ لەسەر ئەو پڕەنسیپەش دامەزراوە، کە دەڵێ: دەق، بە شێوەیەکی گشتی ئامێرێکی تەمەڵە، پێویستی بە خوێنەرە تاکو بیخاتە گەڕ. لەگەڵ ئەوانەشدا هاوکات، لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی هیرمۆنتیکیش لە تیۆرەکەی ئەم ڕەخنەگرە ئیتالییەدا مانیفێست دەبێت. ئەو دەربڕینەی ئیکۆ: دەق ئامێرێکی تەمەڵە، بەو واتایە دێت، کە دەق لە قووڵاییدا پێدراوێکی نوقسان و ناتەواوە، پێدراوێک بە کەمووکوڕی زۆرەوە، تاکوو سپییەتییەکان لە خۆی بگرێت. تاکوو بکەوێتە ناوچەیەکی دیارینەکراوەوە و لەوێ چاوەڕانی خوێنەرێکی گونجاو بکات، بۆ ئەوەی بێت و سپییەتییەکانی پڕ

[5] امبرتو ايكو: القارىء في الحكاية..ف: انطوان ابو زيد..دار الساقي..١٩٩٦.له ٢٨-٢٩

بکاتەوە، بەشـێوەیەکی هیرمۆنتیکی ئاراسـتەی بکات. چونکە وەک خۆی دەڵێ:[٦] «دەق دەیەوێت دەسـتبەرداری دەسـتپێشـخەرییە هیرمۆنتیکییەکە بێـت، بۆ خوێنەر...»، یـاخود بەو پێیەی کە دەڵێ «دەق پێویسـتی بە یـارمەتی خوێنەرێکە، تـاکوو بە گەڕی بخـات...»، بەڵام خوێنەرێـک کە ڕەخنەگرەکە لەبـارەیەوە دەدوێت، خوێنەرێکی نموونەیی و ئـایدیـالە، کە دانەر پێشـبینی دەکات، کە خۆی وەک بەشـێک لە بونیادی دەقە ئەدەبییەکە پێشـکەش بکات. خوێنەر، بوونەوەرێکی گرنگ و کاریگەرە، کە دەیەوێ لە پرۆسـە و ڕێڕەوی خوێندنەوەدا وەک بزوێنەر و بەگەڕخەری تێکسـت و بەرهەمە ئەدەبییەکان بەشداربێت. لە کن خوێنەری ئایدیال و نموونەیی، هـاوڕێ لەگەڵ چێژبینیندا، خوێندنەوە بە مـانـای پرسـیـارگەلێک دێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی تێکستەکە و پەیبردن بە هەرچی زیاتری ڕەهەندە نـادیـارەکـان دەق و ئەو کـاریگەریـانەی تێکسـتە ئەدەبییە کە لە نـاوەوەیدا بەجێیهێشـتوون و هەسـتیان پێدەکات. خوێندنەوە پرۆسـەیەکی فیزیکی و هزری و مەعریفی و سـۆزداری و ئـارگۆمێنتیی و سـیمبولیـک "ڕەمزی"یشـە. گەر ئەوە خوێندنەوە بێت، ئەدی خوێنەر، یاخود خوێنەری ئـایـدیـاڵ کـێـیە؟..

شـاعیری نـاوداری ئەڵمـانی **"گۆتێ"** لە نـامەیەکیـدا بۆ **فرەدریش ڕۆشـڵیت**زی هاوڕێی، ئاماژەی بەوە کردووە کە «خوێنەر سـێ جۆری هەیە، جۆری یەکەم: ئەوانەن چێژ لە دەق وەردەگرن بەبێ هەڵسەنگاندنی، جۆری سـێیەمیش ئەوانەن: تێکسـت هەڵدەسـەنگێنن بە بێ ئەوەی چێژی لێوەربگرن. بەڵام جۆری دووەم، کە دەکەوێتە ناوەڕاسـتی دوو جۆرەکەی ترەوە، خوێنەرێکە: کە لە کاتی هەڵسـەنگاندنی دەقدا چێژ وەردەگرێت و لە کاتی چێژوەرگرتنیشدا هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکە دەکات. بە بڕوای گۆتێ ئەم جۆرەی دوایی لە خوێنەر تێکسـتەکە لە فۆرمێکی تـازەدا بەرهەم

---

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوول٣٠

دەهـێـنـێـتەوە. بەڵام ژمـارەی ئەم چەشـــنە لە خـوێـنەر کەمە.[٧] تا ئێرە گەر جۆرێک لە وێناکردنمان لە بارەی پرۆســـەی خوێندنەوە و هەروەها خوێنەر و خوێنەری ئادیال لەلا گەڵاڵە بووبێت، هەنووکە دەکرێ بپرســـین، داخۆ ئێمە خاوەنی پرۆســـەی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبین، ئایا خوێنەرێکی لەو چەشـنەمان هەیە، کە لەســەرەوە باسـمانکرد؟ بێگومان وەڵامەکە گەر نیگەتیڤ بێت، ئەوا ناکرێ نیگەتیڤێکی ڕەها بێت، چونکە ئێمە بە کەمی و خوێنەرێکی ڕەخنەگری لەو چەشـــنەمـان لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا هەیە، بەڵام کەمە و لە ئاســتی پێویســت و چاوەڕوانیدا نییە. بە بڕوای من لەوەدا کە پەیوەندی بە ڕەخنەوە هەیە، ناکرێ چەمکەکە لە واتـا هەمەلایەن و گشـــتگیرەکەیدا فەرامۆش بکەین، چونکە ڕەخنە پرۆســەیەکی هەمەلایەن و گشـتگیرە و پێویسـتە لەیەککاتدا لەســەرجەم کایەکانی زانســتە مرۆڤایەتییەکاندا پەرەســەندن و پێشــکەوتن بە خۆیەوە ببینێت، لە هەموو ئەو کایانەدا بخرێتە ســەر و هەموو شــتێکەوە و وەک تاکە چەکێکی گشـتگیر و ئەفسـووناوی وێنابکرێت، کە لە دەسـتدانی یانی شـکسـتی حەتمی! یان **کانت** وتەنی پێویسـتە سـەر لەبەر هەموو شـتێک لە ســـەرجەم کـایەکـانـدا بە ڕەخنە بســـپێرین. دەنـا ئەزموونی میللەتـانی دەوروبەرمان، ئەوەمان پێدەڵێت، ئێمە ناتوانین، بەبێ پەرەســەندنی ڕەخنە لە کایەی سـۆسـیۆلۆژیا و سـیاســەت و تیۆلۆژیا و کایەکانی دیکەدا ببینە خـاوەنی ئەدەبیـاتێکی کوردی پەرەســـەندوو، یـان هەتـا ببینە خـاوەنی ڕەخنەیەکی ئەدەبی زیندوو، کە ببێتە فاکتەری ســەرەکی بۆ پێشــخســتنی ئەدەب و هـــــــونەری کـــــــوردی.

---

[7] مع بورخيس. البيرتو مانغويل..ترجمه:احمد م. احمد..دار الساقي ..٢٠١٥. ل٩-١٠

# بەسەرکردنەوەیەکی خێرای مێژووی شێوەکاری لە کوردستان لە نێوان ڕەخنە و هونەری شێوەکاریدا

شێوەکار و نووسەر: زامۆئا داراغا



سـەرەتا دەبێت لەوە تێبگەین ئێمە کێشـەی (دەقی پیرۆز)مان هەیە واتا بەپێی ئەو کولتوورەی کە زیاد لە ١٤٠٠ سـاڵە ئەم کۆمەڵگەیە پەیرەوی دەکات، تاکی کورد نەیتوانیوە بە شیوەیەکە ئازادانە ڕەخنە لە **دەقی پیرۆز** بگرێن، هەر لەم بۆچوونەوە ڕەخنە لەلای ئێمە زۆر لاوازە و کاریگەری زۆری نییە لەسەر کولتووری ئێمە، ئەوەی کە هەیە جۆرێکە لە ستایش و پیاهەڵدان و وەسف کردنە، ئەوەندە ڕەخنەی بابەتی و جیددی نییە.

هەمووـمان دەزانین بەبێ کـاری هونەری ئەسـتەمە (ڕەخنەی هونەری شـێوەکـاری)ش بوونی هەبێـت. هەر لەم ڕوانگەیەوە هـاوتەریـب بە هۆکـارەکـانی نەبوونی ڕەخنەی هونەری بـاسـی مێژووی هونەری شێوەکاری لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا دەکەین.

هونەری شـێوەکاری لە کوردسـتان تازەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی ڕابردوو، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەم نـاوچەیەی کە کورد تێیدا نیشـتەجێ بووە وەک جوگرافیـا لە بەشـی بـاکووری ڕۆژهەڵاتی (**میزۆپۆتامیا**)دا بەشـێک بووە لەو مێژووە گەورەکەی شـارسـتانی میزۆپۆتامیا لە هەموو سەردەمەکانیدا.

بەڵام بەهۆی شـەر و ململانێی زلهێزەکانی دەورووبەری هەمیشـە دەسـت بەسـەر بووە و، لە هەندێ کاتی مێژوویدا کورد دەسـەڵاتی خۆجێیی خۆی هەبووە و لە هەندێ کاتدا وەک داگیرکەراو خۆی بینیوەتەوە.

بەپێی ئەو گەڕان و پشـکنینانە کە ئیسـتا دەکرێت و ئەو پاشـماوانە کە دەدۆزرێتەوە لەم ناوچەیەدا چەندین ئاسەواری مێژوویی لەخۆ گرتووە کە دەیسـەلمێنێت خەڵکی ئەو سـەردەمە هونەریـان بەرهەم هێنـاوە و پەیوەندییەکی زۆر باشـیان هەبووە لەگەڵ هونەر و کاری هونەری وەک پەیکەر و سیرامیک و کەلوپەلی ڕۆژانەی ناو ماڵ و خشڵ و زێر و زیوو و بینـاسـازی. لە هەموو سـەردەمەکـانی **میزۆپۆتـامیـا** و هەموو شارستانیەتەکان کە دەسـەڵاتیان هەبووە وەک (بابل و سۆمەر و ئەکەد و

ئاشــورەکان) تا دەگاتە ســنووری دەســەڵاتی یونان و ســاســانییەکان و فرعەونییەکـان و چەنـدین شـــارســـتـانی گەورە و بچوکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بوونیان هەبووە لەو سەردەمەدا لەم ناوچەیە.

هونەر بە گشــتی و هونەری شــیوەکاری بە تایبەتی بە قۆناغەکانی خۆیدا ڕۆیشـــتووە وەک هەموو شـــارســـتانیەتەکانی دونیا، هونەر تێکەڵاوی کۆمەڵگە بووە لە زۆربەی زۆری بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، هەم وەک کەلوپەلی ڕۆژانە تا دەگاتە کۆشکی پاشاکان و مەلیکەکان و پەرستگاکانی خواوەند و شوێنە گشتییەکانی شارەکان.

بە هـاتنی دەســـەڵاتی ئیســـلام بۆ ئەم نـاوچەیە پیش ١٤٠٠ ســـاڵ گۆڕانکارییەکی گەورە ڕووی دا بە تایبەتی لە بواری هونەری شێوەکاری کە دەتوانم بڵێم لاوازبوونی هونەری شێوەکاری بە شێوەیەکی بەرچاو، کە وایلێهات وێنەکێشـــان و پەیکەرســـازی ببن بە شـــتێک و بـابەتێکی قەدەغەکراو و نەفرەت لێکراو و، لە هەندێ شوێندا ئەو کارە هونەریانەی کە هەبوون هەمووی شـــکێنـدراو و لەنـاو براون لەژێر بیـانووی جوراوجۆری دیندا، بەم شیوەیە هونەری شێوەکاری بوو بە شتێکی نامۆ و قەدەغەکراو بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە.

ئەوەی لەبەرچاو بوو شـــکێندرا و فەوتا و ئەوەی مایەوە خرایە خزمەت دەسەڵاتە ئایینییەکە و بەرگی ئایینی وەرگرت و بەلاڕیدا برا.

ئەم دەســەڵاتە ئایینییە وایکرد هونەری شــێوەکاری زۆر لاواز ببێت و لە هەندێ قۆناغی مێژوویی دەســەڵاتە ئیســلامیەکان دابڕان و نەمان ڕووی دا، ئەوەی کە مایەوە ڕەگی داکوتی لە کولتووری ئێمەدا (ئەدەب) بوو کە ئەویش بارگاوی بووبوو بە کولتووری ئیســلامەوە، بەم شــیوەیە نەبوونی کاری هونەری شـــێوەکاری بووە هۆی نەبوونی ڕەخنەی هونەری و بە تایبەتی تیوری هونەری شێوەکاری لە هەموو ڕوویەکەوە.

ئەم مێژووە بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا ڕووخانی دەوڵەتی **عوسمانی** لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لەلایەن بەریتانییەکان و فەرەنسییەکانەوە.

ئیدی جارێکی تر بەهۆی ئەم داگیرکردنەوە لەژێر ناوی ئیستعماردا هونەری شێوەکاری هاتەوە ناوەوە لە ڕێگەی بەریتانییەکان بۆ ناو عێراق بە تایبەتی.

لەبەر ئەو دابرانە زۆرەی کە ڕوویدابوو لە مێژووی هونەری شێوەکاری بە شێوەیەکی نامۆ هاتووە و بە بەرگێکی ڕۆژئاوایی خۆی ناساند لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا هەم وەک فۆرم هەم وەک بابەت، لە سەرەتادا وەک وێنە و بینین، خەڵکی ئەم ناوچەیە بەری کەوتن، واتە ئەم هونەرە کە لە هونەری ڕۆژئاوادا خۆی دەبینیەوە لە ڕێگەی داگیرکەری ئیستعماری بەریتانییەوە هاتە ناوەوە کە پەیوەندی هەبوو بە کەسە (ئەرستۆکراتی و دەسەڵاتی مەلەکی و مەندوبی سامی بەریتانی و خێزانەکانیان و سەربازەکانیانەوە) هاتە ناو وڵاتی عێراقەوە کە لەژێر (ئینتدابی بەریتانیدا) خۆی دەبینیەوە.

لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی **عوسمانی** و دروست بوونی وڵاتی عێراق مێژووی هونەری شیوەکاری دروست دەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی سست و لەسەر خۆ هەنگاوی ناوە.

لە ساڵی ١٩٣٦ پەیمانگای مۆسیقای وەتەنی دروستکراوە، لە ساڵی ١٩٣٩ بەشی وێنەکێشان و بەشی پەیکەرسازی تیاکرایەوە، لە ساڵی ١٩٤٠ ناوەکەی گۆڕدرا بە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و عێراق پەیوەندی کولتووری و هونەری دروست دەکاتەوە بە دونیای دەرەوەی خۆی، بە تایبەتی ئەوروپای ڕۆژئاوا، بە ناردنی هونەرمەندانی عێراقی بۆ خوێندنی هونەر لە فەرەنسا و بەریتایا و ئیتالیا، کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگا و خوێندنی وانەی هونەر لە هەموو بەشەکانی پەروەردەدا.

ئەوەی جێی سەرنجە هونەری شیوەکاری لە نێوان هونەرمەنداندا مایەوە، واتە هونەر لە نیوان خوێندکارەکانی هونەر و مامۆستاکانی هونەر و هونەرمەنداندا مایەوە و ڕێژەکە زۆر کەم بوو بە تایبەتی لە هونەرمەندانی شێوەکاردا و نەچووە ناو کۆمەڵگەوە یان توانای ئەوەی نەبوو ببێتە بەشێکی کاریگەر لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، تەنیا لە پایتەختی عێراق لە بەغداد مایەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هونەری شیوەکاری بەو شێوە سنووردارە بمێنێتەوە و نەتوانێت پێشکەوێت لەهەر دوو بوارەکەدا هەم وەک کاری هونەری و هەم وەک تیوری هونەری، لە زۆربەی کاتەکاندا هونەر بە نامۆیی دەبینرا وەک (هونەری هاوردە) کە توانای پێشکەوتن و چوونە ناو هونەری جیهانی نەبێت بە شێوەیەکی لۆکالی ناجێگیر بمێنێتەوە.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم چەق بەستنە نەبوونی (تیۆری هونەری) و (ڕەخنەی هونەری) بوو وەک پیشتر باسم کرد لە ئەنجامی ئەو دابڕانە گەورەیە کە تووشی ئەم ناوچەیە بوو بە هۆی (دەسەڵاتی ئیسلام)ەوە. هونەری شیوەکاری کە گەڕایەوە بە شیوازی (کاری هونەری) هاتەوە ناو کۆمەڵگەی عێراقی موسڵمان کە کوردیش بەشێک بوو لەو پێکهاتەیە، واتە مومارەسەکردنی هونەر وەک کردار ئەنجام دەدرا، هونەرمەندان کاری هونەریان بەرهەم دەهێنا و نمایشیان دەکرد، بەبێ نووسراوێک یان مانیفێستێک کە گوزارشت لە کارە هونەرییەکان بکات و لە ڕێگەی ئەم کارە هونەریانەوە ڕەخنە لە کۆمەڵگە بگیرێت یان تیۆری هونەری لەگەڵ بێت تەنیا نمایش بوو و ئەم نمایشانەش زۆر سنووردار بوون.

مێژووی هونەری جیهانی لە خوێندنگاکاندا بە شێوەیەکی ڕۆتینی دەخوێندرا وەک (زانیاری گشتی) نەک وەک پسپۆڕی و زانستی هونەری و تیۆری هونەری.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەری شیوەکاری عێراقدا، تیۆری هونەری پشتگوێ خرا و گرنگیان پێنەدا، لەگەڵ دروست بوونی چەندین

هونەرمەندی عێراقی و بەرهەمهێنانی کاری هونەری لۆکاڵی تیۆرە هونەری و ڕەخنەی هونەری بۆ کاری هونەرمەندانی عێراقی دروست نەبوو، کە دەکرا بە شێوەیەکی تەریب بە یەک لەگەڵ کارە هونەرییەکاندا خوێندنەوە بۆ چالاکی و کارە هونەرییەکان بکرایە، هونەری شێوەکاری لەو کاتەدا تەنها لە کاتی پێشانگا و نمایشی هونەرییەکاندا بوونی هەبوو.

هونەر کە هاتە ئەم ناوچەیەوە بە شیوەیەکی فرمی نەبوو واتە سەرەتا لە ڕیگەی لەشکری ئینگلیزەکانەوە هاتە ناوەوە، هیچ دامودەزگای کولتووری تایبەت بە هونەری شێوەکاری بوونی نەبوو، ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو کە لە دوای چەندین ساڵ لە ئەزموونی هونەرمەندانی ئەم ناوچەیە نەتوانرا کارەکان کۆبکرێتەوە بە واتایەکی تر عەقڵەیەتی ئەرشیف کردنی کاری هونەری بوونی نەبوو، ئەم هۆکارە زۆر زیان بەخش بوو نەک تەنیا بۆ ئەو ڕۆژگارە بگرە بۆ دواڕۆژیش بوو بە کێشەیەکی گەورە لە مێژووی هونەری شێوەکاری عێراقیدا.

لە سەرەتاکانی ساڵی پەنجادا نمایشی شێوەکاری لە زۆربووندا بوو ئەم چالاکیانە لە ساڵی ١٩٥٦ بووە هۆی دامەزراندنی **سەندیکای هونەرمەندانی عێراقی**، بەڵام هیچ تیۆری ڕەخنەی بەرهەم نەهێنا لەسەر ئاستی هونەری شێوەکاری عێراقی.

دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین، یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ڕەخنەی هونەری بوونی (ئەرشیف و دیکۆمێنت) کردنی کاری هونەرییە، بۆ نموونە کردنەوەی مۆزەخانە و دەزگای هونەری حکومی و ناحکومی بۆ پاراستنی مێژووی هونەری شێوەکاری! کە بە باوەڕی من ئێستاش ئێمە لە هەمان کێشەداین لە دوای ئەو هەموو ساڵە لە مێژووی هونەری شێوەکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەزگایەک نییە کاری ئەرشیف و دیکۆمێنت کردنی هونەری شێوەکاری بکات، ئەم عەقڵیەتە لە سەردەمی مەلیکی بوونی نەبوو، کە توانای ئەرشیف کردن و دیکۆمێنت کردنی کارە هونەرییەکانی هەبێ.

لە دوای ڕووخاندنی حوکمی **مەلیکی** لە عێراق بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٨ وەزارەتی ڕۆشنبیری بە ناوی (وەزارەتی الارشاد) دروست کرا. سەرهەڵدانی فیکری نەتەوەیی و بە تایبەتی فیکری (نەتەوەیی ئیشتراکی عەرەبی)، کولتوور بە گشتی و بە تایبەتی هونەری شێوەکاری گۆڕانکاری بە سەردا هات و بە موئەسەساتی کرا لە عێراقی تازەدا.

فیکری نەتەوەیی عەرەبی، هونەری وەک ناسنامە هەڵگرتەوە واتە: ویستی لە ڕێگەی هونەر و کولتوورەوە فیکری نەتەوەی بلاو بکاتەوە لەسەر هەردوو ئاستەکە وەک کاری هونەری و تیۆری هونەری، بەڵام لە کۆتاییدا بوو بە فیکرێکی فاشیستی دیکتاتۆری کە لە خزمەت مانەوەی (سەرۆک)دا مایەوە و پێشنەکەوت، بەڵێ کاری جیددی و باشی کرد لە دروست کرنی مۆزەخانە و گەلەری و شوێنی تایبەت بە هونەری شێوەکاری، بەڵام ڕەوشە سیاسییەکە هاندەر نەبوو لەگەل بوونی شەڕوشۆری زۆر لە نێوان ساڵانی ١٩٦١ تا ٢٠٠٣ کەوتنی ڕژێمی بەعسی فاشی.

ئەمە وایکرد هونەر بکەوێتە ژێر کاریگەری حیزبێکەوە لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان بۆ سەرەتای ساڵی نەوەتەکان لە خزمەتی حیزب و سەرۆکدا بێت.

بەم شێوەیە ڕەخنەی هونەری بووبوو بە ئامرازێکی ستایش کردن و وەسف کردن و پیاهەڵدانی دەسەڵاتی ئەو کاتە و ڕەخنەی هونەری وەک دژایەتی بەکار دەهێنرا بەرامبەر بە نەیارانی دەسەڵات، دەتوانم بڵێم لەو ٣٠ سی ساڵەی کە (حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) حکومی کرد زۆرترین جوڵانەوەی هونەری و چالاکی هونەری بەڕیوە چوو، هەروەها دروست کردنی دامودەزگای هونەری حکومی و ناحکومی کە هەردووکیان حیزب چاودێری دەکرد و سەرپەرشتی دەکرد لەسەر ئاستی هونەری ناوخۆ و لەسەر ئاستی هونەری دەوڵەتانی عەرەبی و هونەرمەندانی عەرەبی و عێراقی.

(حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی) هەر زوو هەستی بە گرنگی هونەر و کولتوور کرد لە ناو کۆمەڵگەدا بە تایبەتی کاریگەری لەسەر منداڵان و مێردمنداڵ و گەنج و هەموو چینەکانی کۆمەڵگە، هونەر و کولتوور بە شـــیوەیەکی بەرچاو پیشـــکەوتنی بە خۆیەوە دی بە کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگاکان و چالاکی قوتابخانەکان کردنەوەی دەورەی هاوینە و هەروەها دروســـت کردنی چەندین مۆنۆمێنتی گەورە و مۆزەخانە و گەلەری و دانانی پەیکەر لە شـــوێنە گشـــتییەکاندا و پەیکەر و وێنەی گەورەی ســـەرۆکی فەرماندە و وێنەی دیواربەندی (جیداری) جەنگەکانی ئەو سەردەمە و سەرکەوتنەکانی (سەرۆکی فەرماندە) و (وێنەی شەخسی) سەرۆک و سازدانی سەدان پیشانگای حیزب و سەدان نمایشی هونەری بۆ بۆنەی نەتەوەیی و حیزبیەکان و خۆشەویستی (سەرۆکی فەرماندە) و زیندووکردنەوەی مێژووی میزۆپۆتامیا لە ڕوانگەی فیکری نەتەوەیەوە و درێژەدان بەو مێژووە وەک لەســـەر دەســـتی (ســـەرۆکی فەرماندە وەک ڕابەرێکی گرنگی مێژووی لە ناوچەکە و جیهاندا).

دەبێت لێرەدا یەک تێبینی باس بکەم ئەویش ئەوەیە بە ڕووخانی حوکمی مەلەکی و (ئینتیدابی بەریتانی وەک ئیســـتعمار) ئەو هاوســـۆزی و هەماهەنگییە نەما لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، سیستمەکە گۆڕدرا بۆ حوکمی (ئیشـــتراکی) واتە: ســـیســـتمی دیکتاتۆری ئیشـــتراکی کە لە شیوازی حوکمی (**ستالین**)یدا خۆی دەبینیەوە کە دەبێت هونەر لە خزمەت حیزب و دەسەڵاتدا بێت، تەنیا کاری جوانکردنی ڕوخساری دەسەڵات و پەرستنی سەرۆک بێت، هەروەها ببێت بە براگەورە (**پۆلیسی هونەر**) کە چاودێری ڕەوشـــی هونەری بە وردی بکات. لێرەوە ڕەخنەی هونەری بە ئاراستەیەکی تر هەنگاو دەنێت ئەویش دەچێتە ناو ستایش و دەستخۆشی و بە بەرز زانینی ئەو فیکرەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگە بگەوجێنێت، بۆ درێژەدانی دەسەڵاتی خۆی.

ئەمەش لە ساڵانی هەشتاکاندا بە جوانی دەبینرا، هەروەها لەگەڵ دروست بوونی (سانسۆر و پۆلیسی هونەری) لەسەر هونەر و کایەی هونەری بە گشتی لە کۆتایی ساڵی حەفتاکاندا هونەرمەندانی ئەم ناوچەیە دوچاری ڕاکردن و ئاوارە بوون بوونەوە لەسەر ئاستی هەموو عێراق و بە تایبەتی هەرێمی کوردستان لە تاو سەرکوت کردن نەبوونی ئازادی ڕادەربرین لەلایەن حیزب و دامودەزگا هونەرییەکانی وڵات و زۆربەیان ڕوویان کردە ئەورووپا بە تایبەتی ئەورووپای ڕۆژئاوا.

لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، هەم لە عێراق و هەم لە کوردستان هونەر بە گشتی گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا هات، لێرەوە هونەر و ڕەخنەی هونەری و تیۆری هونەری بابەتەکانی دەگۆڕدرێن و بەرەو (هونەری جەنگ)، ڕووبەڕوو بوونەوەی فیکری قەومی عەرەبی لەگەڵ ئێراندا کە لەو کاتەدا هەموو هونەرەکان لە خزمەت ئەو جەنگەدا بوون.

***

ئێمەی کورد وەک میللەتێکی خاوەن زمان و کولتوور لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی **عوسمانی** لە ژێر هێزی چەک و چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتیدا بەش بەش کراین بەشی باشوور خرایە سەر وڵاتی عێراق لەژێر سایەی (ئینتیدابی بەریتانیدا) و دروست بوونی حوکمی مەلەکیدا بەڕێوە دەبرا.

ئەوەی کە لە سەرەوە باسکرا بەشێکە لە مێژووی هونەر و تیۆری هونەری ئێمە و کاریگەری زۆری لە سەر هونەر و کولتووری ئێمە هەبووە و هەیە و، بە تایبەتی هونەری شێوەکاری، بەڵام بە حوکمی ئەو کێشانە کە لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقییەوە دروست بوون و کێشەی نێوان کوردستان و حکومەتی عێراقی لە بەغداد و بەرهەڵستی خەڵکی کوردستان لەگەڵ (ئینتیدابی بەریتانی) بووە هۆی پشتگوێ خستنی لەلایەن هەم بەریتانییەکان و هەم حکومەتی عێراقی لەسەر هەموو ئاستەکان، بەدڵنیاییشەوە بەشی هونەر و کولتووریش تووشی ئیهمالی

گەورە بووە، واتە ئینتیدابی بەریتانی و حکومەتی مەلەکی لە بەغداد بە مەبەستی سیاسی ناوچە کوردییەکانیان لە هەموو ڕووییەکەوە، ڕامیاری و ئابووی و کۆمەڵایەتی و کولتووری پشتگوێ و ئیهمال کرد، ئەمەش وایکرد کۆمەڵگەی کوردی لەژێر سایەی وڵاتی عێراقدا دووچاری کیشەی گەورە ببێتەوە لەسەر ئاستی سیاسی کە تاکە میللەت بوو لە ناوچەکە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و پارچە پارچە کردنی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو بە دەوڵەت و، ئەم ململانێیە وایکرد کە ئەوەندەی تر لە ڕووی کولتووری و هونەرییەوە دوابکەوێت.

لەگەڵ ڕووخانی حوکمی **مەلیکی** لە کۆتاییەکانی ساڵانی پەنجاکاندا و گۆڕینی حوکمی عێراق بە **کۆماری** و دروست بوونی فەزای دیموکراتی و بنیاتنانەوەی عێراق لە هەموو بوارەکاندا، بە تایبەتی هونەر و کولتوور کە پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆیەوە بینی لەسەر ئاستی هەموو عێراق و شاری بەغداد بە تایبەتی، لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ ١٩٥٩ یەکەم ئەکادیمی هونەرە جوانەکان لە بەغداد دروست کرا.

لە سەرەتای ساڵانی شەستەوە چەند خوێندکارێک چوون بۆ شاری بەغداد بۆ خوێندنی هونەر لە ئەکادیمی هونەرە جوانەکان و پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لێرەوە سەرەتای دروست بوونی جووڵەی هونەری شێوەکاری لە کوردستان دروست بوو و، زۆربەیان کە ئەکادیمی هونەرە جوانەکان تەواو کردبوو، گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان و بوون بە مامۆستای (هونەر) لە قوتابخەنەکان و ئەوەی خوێندبوویان بە خوێندکارەکانیان وتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لێرە و لەوێ بە شیوەیەکی سنووردار و کەم لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک نمایشی هونەری کرانەوە.

لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین ئەم جووڵە هونەرییە زیاتر بەرهەمهێنانی کاری هونەری بوو واتە: تەنها خۆی دەبینییەوە لە کاری هونەری و نمایشکردنی

کارە هونەرییەکان، بە بێ ڕەخنەی هونەری یان تیۆری هونەری، سەرەتا هەوڵەکان کەم بوون هەم وەک کاری هونەری یان وەک نمایشی هونەری شێوەکاری، ئەوەی لەو سەردەمەدا لە پێشکەوتن و پەرەپێداندا بوو (ئەدەب) بوو، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە لە ڕێگەی زمانی ئەدەبییەوە گوزارشت لە هونەری شێوەکاری بکرێ کە ئەم نەریتە تا ئێستا ماوە و پەیڕەو دەکرێت لەلایەن هەندێک لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانەوە.

لەگەڵ دروست بوونی خەباتی چەکداری و گەورە بوونی ئاڵۆزییەکان لە نێوان کوردستان و حکومەتی عێراقیدا و بەرهەڵستی کردنی فیکری نەتەوەی عەرەبی لە عێراق و دروست بوونی دیکتاتۆریەت و جینۆسایدکردنی میللەتی کورد، هونەر چووە قۆناغێکی ترەوە ئەویش داکۆکی کردن بوو لە (ئەدەنتییەتی کوردی) هەویەی کوردی کە لە ڕێگەی هونەرەوە شەری مان نەمانی کولتووری خۆی دەکرد.

لە دوای شکستی شۆڕشی کورد لە ناوەڕاستەکانی ساڵانی حەفتادا هونەر بە گشتی بەرەو (**هونەری بەرگری**) چوو، کە لێرەدا ئەدەب و بە تایبەتی (**ئەدەبی بەرگری**) پشکی شێری بەرکەوت، هەر لە دەقی ئەدەبی و شیعر و چیرۆکەوە تا کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ناو ڕۆشنبیران گەڕانەوە بۆ ناو خودی تاکی کوردی لە ڕێگەی ئەدەبەوە. بە هەمان شێوە هونەری شێوەکاری چووە ناو ئەو جەنگەوە هەموو تواناکانی خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هونەرێکی **بەرگری** بەرهەم بهێنێت کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەکەی بێت و جیاواز دەرکەوێت لە هونەر و کولتووری دراوسێکانی و بە تایبەتی کولتووری نەتەوەیی عەرەبی ئیسلامی بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کورد خاوەن کولتوور و فەرهەنگی خۆیەتی.

بە باوەڕی من ئەم ڕەوت و بزاوتەی کە لە دوای شکستی شۆرشی کوردی ڕووی دا زۆر زەرەری بە هونەری شێوەکاری دا، کە وای کرد هونەری شێوەکاری لە قۆناخێکدا بوەستێ و لە جووڵە بکەوێت، ئەوەی کە ڕووی دا لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هونەری

شێوەکاری ئەو هونەرەی بەرهەم دەهێنا کە لە ساڵانی شەستەکاندا پەیڕەو دەکرا و لە پەیمانگا و ئەکادیمییەکانی شـــاری بەغداد فێری بووبوون و دەخوێندرا، ئەم هونەرمەندانە زۆربەیان لە دوای گەڕانەویان لە ئەوروپا بووبوون بە مامۆســـتا لە زانکۆ و پەیمانگاکان لە بەغداد، ئەوەی دەبینرا وەک ڕەوت هەمـــان ڕەوتی هونەری بوو، بەڵام بە فۆرم و فیگەری کەســـایەتی کوردە و بەکارهێنانی جلی کوردی و ئەو کەرەســـتانەی کە کورد لە ژیانی ڕۆژانەدا بە کاری دەهێنا لەگەڵ سـروشـتی کوردسـتان بە گشتی جیایی دەکردەوە لەوانی تر.

**هۆکاری ئەم چەق بەستنە دەگەڕێنمەوە بۆ دوو هۆکار:**

**یەکەم:** نەبوونی تیۆری هونەری هەم وەک مێژوو، هەم وەک خوێندنەوەی کـارە هونەرییەکـان کە لەو ســـەردەمەدا بەرهەم دەهێنران، هەروەهـا دۆزینـەوەی ئەو جیـاوازییە کە هەبوو لەنێو هونـەرمەنـدی کورد و هونەرمەندی عێراقی بە گشـتی کە دەبوو چەندین شـیکاری و نووسـین و دیبەیتی لەسەر بکرایە.

**دووهەم:** بوونی ئەوە ســانسـۆرە گەورەیە کە حیزبی بەعس خسـتبوویە سـەر هەموو ڕۆشـنبیران و هونەرمەندانی عێراق و بە تایبەتی بۆ سـەر ڕۆشـــنبیران و هونەرمەندانی کورد، کە ئەم دژایەتی کردنە لە هەندێ حاڵەتدا دەبووە هۆی گرتن و کوشتنی هونەرمەند، بە تایبەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران و، ساڵانەش فشار و سانسۆر زیاتر دەبوو.

لەو قۆناغەدا هونەر زۆرتر بارگاوی بوو بە ئایدۆلۆژیا و ســیاســەتەوە ئەوەنـدەی تر (**هونـەری بەرگری**) چووە نـاو خەڵکەوە بینەری هونەری شـــێوەکاری زۆرتر بوو، هۆڵەکـان قەڵەبـاڵخ تر دەبوون، تـا بە تەواوی هونەر و کولتوور بارگاوی بوون بە سیاسەتەوە.

بەڵام بووە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لەژێر فشاری ئەو سیستمە دیکتاتۆریەتەدا ڕووەو ئاوارەیی هەڵبێن و وڵات بەجێ بهێڵن بە تایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کە لە بەغداد لە ئەکادیمی و پەیمانگا هونەریان خوێندبوو، ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونی هونەر و کولتوور کە بە شێوەیەکی لۆکاڵی داخراو هەژار مایەوە، هەم لە ڕووی کارە هونەرییەکانەوە و هەم لە ڕووی تیۆریەوە کە دەتوانم بڵێم لە قۆناغی ساڵانی هەشتاکاندا ئەدەب بە تەواوی دەستی گرتبوو بە سەر تیۆری هونەری شێوەکاریدا، لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵەکان زۆر کەم بوو لە بواری تیۆری هونەری و ڕەخنەی هونەری بەڵام شێوەیەکی ئەدەبی ڕەمزی کە لە خزمەت بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری ڕژێمدا خۆی دەبینیەوە و، هونەری شێوەکاری لە ڕێگەی پیناسەی ئەدەبییەوە دەناسرا بە خەڵک و بینەر.

ئەبوونی سەرچاوەی هونەری شێوەکاری بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ نموونە (کوراسی هونەری) و (کتێبی هونەری وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی) ئەوەی کە هەبوو هەندێ لە پەرتوکی هونەری شێوەکاری بوو بە زمانی عەرەبی کە هەمووی هی ساڵانی شەستەکان بوو وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی عەرەبی کە وەک قۆناغی هونەری شێوەکاری جیهانی نووسرابوو.

ئەم دابڕانە لەگەڵ جیهاندا بووە هۆی ئەوەی کە هونەری شێوەکاری لە کوردستان لە شوێنی خۆی بووەستێ و تووشی (جووینەوە) بێت ئەم ڕەوشە تەنها ئێرەی نەگرتەوە بەڵکوو لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا هەموو عێراقیشی گرتبووەوە بە هۆی ئەو حوکمە (دیکتاتۆریەی) کە گشت عێراقی بەڕێوە دەبرد، بەڵام بۆ کوردستان دوو بەرانبەر بوو، لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێم لە کاتێک لە کاتەکانی شۆڕشی کوردی بە تایبەتی لە شارە کوردییەکاندا دابڕانێکی ترسناک ڕوویدا بوو ئەویش ئەوە بوو کە هونەرمەندی کورد نابێت کۆنتاکت و هەماهەنگی بکات لەگەڵ دەزگا حکومییەکانی عێراق و بە هیچ شێوەیەک کار و چالاکی هونەری لەگەڵ

بەغداد نەدەکرا. لەگەڵ ئەوەی کە هەندێ لە هونەرمەندان بە توانای خۆیان ئەم دابڕانەیان دەپچڕاند و لەسەر ئاستی شەخسی کۆنتاکتیان دروست دەکرد بەڵام لەژێر ناوی تردا ئەم هەماهەنگییە دەکرا، چوونکە زۆر ئاسان بوو تومەتی (خیانەتکار و بەعسی بوون) بدرێتە پاڵ هەر کەسێک یان هەر هونەرمەندێک کە کاری لە دەزگا حکومییەکاندا دەکرد و چالاکی هونەریان ئەنجام دەدا.
لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مێژووی هونەری شێوەکاری لە سەردەمی پێش نەوەتەکاندا بە تایبەتی لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعسدا زۆر ئاڵۆز بوو، دەتوانم بڵێم (**هونەری بەرگری**) چەند هەڵوێست بوو بۆ دژی فاشیست و دیکتاتۆری، ئەوەندەش زیان بەخش بوو بۆ هونەر خۆی، چونکە خوێندنەوەمان نەبوو بۆ ئەم هونەرە کە لە شەستەکانەوە خەڵکی ئەم هەرێمە پێ ئاشنابوون.

نەبوونی ڕەخنەی هونەری شێوەکاری و لە هەمان کاتدا نەبوونی ئەرشیفێک بۆ ئەو مێژووە هونەرییە کە لەم ٣٠ سی ساڵەدا، واتە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان، وایکردووە کە ئێمە تا ئێستا باجی ئەو هەڵانە بدەین کە پێش خۆمان کراون و ئەوەی کە جێی سەرنجی منە، ئێمە تا ئەم کاتەی کە ئەم نووسینە دەنووسم بە هەمان هەڵەدا دەڕۆین وەک بەڕیوەبردنی سیاسەتی کولتووری ئەم هەرێمە.

لەدوای شەڕی کەنداوی دووهەم، عێراق دەبێت بە دوو بەشەوە و بەشی کوردییەکە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا ڕادەپەڕێت و بە پاڵپشتی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا، دەسەڵاتی خۆجێیی خۆی پێکدەهێنێت و، هەرێمی کوردستان/ عێراق دروست دەبێت وەک کیانێکی سەربەخۆ، لێرەوە مێژوویەکی تر دروست دەبێت، ئەم ناوچەیە لەڕووی کولتووری و هونەری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەوە کرانەوەیەکی خیرا بە خۆیەوە دەبینێت.

هونەر بە گشتی و شێوەکاری بە تایبەتی بەر ئازادییەکی زۆر کەوت، کە بە بڕوای من ئەمە یەکەم بەرکەوتە کە هونەرمەنـدی کورد بەر ئەو ئـازادییە بکەوێـت لە مێژووی هونەر و کولتووردا، ئەمە وای کرد کە هونەر ڕزگاری بێت لە قۆزاخەی (**هونەری بەرگری**) و هونەری لۆکاڵی سـونەتی و بتوانێت سـەربەخۆ بێت و خۆی ڕزگاربکات لەو هەموو بارگاویی بوونەی کە لە پێش ڕاپەڕین تووشی بووبوو، یەکەم هەنگاو ئەو کرانەوەیە بوو کە ڕوویدا بە سەر هونەری ڕۆژئاوادا. دەبێت ئەوەش بڵێم لەم قۆنـاغەدا جیهـان بەرەو گۆڕانکـاری گەورە دەچوو ئەویش نەمـانی (بلۆکی ڕۆژهەڵات کە بە بلۆکی کۆمۆنیست) ناسرابوو.

ئەمە وایکرد کە هونەر لەم نـاوچەیە بەرەو کرانەوە بۆ ئەودیو سـنوور بڕوات ئەویش دوو هۆکاری لە پشت بوو.

**یەکەم:** هاتنی ڕێکخراوە مرۆییەکان و جورناڵیسـەکان کە زۆربەیان لە ئەوروپای ڕۆژئاواوە هاتبوون ئەم ڕێکخراوانە کاری خێرخوازیان ئەنجام دەدا لەناو هەموو هەرێمی کوردستاندا کە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی بیانی بێتە ناو کۆمەڵگەکەمانەوە کە پێشـتر نەمانبینی بوو یان مامەڵەمان لەگەڵ نەکردبوو.

**دووهەم:** گەڕانەوەی ئەو هونەرمەند و ڕۆشنبیرانەی کە لە ساڵانی حەفتا و هەشـتـاکـانـدا ڕوویـان کردبووە ئەوروپـا و تێکەڵ بوونـەوەیـان لەگەڵ هونەرمەنـدانی نـاو هەرێم و هێنـانی چەنـدین کتێب و کـاسـێتی ڤیدیۆیی سـەبارەت بە هونەر، ئەمە سـەرەتای گۆڕانکارییەکان بوو لە هونەر بە گشتی و هونەری شێوەکاری بە تایبەتی. ئەم کرانەوەیە دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ هونەری شـێوەکـاری کە بتوانێـت ئیتر خۆی بێـت واتە: هونەر گوزارشت لە تاک بکات و لە تاکەوە بڕوات بۆ کۆ و، ئازادانە گوزارشت لە خۆی بکات لە ناو کۆمەڵگەدا، لێرەوە هونەری شـێوەکاری بابەتەکانی گۆڕدرا و، هەروەها فۆرمەکان و شـێوازەکانی لە گۆڕانێکی بەردەوامدا خۆی بینیەوە. هونەر لە سـەرەتـای ڕاپەریدا بریتی بوو لە کـارکردن و

بەرهەمهێنانی کاری هونەری و نمایشـــکردنی هونەری کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم چـالاکیـانە لە زیـادبوونـدا بوون، بە هەمـان شـــێوەش ژمـارەی هونەرمەندان بە شـــێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد و بەردەوام خوێندکاری هونەر لە زیادبووندا بوو.

بەڵام دووبارە بە هەمان شێوە کەوتینەوە هەمان هەڵە، ئەوەندەی گرنگیمان بە کـاری هونەری دەدا، ئەوەندە گرنگیمـان بە تیۆری هونەر و ڕەخنەی هونەری نەدەدا و، بە هەمان ڕیتم بە زمانی ئەدەب و بە شـێوازی ئەدەبی سـۆزداری (ڕۆمانسـی) لەسـەر هونەری شـێوەکاری دەنووسـرا و، تێکەڵاوکردنی شـیعر و تابلۆ لە زۆربەی نمایشـەکاندا دەبینرا، وەک فۆرم و شـــێوە و مەتریاڵ گۆڕانکاری بەســـەردا هاتبوو، بەڵام وەک ڕەخنە و تیۆری هونەری هیچ گۆڕانکاری بەســـەردا نەهاتبوو، بگرە لە زۆربەی نمایشـەکاندا هونەری شێوەکاری وەک (پاشـکۆ) دەبینرا، کە ئەمە وایکرد هونەری شـــێوەکاری لە هەردوو شـــێوەکەدا لاواز دەرکەوێت و ببێتە پاشکۆی ئەدەب.

لە زۆربەی کاتەکاندا نووسـەران یان ڕۆماننووس و شـاعیرەکان لەسـەر چالاکی هونەرییەکانی شـێوەکاری دەیاننووسـی، نووسـەر لە دیدێکی ئەدەبییەوە دێت قسە لەسەر هونەری شێوەکاری دەکات کە ئەو بۆچوونەت بۆ دروسـت دەبێت کە (هونەری شـێوەکاری زمانی خۆی نییە) و توانای دەربڕینی نییە و (زاراوە و دەسـتەواژەی تایبەت) بە خۆی نییە تا بتوانێت گوزارشـت لەو فۆرمە بکات کە دەبینرێت. ئەم دیاردەیە ئێسـتاش بوونی هەیە و بە ڕەخنەی هونەری شـێوەکاری ناسـراوە، کە ئەمە دوورە لە ڕاسـتییەوە ئەم جۆرە لە نووسـین هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەخنە و تیۆری هونەری شێوەکارییەوە نییە.

لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەتەکاندا و بە تایبەتی لە ساڵانی شەڕی براکوژی، شـــەپۆلێکی گەورەی ترســـناک لە (کۆچ کردن) و ڕاکردن لەم هەرێمە ڕووەو تـاراوگە دەســـتی پێکرد، کە ڕێژەیەکی زۆری هونەرمەنـد و

ڕۆشـــنبیری ئەم هەرێمە بوون و، زۆرینەشـــیان لە ســـەرەتای تەمەنی هونەریاندا بوون، قەیرانێکی گەورەی کولتووری و هونەری تووشـی ئەم هەرێمە بوو هەم لەسەر ئاستی براکوژی، ئارامی و ڕامیاری و ئابووری هەم لە سەر ئاستی پسپۆڕی واتە: ئەو کەسانەی کە پسپۆڕبوون و خەڵکی تەکنۆکرات بوون کە کۆچیـان دەکرد بۆ دەرەوەی وڵات، ئەم قەیرانە ترسـناکە هەموو سـێکتەرە کانی ناو کۆمەڵگەی وەسـتان، یەکەم شـت کە کەوتە ژێر پرسـیارەوە **ئازادی** و دۆخیی ئابووری خەڵکی ئەم هەرێمە کە پێش هەموو شتێک پرسیاری **نان** لە هەموو شتێکی تر گرنگ تر بوو.

لەگەڵ هەڵکشـانی شـەڕی براکوژی و لەت بوونی هەرێمی کوردسـتان بەسـەر دوو بەشـدا و هونەری شـێوەکاری ئەو گرنگیەی نەما کە پێشـتر هەیبوو و بەهای کەم دەبووەوە کارە هونەرییەکان لە ڕووی کوالیتییەوە ئاستیان نزم دەبووەوە جمووجوڵی هونەری بەرەو کەم بوونەوە دەڕۆیشت.

بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو هونەرمەندانەی کە ڕوویان کردبووە ڕۆژئـاوا زۆربەیان دەســـتیان کردەوە بە هونەر و خوێندنی هونەری لە زۆربەی بوارەکانی هونەری شـــێوەکاریدا بە جۆرێک لە کۆتاییەکانی ســـاڵی نەوەتەکان و هێوربوونەوەی شەڕی براکوژی ئەم خوێندکارانە بە سەردان دەهاتنەوە بۆ هەرێمی کوردســـتان و چالاکی هونەریان دەکرد بە دوو شێوە:- **شێوەی یەکەم،** کارە هونەرییەکە لە ڕۆژئاوا کرا بوو و لە هەرێم نمایش دەکرایەوە .

**شێوەی دووهەم،** کارە هونەرییەکە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرا و لەوێش نمایش دەکرا واتە: بە مەتریاڵی ناوخۆیی کارەکە ئەنجام دەدرا.

ئەم قۆناغە لە هونەری شـێوەکاری لە هەرێمی کوردسـتان بە قۆناغێکی زۆر هەسـتیار دەسـتنیشـان دەکەم، چونکە ئەو کارانەی کە لە کوردسـتان دەکران هەمـان ئەو ڕەوتە هونەریـانە بوو کە لە ڕۆژئـاوا لە زانکۆکـان دەخوێندرا و بەرهەم دەهێنرا، ئەمەش بە هۆی هاتنەوەی ئەو هونەرمەندانە کە لە ڕۆژئاوا دەیانخوێند.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ڕووناکی بخەمە سەر، ئەوەیە ئەم پەیوەندییەی نێوان هونەرمەدانی ناوەوەوە لەگەڵ هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات بووە هۆی دروســـت بوونی کۆمینکەیشـــنێکی تایبەت کە لە دیبەیت و کفتوگۆ و دیالۆگی شـــێوەکاریدا خۆی دەبینیەوە، گفتوگۆکان زۆربەی ڕەخنەیی بوو پرسیاری تازە دروست دەبووم کە ئایا بۆ ئێمە تا ئێستا تیۆری هونەریمان نییە؟ بۆ زمانێکمان نییە تایبەت بە هونەری شـــێوەکاری؟ گەڕان بەدوای سەرچاوەی هونەری و هەڵدانەوەی مێژووە هونەر؟، لێرەوە ئەو عەقڵیەتە دروست بوو کە ئێمە پێویستمان بە ڕەخنەی هونەریی هەیە، پیویستمان بە ئەرشـــیف کردن و دیکۆمێنت کردنی کاری هونەری و چالاکی هونەری هەیە.

بە هەمان شـێوە کاری هونەرمەندی کوردی دەبرایە دەرەوەی وڵات و لە گەلەرییەکاندا نمایش دەکرا و بینەری ڕۆژئاوای قســـەی لەســـەر کاری هونەری هونەرمەندە کوردەکان دەکرد و، ئەم ئـاڵوگۆڕە کولتووریی و هونەرییە لە نێوان هەرێم و ئەوروپادا ئەو تێڕوانینەی دروســـت کرد کە گرنگە ئێمەش بتوانین تیۆری هونەری خۆمـان و ڕەخنەی هونەریمـان هەبێت و، هەروەها بە شـێوەیەکی گشـتی خوێندنەوەی تایبەت بە خۆمان هەبێت لەسەر ئەو هونەرەی کە ئێستا دەگوزەرێت لەسەر ئاستی لۆکاڵی و جیهانیدا.

ئەم هەســـتکردن بە گرنگی ڕەخنەی هونەری و تیۆری هونەری وایکرد کە لەوە تێبگەین بە بێ ئەرشـــیفی هونەری و دیکۆمێنـت کردنی کـارە هونەرییەکان و نەبوونی مۆزەی تایبەت بە هونەری شـــێوەکاری ناتوانین شیکاریمان هەبێت لەسەر مێژووی هونەر لەم ناوچەیە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە لە کـاتی نووســـینی ڕەخنەی هونەری بە تـایبەتی هونەری شێوەکاری پیویستمان بە کارە هونەرییەکە هەیە واتە: بەبێ کارە هونەرییەکە نـاتوانین ڕەخنەی بکەین و، نـاتوانین تیۆری هونەری شـێوەکاری و مێژووی هونەری شـێوەکاری بنووسـینەوە ، لەبەر ئەوەی

هونەری شـــێوەکاری لە بنەڕەتدا (وێنەیە، بینینە، فۆرمە، پانتایە، ڕەنگە، مەلمەســـە، قەبارەیە) و، کاری هونەری شـــێوەکاری ناگێڕدرێتەوە وەک چیرۆک واتە: نە وەسف دەکرێت و نە دەگێڕدرێتەوە.

بە باوەڕی من لەم قوناغەدا کە لە کۆتایی ســـاڵی نەوەتەکان تا ســـەرەتای ســـاڵانی دووهەزار هونەری شـــێوەکاری بە شـــێوەیەکی زۆر ڕادیکاڵانە گۆڕدرا و گرنگی زۆر درا بە تیۆری هونەری شـــێوەکاری، کرانەوەی ســـەفەر و وەرگرتنی (ڤیزە) بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەندەی تر کاریگەری هەبوو لەســـەر هونەری شـــێوەکاری و هونەرمەندان کە بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ بەر کاری (ئۆرجیناڵ) دەکەوتن و چەندین مۆزە و گەلەری جیهانیان دەبینی.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی و هاتنی (ئەمریکا) وەک داگیرکەر بۆ عێراق و بـاش بوونی بـاری ئـابووری خەڵـک، بە تـایبەتی هەرێمی کوردسـتان و دروسـت بوونی ئارامیەکی (کاتی) لە هەرێمی کوردسـتان، هونەر بە گشـتی و شـێوەکاری بە تایبەتی کرانەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، لەبەر بوونی پارەیەکی زۆر و تەرخان کردنی بودجەی تایبەت بۆ کولتوور و هونەر، چالاکی هونەری زۆر بوونی بە خۆیەوە بینی، چاپ کردنی کوراســـی هونەری و وەرگێڕانی کتێبی هونەری بۆ ســـەر زمانی کوردی و هێنـانی دەیـان هونەرمەنـدی بیـانی و ڕیکخراوی هونەری ناحکومی بیانی بۆ ناو هەرێم و کردنەوەی سـەدان سـەنتەر و ڕیکخراوی ناحکومی لە شار و شارۆچکەکاندا.

بە باوەڕی من ئەم زۆری و بۆریە لە چالاکی هونەری ئەوەندەی چەندێتی بوو ئەوەنـدە جۆرێتی نەبوو، ڕەوشـــی هونەری و کولتووری چووە دۆخێکی زۆر فەوزا و بێ سـەروبەر، ئیتر هونەر نەتوانێت بەرهەمهێنەر بێـت و داهێنەر بێـت، ئەمەش هۆکـارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ســـیـاســـەتێکی کولتووری پتەو کە توانـای ئەوەی هەبێـت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی خۆی هەڵ بکات.

ئەوەی کە گرنگە لێرەدا باسی بکەم لەناو ئەم فەوزای بەڕێوەبردنە هەوڵی باش و جیددی دەدرا لەناو کایەی هونەریدا، بۆ نموونە پڕۆژەی **(تواناسازی)** ئەم هەنگاوە من بە هەنگاوێکی زۆر باش وەسفی دەکەم کە خوێندکار بۆ بەدەست هێنانی (ماستەر و دکتۆرا) بە تایبەتی لە بواری هونەریدا دەچوو بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات، ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی زۆر باش بوو و یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی ئەو پەیوەندییە لە نێوان هونەری جیهانی لەگەڵ هونەری لۆکاڵیدا، هەروەها بینینی ئەو ڕاستییەی کە هونەر تەنها کاری هونەری نییە بەڵکوو تیۆری هونەرییە. هەروەها پەروەردەی هونەرییە کە لە ئەنجامدا ڕەخنەی هونەری دروست دەبێت و پرسیاری نوێ و بیری نوێ بەرهەم دەهێنرێت لەناو کایەی هونەریدا ئەم دوو جەمسەرە **(پراکسیس و تیۆری)** لە هونەری ئێستادا (هونەری هاوچەرخ) زۆر گرنگە.

هەروەها بوونی ئەو هەوڵانەی کە لە دەرەوەی سیستمی (دەسەڵاتی کولتووری هەرێم) ئەنجام دەدران واتە: ئەو هەوڵانەی کە شەخسین یان لە ڕێگەی (گروپێکی بچوکەوە) بە ئەنجام گەیاندراون، ئەم هەوڵانە بەرز دەنرخێنم و پێم وایە توانیوێتی ئەو باڵانسە ڕاگرێت لە نێوان ئەو فەوزایەی کە دەسەڵاتی سیاسی کولتووری دروستی کردبوو و ئەو کارە جیددیانەی ئەم کەس و گروپانە کردوویانە.

بۆ نموونە: سەرەتای دروست بوونی تیۆری هونەری و ڕەخنەی هونەری و وەرگێڕانی کتێبی هونەری بۆ سەر زمانی کوردی و دروست کردنی دیبەیت و هەوڵدان بۆ نووسینەوەی مێژووی هونەری ئەم ناوچەیە و بە ئەرشیفکردن و دیکۆمێنت کردنی هونەری شێوەکاری، ئەمانە زۆربەی خودی هونەرمەندانی شێوەکار لە دەرەوەی سیستمی دەسەڵاتی کولتوورییەکە و دامودەزگاکانی حکومی ئەنجامی دەدەن.

ئەو هەوڵە جدیانە وەک ڕێژە زۆر کەمن، بەڵام دروست بوونی ئەو بەرپرسیارێتییە کە وایکردووە لە هونەرمەندی شێوەکاری لەگەڵ

ئەنجامدانی کاری هونەریدا، خۆی ســـەرقاڵ بکات بە تیۆر و ڕەخنە و نووسینەوەی مێژوو لە هەمان کاتدا بە ئەرشیف کردنی کارە هونەرییەکان لە دەرەوەی سیستم و دژ بە سیستم ئەم کارانە ئەنجام بدات.

بەڵام ئەوە ئەو ڕاســتییەمان بۆ ئاشــکرا دەکات کە ئێمە لە دۆخێکی زۆر خراپ و هەسـتیاردایین لە غیابی (دەسـەڵاتی کولتووری و دامودەزگاکانی حکومی)داین و کێشــەی بەڕێوبردنمان هەیە و، ئێمە لە دوای ســی ســاڵ نەمانتوانیوە کایەی هونەری بە تایبەتی هونەری شـــێوەکاری و تیۆری و ڕەخنەی هونەری پێش بخەین و بیکەین بە سیستماتیک و بە موئەسەساتی کردنی هونەر و کولتوور لەم هەرێمەدا.

بەڵام بە داخەوە ئەوەی کە دەرکەوت لە ئەنجـامی ئەم ئەزموونە ســـی ســاڵەیەدا کە سـیاسـەتی کولتووری هەرێمی کوردسـتان فەشـەل بهێنێ و نموونەی (بەڕێوەبردنی سـیاسـەتی کولتوری سـەردەمی ڕژێمی پێشـوو) بەکار یهێنێت لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە هەرێمدا.

واتە دەســـەڵاتی کوردی هەمان ســیاســەتی کولتووری ڕژێمی پێشــووی بەغداد پەیڕەو دەکـات، بە دەســـتێوەردانی حیزب لە کـایەی هونەری و کولتووری و بەڕێوەبردنی سـیاسـەتی کولتووری بۆ بەرژەوەندی حیزب، قورخکردنی دامودەزگــای حکومی و نــاحکومی لەلایەن حیزبەوە و دروست کردنی ڕێکخراو گرووپ و سەنتەری هونەری لە ژێر چاودێری حیزدا بووە هۆی پەکخستن و فەشـەل هێنانی کایەی کولتووری بە تایبەتی هونەری شـــێوەکاری، ئەم فەشــــەلە لە هەموو ڕووەکانەوە دەبینرێت بە تایبەتی بەشـــی پەروەردەی هونەری کە لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا خۆیان دەبیننەوە هەروەها لە بەشـــی دامودەزگاکان کە لە وەزارەتی ڕۆشـــنبیری خۆی دەبینێتەوە.

ئەم مۆدێلە لە بەڕێوەبردنی ســـیاســـەتی کولتووری درێژکراوەی هەمان سـیاسـەتی بلۆکی ڕۆژهەڵاتە، کە بە سـیاسـەتی سـتالینی ناو دەبرێت و

هەموو دەسەڵاتە تۆتالیتاریاکانی دونیا پەیڕەوی دەکەن کە هونەر و کولتوور لە خزمەتی دەسەڵاتی سیاسی خۆیدا بێت.

لە کۆتاییدا دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە بدرکێنین کە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگەیەکی دینی و خێڵەکین و تا ئێستا نەمانتوانیوە ڕەخنە بکەین بە بەشێکی لە کولتووری خۆمان کە توانای ئەوەمان هەبێت ڕەخنە بگرین لەو ڕووداوانەی کە لە چواردەورمان ڕوو دەدەن. هەروەها کولتوورەکەمان پشتی بەستووە بە گێڕانەوە لەسەر شێوازی زارەکی، لە دەمەوە بۆ گوێ کە ئەم حاڵەتە پێ دەڵێن لەبەرکردن (دەرخ) لە سەر ئەم بنەمایە ئێمە توانای هەستی بینین لە دەست دەدەین تا بە شێوەیەکی سروشتی بەکاری بهێنین، بۆیە کە کارێکی هونەری دەبینین ئەوەندەی بەدوای چیرۆکی پشت کارە هونەرییەکەوەین ئەوەندە توانای بینینی کارە هونەرییەکەمان نییە وەک فۆرم و شێوە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت بەپێی ئەو مێژووەی کە هونەری شێوەکاری بڕیوێتی تا ئێستا نەمانتوانیوە ڕەخنەی هونەری بنیادبنێین و بیکەین بە بەشێکی سەربەخۆ لەسەر بنەمای زانستی و مێژوویی، کە توانای مامەڵەکردنمان هەبێت لەگەڵ هونەری شێوەکاری بە گشتی، هەروەها هەڵقوڵاوی مێژووی ئەم ناوچەیە بێت و توانای ئەوەی هەبێت پرسیاری جیددی دروست بکات لەسەر کایەی هونەری بە گشتی و کاریگەری هەبێت لەسەر کۆمەڵگە.

# پیاچوونەوە بە پرسیاری ئامادەبوون لە ڕەخنەی شانۆییدا

نووسەر و شانۆکار: نیهاد جامی



هەر کاتێک باس لە ڕەخنەی شانۆیی بکەین، پێویستە لە سەر تەواوی ئاستەکانی ڕەخنە قسە بکەین، ئەوەی لە ئێستادا ئامادەبوونی هەیە ڕەخنەیە یاخود پەیوەندی بە ڕەخنەوە نییە؟ هەمیشە ئەو پرسیارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، بە بڕوای ئێمە ئەوە پرسیارە گرنگەکە نییە، ئەی کەوایە بۆچی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە؟

پرسیارێک بۆ تێگەیشتن بێت لەبارەی زانیاری بەرایی بۆ ڕەخنە، وابەستەی ئەو تێگەیشتنەیە کە نووسین لەبارەی نمایشەوە تاچەند دەبێتە ئامادەبوونی ڕەخنەیی؟ بەدڵنیاییەوە کۆی مێژووی نووسینی ڕەخنەیی ئێمە لە شانۆدا لە هەواڵ و سەرنجەوە دەست پێدەکات، سەرنج گەشە بە خۆی دەدات و دەبێت بە تێگەیشتن بە پێی ئاستی مەعریفەی ڕەخنەگر، ئەوەش ڕەخنەیەک نییە وابەستەی میتۆد بێت، هێندەی بە پێی چێژی خودیی نووسەرەکەی ڕەخنە دەباتە ناو ململانێی "ستایش/ سەرزەنشتکردن" خێرا لەو ململانێیەش خۆی یەکلا دەکاتەوە، ئەو شێوازە بە ناوی ڕەخنە لە سەرەتای سەرهەڵدانی لەناو نمایشە کوردییەکان هاتۆتە بوون، تا ئەمڕۆش وێنەیەکی نەگۆڕی هەیە بۆ ڕەخنەی شانۆیی، بۆیە کاتێک باس لە ڕەخنە دەکرێت قسە لەو سەرنجەیە، لێرەدا ئەو پرسیارەی ناوە ناوە لە میدیاکان و نێوەندە شانۆییەکە سەرهەڵدەدات کە دەپرسێت: ئاخۆ ڕەخنەی شانۆییمان هەیە؟ ئایا ئەوەی هەیە ڕەخنەیە یاخود پەیوەندی بە ڕەخنەوە نییە؟

تا ئەو شوێنەی سەرنج لە شوێنی ڕەخنەدا کار بکات، دەتوانین ناوی بەرین ڕەخنە لە شانۆی ئێمەدا بوونی هەیە، وەک ئەوەی ڕوانینی بینین دەگوازێتەوە، بە پێی چێژی

خودگەراییش قسە لە نمایش دەکات، بەڵام ئەو دەمەی قسەکردنەکە لە میتۆد بێت، ئاخۆ ئەو ڕەخنەیە خاوەنی میتۆدێکە و تیۆر بەشێکە لەناو نووسین؟ ئەو پرسیارە نەک نەفی ڕەخنە دەکاتەوە، بەڵکوو گومان لە کۆی پرۆسەی ڕەخنەیی دەکات لەناو نووسینی کوردیدا، بۆچی؟

لێرەدا بۆ ئەوەی ئەو گومانە بەرینە ناو ڕوانینێکی ڕەخنەییەوە دەبێت قسە لە دوو ئاستی جیاوازی ڕەخنە بکەین، کە ئەوانیش بە دوای سەرنج دێنە بوون، بە واتایەکیتر سەرنج تەنیا زەمینەیەکە بۆ ڕەخنە، بەڵام ڕەخنە نییە هێندەی گواستنەوەی پرۆسەی نووسینە، لە پیرەمێردەوە کە هەواڵی نمایشەکانی بڵاو کردۆتەوە تا دەگات بە ڕەخنەی شانۆیی بۆ سەرەتای هەشتاکان، ئێمە یەک شێوەمان بۆ ڕەخنەی شانۆیی هەیە، ئەوەی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە لەلایان بەشێک لە شانۆکاران دەنووسرێت، هەوڵێکە بۆ ڕزگاربوون لە سەرنج، ئەوەش هەوڵدانە بۆ نزیکبوونەوە لە گوتار، بۆ ئەوەی ئاگایی نووسین بەشداری بکات لە نمایشی شانۆیی، لێرەدا گوتار کار لەسەر ئاشکراکردنی ئەو نەبینراوانە دەکات بۆ بینەر، لە ڕێی خوێندنەوەی سیستمێکی شانۆیی، ئەوەش نزیکبوونەوەی گوتارە لەمیتۆد، تاوەکو پەیوەندییەک لە نێوان نمایش و بینەر درووست بکات، هەرچەندە گوتار تا ئاستێکی دەگمەن لەناو ڕەخنەی ئێمەدا دەرکەوتووە، چەند هەوڵێکن نەیانتوانیوە درێژی بە خۆیان بدەن، کاتێک گوتار توانی ئامادەبوونی لە ڕەخنەدا هەبێت، ئەوسا دەتوانێت بچێتە دۆخێکیترەوە کە دەقی ڕەخنەییە، دیارە ئێمە لە تەواوی مێژووی نووسینی ڕەخنە شتێکمان نییە بە ناوی دەقی ڕەخنەیی، کە وەک دەقی نووسەر و دەقی

نمایش بێت، بۆ ئەوەی ڕەخنە دەقێکی سەربەخۆ بنووسێتەوە، بەشداری لە کۆی پڕۆسەی خوڵقاندنەوەی نووسین و نمایش بکات، شێوەیەک بێت لە دەقئاوێزانێکی نێوان هەردوو دەقی نووسین و نمایش، ئامادەنەبوونی دەقە پەیوەستە بە ئامادەنەبوونی مەعریفە، بە هۆی ئەوەی پێویستی بە تێگەیشتنە لە زانستە مرۆییەکانەوە، بتوانێت سێنتەری دەقی نووسەر و دەقی نمایش هەڵبوەشێنێتەوە، کار لەتەک بونیادەکان بکات، بەر لەوەی بوونە بە سێنتەر، ئەو کارە ڕەخنەگر دەکات بە نووسەری دەقێکی سەربەخۆ، ئەو لە پەراوێزی نمایشی شانۆییەوە نایەتە بوون، ئەو پەراوێزبوونەوە وایکردووە هەمیشە ڕەخنە گرنگی خۆی نەبێت لە نەخشەی شانۆی ئێمەدا، گرنگییەکەی لەناو ستایش و سەرزەنشتکردندایە، ستایش ئەکتەر و دەرهێنەرەکانی دڵخۆش کردووە و ناویان بردووە بە ڕەخنەی ڕاستەقینە و زانستی، سەرزەنشتیش شانۆکارانی دەرەوەی نمایشەکەی ئاسودە کردووە بەوەی ڕەخنەی زانستین، سەرەنجام ململانێکە لەناو نێوەندە شانۆییەکەدا لە سەر زانستی و شێواندن ناوی بردراوە، بەڵام لە بنەرەتدا شتێک لەو نووسینانە بوونی نییە بە ناوی زانستی و شێواندن، چونکە ئەوە زانستی بوون نییە، هێندەی بینینە بە پێی چێژی ڕەخنەگرەکە، وەک چۆن شێواندنیش نییە، چی بشێوێنێت، ئەو هاتووە ئەوانەی بە خواستی چێژی ئەو نین ڕەخنەی ئاراستە کردوون، بۆیە ئەوەی نووسراوە سەرنجی بینین بووە، بە دەگمەن نووسینێک دەبینین کە نزیکبوونەوە بێت لە گوتار و شتێکیشمان نییە بە ناوی دەقی ڕەخنەیی.

# ڕەخنە لە کوێی مۆزیکی کوردیدایە؟

توانا حەمە؛ ئیتنۆمیوزیکۆلۆجیست



گەرچی ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆگرتن، بە بنـاغەی تەواوی کـایە فەرهەنگییەکـانی وەک: (هونەرەجوانەکـان، ئەدەب، کولتوور، ڕامیـاری ..هتد) دادەنرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم:
ئەم چەمک و گوتارە لەنێو کایەی موزیکی باشـووری کوردسـتاندا، لە ئاستی نەبوون یاخود سەرەتاییدایە.
هەرچی ئەو کەسـانەی کە هەندێک جار لەم بوارەدا وتار دەنووسـن، بە هۆکاری نەخوێندەواری کایەی هونەری موزیک و تێنەگەیشتن لە گرنگی ئەم چەمکە، نووسـەرەکە بۆ ماوەی چەند سـاڵێک بە کۆمەڵێک گرفتدا گوزەر دەکـات، کە نەک بـابەتەکەی گفتوگۆیەکی لۆژیکی و ئەکـادیمی دروسـتی لێناکەوێتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆکـاری ناکۆکی تەنانەت پچڕانی پەیوەنـدییە هـاوڕێیەتی و کۆمەڵایەتییەکـان، لە نێوان ڕەخنەگر و ڕەخنە لێگیراوەکەدا.
هەر ئەم هۆکارەیە کە ئاسـتی نوسـین و گفتوگۆی ئەکادیمی لەم بوارەدا نەهـاتۆتە کـایەوە و ڕۆڵی خۆی نەگێڕاوە. گەرچی چەمکی ئەکـادیمی لە بواری موزیکدا زۆر دەبیسـترێت، کە بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی بواری ئەکادیمی، ڕەخنەگرتن و گفتوگۆی ئەکادیمییە، کەچی تەنانەت لە زانکۆ و پەیمـانگـاکـانـدا نەک کـاری بۆ نـاکرێ بەڵکو خوێنـدکـارانی ڕەخنەگر سـەرکوت دەکرێن، کە لە ڕاسـتیدا زانکۆکـان جگە لەوەی دەبێت سـەرچـاوەکی گرنگی دروسـت بوونی مەعریفە، دیبەیتی ئەکـادیمی، هەڵسـەنگاندن و گوتاری ڕەخنەیی بن. لە باسـکردنی بابەتی ڕەخنەدا هەڵسەنگاندنی ئەم بوارە بەر لە هەر کەس و جێییەک پێویستە ڕوو بکەیتە ناوەندە ئەکادیمییەکان چونکە زانکۆکان لەسەر ئەم چەمکە بنیاتنراون.
بۆ هەڵسـەنگاندنی ئاسـتی گوتار و چەمکی ڕەخنە، ئەم نموونە گچکەیە دەخەینە ڕوو:
کـاتێک لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا باسـی دانەرە موزیکییە جیهانییەکان دەکرێت، هەمیشـە ژیانی لاوەکی و نا هونەری دەبنە جێی سـەرنج و گفتوگۆی دەربارە دەکرێت.
بە نموونە: گەر بە هەر موزسیانێکی دەرچووی پەیمانگا و زانکۆکان، کە هەڵگری نازنـاوی ئەکادیمی و زانسـتین، نـاوی (بێتهۆڤن) بهێنە دەزانن چۆن ژیانی کردووە، لە قۆناغێکی تەمەنیدا (نابیستە بووە، هاوسـەرگیری نەکردووە)، بەڵام بڵێی ئەو ڕەخنانەی لە سەردەمی خۆی و دوایی کە لێیی گێراون چی بوون؟

بێگومان یان بێدەنگ یان وەڵامێکی کرچ و کاڵت دەست دەکەوێ. یاخود گەر بڵێی (ڤاگنەر) وەک دیارترین موزیکدانەرانی کۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیک، کە ژیان و بەشێک لە کارەکانی بە زۆرینەی کەسانی ئەم ناوەندانە ئاشنایانە، بەڵام ڕەخنەکان دەربارەی ڤاگنەریزم و کێشەکانی لەگەڵ فەیلەسوف و موزسیانێکی وەک (نیچە) چییە؟ ئایا ئەو چوار پەرتوکە ڕەخنەییە توندە چین، کە نیچە دەربارەی ڤاگنەر نووسیویێتی؟ بە دەگمەن کەسانێکی موزسیان زانیاریان دەربارەی هەیە. جگە لەوە کە کاتێک پەرتوکەکانی نیچە بە ناوی:
کەیسی ڤاگنەر (The Case of Wagner )- لە ساڵی ١٨٨٨دا نیچە نوسیویەتی دەگەیتە کۆتا خاڵی ژێر سفر و بێ ئومێدی، کە بتەوێ تازەکی دەربارەی چەمکی ڕەخنە لە هونەری موزیکی کوردیدا بدوێی. بە نموونە:
)نیچە) لەم کتێبەیدا دەربارەی گەورە موزسیانی ئەڵمانی (ڤاگنەر) دەڵێت:
"ڤاگنەر هونەرمەندی ئاستنزم (#کیچ)، ئەمە ئەوە گوزارشتە تەواوەکەیە. لێرەوە ئیدی گاڵتە و گەپەکان کوتاییان دێت؟ نەخێر. بەڵێ من ناتوانم هەر وەک شایەتێکی بێلایەن لێرەدا بوەستم، لە کاتێکدا دەبینم ئەم ئاستنزمە دێت، کار بۆ وێرانکردنی تەندروستیمان دەکات، لە سەرووی ئەمەشەوە ، کار بۆ وێرانکردنی موزیك دەکات! ئەرێ بە ڕاستی ڤاگنەر لە بنەچەدا مرۆڤە؟
ناکرێت هەر خۆی جۆرێک لە نەخۆشی بێت؟ چونکە کارێکی وا دەکات دەست بۆ هەر شتێک ببات، نەخۆشی دەخات! ڤاگنەر موزیکی دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە کردووە"[١].
لێرەدا ئەم زمانە توندەی نیچە لە ساڵی ١٨٨٨دا، بکەینە یەکێک لە نموونەکانی شێوازی ڕەخنەگرتنی هونەر چی ڕوودەدا؟ بە دڵنیاییەوە زۆر خراپ دەکەوێتەوە.
لێرەدا دەگەیتە دەرئەنجامی ئەوەی ئاستی مەعریفی و خوێندەواری پێوەری سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە گرنگی وتاری ڕەخنەیی، گەر سەرەتا ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری موزسیانی کورد بەرز نەکرێتەوە، ئەم گوتارە لە دوو قۆناغدا دەمێنێتەوە.
یەکەم: پێداهەڵدان و موجامەلەی بەرژەوەندی خوازانەی نێوان ئەو کەسانەی کە بە کاری هونەری موزیکەوە سەرقاڵن.

دووەم: ڕەخنەگرتن و بە هەر شـــێوازێکی (نەرم، توند) لەلایەن ڕەخنە لێگیراوەوە و نەک گفتوگۆ دروست ناکات، بەڵکو کێشـەی کۆمەڵایەتی و پچرانی پەیوەندییەکانی لێدەکەوێتەوە.
دەرئەنجام دەگەینە ئەو خاڵەی کە هێشـتا چەمکی ڕەخنە و گرنگی بواری ڕەخنەی بۆ بەرەپێشـبردنی کایەی موزیکی لەنێوان بوون و سـەرەتایدایە، هەر بۆیە ئاسـتی هونەری و پێگەی هونەری موزیکی کوردی لە ئێسـتادا لە ئـاسـتی خۆدووبـارەکردنەوە و هونەری کۆپی کردنی نەتەوەکـانی دراوسـێدایە، بە ڕادەیەک بە دەگمەن کارێک دەبیسـتی کە لەنێو پێوەرە هونەرییەکاندا جێیی خۆی بکاتەوە.
[1]کەیسـی ڤاگنەر، نیچە، و. لە عەرەبییەوە: ڕێبین رەسـول، هەولێر، ٢٠١٨.